(( بە ئیرادەیەکی پتەو هاتووینەتە بەردەم پەرلەمانی کوردستان، بەرنامەی ئێمە .. هەڵگری نەخشەڕێ و بەرنامەی گشتگیرە بە ستراتیژی تازەوە کە لە داهاتوو دایان دەڕێژین و بە ڕەزامەندی پەرلەمان دەیانخەینە بواری جێبەجێ کردنەوە))

نێچیرڤان بارزانی



# کابینەی حەوتەمی هەرێمی کوردستان
# ئۆمێد و چاوەڕوانی خەڵک


کۆتایی هەفتەی رابردوو پەرلەمانی کوردستان متمانەی بەخشی بە کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەربۆیە ئەم هەفتەیە، هەفتەی یەکەمی دەستبەکاربوونی کابینەی تازەیە، ئەو کابینەیەی کە خەڵکی کوردستان بە جیاوازی بیربۆچوونی سیاسی و نەتەوەو ئایینەوە ئومێدێکی زۆری پێیەتی، چاوەڕێی ئەوەیە لە ئاییندەیەکی نزیکدا هەنگاوە سەرەتاییەکانی ببینێت و لە هەنگاوە سەرەتاییەکانەوە ئەو گەشبینیەی بۆ دروست بێت کە ئاڕاستەی حکومەتداریی لە کوردستان بەرەو چەسپاندنی دیموکراتی و هاوکاری نێوان پەرلەمان و حکومەت و کرانەوەی زیاتر بەرووی رۆژنامەگەری و گوێگرتن لە رەخنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەنگاو هەڵبگرێت.

بەرێز نیچیرڤان بارزانی دوای سوێندخواردنی یاسایی وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هێڵەگشتیەکانی کابینەی تازەی ئاشکرا کردو ئاماژەی بەهەموو ئەو لایەنانە کرد کە حکومەتی تازە بەنیازە هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت، هەروەها جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیەو سەرکەوتنی حکومەتی گرێدایەوە بە یەکڕیزی نێوان لایەنە سیاسیەکان و یەکگرتوویی گوتاریی سیاسییەوەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە یەکڕیزی نێوانمان و یەکگرتوویی گوتاری سیاسی لەسەر مەسەلە نیشتیمانیەکان مەرجی سەرەکی سەرکەوتنمانە. ئەمەشی وەک ئەرکێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان خستەڕوو وتی((وەک حکومەت هەوڵ دەدەین خاڵێکی کۆکەرەوە بین لەنێوان لایەنە سیاسیەکان لە کوردستان، بە لایەنی ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات. وەک حکومەتی گەلی کوردستان ڕەفتار دەکەین))

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەیدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر پێدانی دەسەڵاتی زیاتر بە پارێزگاکانی کوردستان کردەوە بۆ ئەوەی حکومەتێکی سەرتاسەری لەهەرێمی کوردستاندا بچەسپێت و پارێزگاکانی کوردستان کە پێشتر گلەیی و گازندەی ئەوەیان هەبووە دەسەڵاتیان وەک پێویست نەبووە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا ئەم پرسە چارەسەر دەکرێت، لەسەر مەسەلەی گەندەڵیش لەگەڵ ئەوەی ئاماژەی بەوەکرد هەرێمی کوردستان لەم بوارە لەبەشەکانی دیکەی عێراق باشترە بەڵام جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە هەوڵەکان بۆ نەهێشتنی گەندەڵی لە ئەولەویەتی بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و دەبێت هەنگاوی جدی بۆ هەڵبگیرێت و بۆ ئەمەش چەند خاڵی گرنگی دیاری کرد کە بریتی بوون لە (ئیرادەی سیاسی، بەرنامەیەکی واقعی، یەکدەنگی نیشتمانی، دەسەڵاتێکی دادگایی بە هێزو شارەزا، میدیایەکی چاودێریکار، چەندین یاساو بڕیاری پێویست لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە)).


سەبارەت بە خواست و داواکارییەکانی خەڵک و نەهێشتنی کەموکورتیەکانیش سەرۆکی حکومەت جەماوەری کوردستانی دڵنیا کردەوە کە هەوڵدەدەن بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی روون و داهاتوویەکی باشترەوە، ئەمەشی گرێدایەوە بە پیادەکردنی حکومڕانی باش و دەسەڵاتێکی شەفاف و دادپەروەر، هەروەها جەختی لەسەر متمانەی نێوان خەڵک و حکومەت کردەوەو پتەو بوونی متمانەی هاووڵاتیانیشی بە شەفافیەتی کارەکانی حکومەت و ئامادەبوونی بۆ لێپێچینەوە و لێپرسینەوە گرێدایەوە.

ئەم چەند خاڵەی لەبەرنامەی کابینەی حەوت لەم دێڕانە ئاماژەی پێدەکەین چەند لایەنێکە کە میکانیزمی حکومڕانی لەکوردستاندا وەردەچەرخێنێت و بەرەو ئەو ئاڕاستەیەی دەبات خەڵک زیاتر لەدەوری حکومەتی خۆی کۆبێتەوەو زیاتر توخمە سەرەکیەکانی حکومڕانی کە هەموو لایەنەکانی خەڵک و رۆژنامەگەری و پارتە سیاسیەکان و دامەزراوە گشتیەکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، هەماهەنگ و هاوکاربن لەگەڵ حکومەت بۆ ئەوەی حکومەت وەک سەرەکیترین توخمی حکومڕانی و دەسەڵاتی جێبەجێ کاری لەوڵاتدا بتوانێت خزمەتگوزاری پێویست و هەماهەنگی و هاریکاری لە ناو پرۆسەی حکومڕانی دروست بکات، لایەنێکی دیکەی گرنگ کە لەبەرنامەی کابینەی تازەدا سەرۆکی حکومەت ئاماژەی پێکرد رۆڵی رۆژنامەگەری چاودێرە، ئەمەش واتە هاندانی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانی و بەدواداچوونی رۆژنامەوانی بۆ رۆژنامەنووسان دەکاتەوەو بۆ ئەمەش سەرۆکی حکومەت بەدواداچوون و زانیاری راستی رۆژنامەنووسان وەک یارمەتیدەرو هاوکار بۆ سەرخستنی حکومەت سەیر دەکات.



بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێک سەیر دەکەین بەرنامەی حکومەتی تازەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نیشتمانی ئامانجی ئەوەبێت بێتە خاڵی کۆکەرەوەی لایەنە سیاسیەکان و بۆ بونیادی متمانە لەنێوان خەڵک و حکومەت بڕوای بەحکومڕانی باش و دادپەروەرانە هەبێت و بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی داوای بەرنامەی واقیعی و چاودێری میدیا و هاوکاری دەسەڵاتی دادوەری بکات، ئەوا ئەم سەرەتایە لەگەڵ هەنگاو هەڵگرتن و بەردەوامبوونی لە کارەکانیدا، ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان دروست دەکاتەوە کە شایەنی ئەو چاوەڕوانیە بێت کە لە حکومەت هەیەتی.


NAVY




















## سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ واشنتۆن

# وەرچەرخانێک بۆ زیندووکردنەوەی دیموکراتی و کلیلێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق










**((بۆ ئێمە گرنگ بوو بزانین ئەمریکا چۆن سەیری بارودۆخی عێراق و بارودۆخی هەرێمی کوردستان دەکات، لەمیانەی کۆبوونەوەکاندا سەرۆک ئۆباما و جێگرەکەی بایدن جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە بەوەی ئەوان پابەندن بەعێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی هەمەلایەن، پابەندن بەهەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستان و دەسکەوتەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوان لەگەڵ ئەوەن بەپێی دەستوور چارەسەربکرێت، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بەپێی دەستوور کێشەکانی عێراق چارەسەر بکرێت و هەوڵیش دەدەین کێشەکان بەپێی دەستوور چارەسەر بکەین، بەڵام ئەگەر چارەسەر نەکرا، ئەوا ئێمە قبوڵی ناکەین و بارودۆخی ئێستا قابیلی قبوڵ کردن نییە... هەربۆیە ئەگەر ئەم بارودۆخە بەهاوکاری هەموو لایەک چارەسەر کرا، ئەوا ئەمە ڕێگەچارەی هەڵبژاردەی ئێمەیە، ئەگەر چارەسەر نەکرا، ئێمە ئەم بارودۆخە قبوڵ ناکەین و ئەو کاتە ئێمە ناچار دەبین بگەڕێینەوە بۆ میللەتی خۆمان و با ئەو بڕیار لەچارەنووسی خۆی بدات)).**

**سەرۆکی کوردستان لەئامۆژگای واشنتۆن**

پێش کۆبوونەوەی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما لەکۆشکی سپی، لەژمارەی ڕابردوودا کۆمەڵێك پسپۆری نێودەوڵەتی تایبەت بەگوڵانیان ڕاگەیاندبوو، سەردانی ئەمجارەی سەرۆکی کوردستان بۆ کۆشکی سپی دەبێتە وەرچەرخانێك لەپێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، بەڵام دوای دیدار و کۆبوونەوەکانی سەرۆك بارزانی لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆك و هیلاری کلنتۆن وەزیری دەرەوە و لیۆن بانیتا وەزیری بەرگری و بەرپرسانی دیکەی ئەمریکا، کەبەشی زۆر تایبەت بوون بەپێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق، وەك دیڤید وۆلاك لەسیمینارەکەی سەرۆك بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك ئاماژەی پێکرد، ئێمە پێمانخۆش بوو زیاتر لەسەر پێشهاتەکانی ناوچەکەو ڕووخانی ئەسەد قسە بکەین، بەڵام وادیارە بەرنامەی جەنابی سەرۆك زیاتر تایبەتە بەهەرێمی کوردستان و عێراق، پاتریك کلاوسنیش گەورە تۆژەری ئامۆژگای واشنتۆن کە دوای سیمینارەکەی سەرۆك بارزانی ڕاستەوخۆ قسەی بۆ گوڵان کرد، پێی ڕاگەیاندین: (بەڕاستی بەلامەوە سەیربوو کە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ جەختکردنەوەبوو لەسەر بارودۆخەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، لەکاتێکدا دروستکەرانی سیاسەتی ئەمریکی زیاتر بایەخ بەبارودۆخەکانی وڵاتانی دراوسێی کوردستان دەدەن، لەڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەواتای کێشەی چەکی ئەتۆمی ئێران و هەوڵەکان دژی ڕژێمی ئەسەد لەسوریا، بۆ ئێستا ئەم دوو مەسەلەیە لەسەرووی بایەخەکانە بەلای دروستکەرانی سیاسەتی ئەمریکی لەناوچەکە))، ئەمە لەکاتێکدا سەرۆك بارزانی لەمیانەی پرسیاری ئامادەبوواندا هەڵوێستی هەرێمی کوردستانی سەبارەت بەدەوڵەتی ئێران و پشتگیری هەرێمی کوردستان بۆ کوردی سوریا دووپاتکردەوە، سەبارەت بەکوردی سوریا، سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە، گرنگترین هەڵوێست بۆ ئێستای کوردی سوریا ئەوەیە یەك سەرکردایەتی و یەك گوتارتان هەبێت، بۆ ئێمە زۆر گرنگە بزانین برایانی ئێمەی کورد لەسوریا چۆن یەك هەڵوێستیان دەبێت، بۆیە ئەگەر یەکڕیز و یەك هەڵوێستبن، ئێمەش ئامادەین پشتیوانیتان بکەین، بەڵام پشتیوانی ماددی و مەعنەوی

و سیاسیی نەك پشتیوانی پێدانی چەك و سەربازی، سەبارەت بەكوردەكانی توركیاش سەرۆك بارزانی جەختی كردەوە، دەركەوت كێشەی كورد بەشێوازی سەربازی چارەسەر ناكرێت، بۆیە ئەگەر هەردوولا بڕیاربدەن بەشێوەیەكی ئاشتیانە كێشەكانیان چارەسەر بكەن، ئەوا سەقفی هاریكاری ئێمە بۆ هەردوو لایان كراوەیە، بەڵام ئەگەر ڕێگەی دیكە بگرن، ئەوا ڕێگەی ئێمە و ئەوان لێكجیادەبێتەوە، سەبارەت بەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ تۆژەری باڵا لەسەنتەری سادات - بیگن و تایبەتمەند لەسەر دۆزی كورد و وڵاتانی ناوچەكە، لەلێدوانێكی تایبەتدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (بەڕای من سەردانی بەڕێز مسعود بارزانی بۆ واشنتۆن خاڵێكی وەرچەرخانی زۆر گرنگە لەڕووی ئەو پێشكەوتنە سیاسییەی كوردستانی عێراق بەخۆیەوە بینیووە، هەموو لەیادمانە كە پێش نەوەدەكان چۆن كورد سەردانی ئەمریكای دەكرد و ئەمڕۆش سەرۆك مسعود بارزانی دەبینین چۆن لەواشنتۆن پێشوازی لێدەكرێت، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو پێشكەوتن و وەرچەرخانەی لەهەرێمی كوردستاندا هاتوونە ئاراوە، سەبارەت بەپەیامی بارزانیش، ئاشكرایە هەموو كات بەڕێز مسعود بارزانی پەیامی ئاراستەی هەموو كورد كردووە، نەك تەنیا بۆ كوردەكانی عێراق بەڵكو بۆ هەموو كورد لەوڵاتانی دیكە و بانگێشتی كوردەكانی كردووە بۆ «مافی چارەنووس» و داوای لەهەموو پارچەكانی كوردستان كردووە لەباشوور و باكوور پێكەوە هەماهەنگ بن و پێكەوە كاربكەن، هەربۆیە من پێموایە سەردانەكەی سەرۆك بارزانی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پەیامێكە بۆ سەرۆك ئۆباما كە ئەمڕۆ كورد لەجاران زیاتر یەكگرتووە و پێویستە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پاڵپشتی لەكورد بكات، بەتایبەتی كاتێك كە كوردستان ئارامترین شوێنە لەناوچەكە و بەتایبەتیش لەسەر ئاستی عێراق. لەلایەكی دیكەش هەموو لایەك لەوە بەئاگان كە پێشكەوتنەكانی كوردستان تەنیا لەڕووی ئابوورییەوە نییە، بەڵكو هەروەها لەڕووی سیاسیشەوەیە لەبەرئەوەی ئێوە ئەمڕۆ خاوەن حكومەتن لەگەڵ هێزی سەربازی و سووپای تایبەت بەخۆتان، هەموو جیهان لەم ڕاستییە بەئاگایە، بەڵام پرسیارەكە ئەوەیە ئایا جیهان ئامادەیە پاڵپشتی لەم كیانە بكات و كورد ڕزگاربكات؟ من نازانم، بەڵام بارزانی پەرەپێدانی ئاییندەیی بۆ هەرێمەكە دارشتووە، بۆیە پێموایە كە لەمبارەیەوە پرسەكانی بۆ

**بەڕێز مسعود بارزانی هەموو كات پەیامی ئاڕاستەی هەموو كورد كردووە. نەك تەنیا بۆ كوردەكانی عێراق بەڵكو بۆ هەموو كورد لەوڵاتانی دیكە و بانگێشتی كوردەكانی كردووە بۆ مافی چارەنووس**

**گرنگترین هەڵوێست بۆ ئێستای كوردی سوریا ئەوەیە یەك سەركردایەتی و یەك گوتارتان هەبێت. بۆ ئێمە زۆر گرنگە بزانین برایانی ئێمەی كورد لەسوریا چۆن یەك هەڵوێستیان دەبێت**

**بەتەئكید ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەكرێت. ئەوا زوو یا درەنگ بارودۆخەكە چاوەڕێی ئەوەی لێدەكرێت بتەقێتەوە**

**سەردانەكەی سەرۆك بارزانی بۆ ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا پەیامێكە بۆ سەرۆك ئۆباما كە ئەمڕۆ كورد لەجاران زیاتر یەككرتووە و پێویستە ویلایەتە یەككرتووەكانی ئەمریكا پاڵپشتی لەكورد بكات**

**هەوڵەكانی بارزانی بۆ ئەوەن كە بیسەلمێنێت هەرێمی كوردستان سەركەتوو بووە و دەرگای واڵایە بۆ ئەوەی جیهان مامەڵەی لەگەڵدا بكات**

**مالیكی لەتوانایدا هەیە لەدژی عەرەبی سوننە بجووڵێتەوە. بەڵام باوەڕناكەم لەبەرامبەر كورد هیچی پێ بكرێت**

**بارزانی دەیەوێت گەرەنتی پاڵپشتی ئەمریكا بۆ هەرێمی كوردستان بەدەست بهێنێت و هەروەها هاتووە هەڵوێستی هەرێمی كوردستان سەبارەت بەكێشە ناوخۆییەكانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بخاتە ڕوو**

**مالیكی بەهەڵە لەپەیامەكەی سەرۆك ئۆباما تێگەیشتووە. بۆیە هەوڵیداوە بەرەو تاكڕەوی مل بنێت**



ئۆفرا بێنگۆ بۆ گوڵان:

# بەڕێز مسعود بارزانی هەموو کات پەیامی ئاراستەی هەموو کورد کردووە، نەک تەنیا بۆ کوردەکانی عێراق بەڵکو بۆ هەموو کورد لەوڵاتانی دیکە و بانگێشتی کوردەکانی کردووە بۆ مافی چارەنووس

«ئۆباما» خستبێتەڕوو، بەگشتی پێموایە هەوڵەکانی بارزانی بۆ ئەوەن کە بیسەلمێنێت هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو بووە و دەرگای والآیە بۆ ئەوەی جیهان مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بۆیە من هەمیشە ئەوەم وتووە کە ئێستا کاتێکی زۆر باش و گونجاوە بۆ کورد لەبەرئەوەی جیهانی عەرەبی بەگۆڕانکارییەکی بەرفراوان تێدەپەڕێت و کاتێکی گونجاوە بۆ کورد بۆئەوەی هەڵەکە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بقۆزێتەوە.))

**تاکڕەوی و دیکتاتۆری قبوڵ ناکرێت**

سەرۆك بارزانی ڕاشکاوانە بەئەمریکیەکانی ڕاگەیاند ئێمە خوێنێکی زۆرمان بۆ ئازادکردنی عێراق ڕشتووە و بەهاوکاری سەربازە کوڕ و کچەکانی ئێوەش نەبوایە عێراق ئازاد نەدەکرا لەدیکتاتۆریەت، هەربۆیە دوای پرۆسەی ئازاد کردن، عێراق دەرفەتێکی گەورەی لەبەردەستدا بوو بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدرالی، بەڵام سوود لەم دەرفەتە وەرنەگیرا، لەم چوارچێوەیەدا سەرۆك بارزانی باسی ئەزموونی سەرکەوتوویی هەرێمی کوردستانی کرد و جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان نموونەیی و بێ کەموکورتی نییە، بەڵام تارادەیەکی باش لەڕووی ئابووری و ئاسایشەوە سەرکەوتنی باش بەدەست هاتوون، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی بەوەکرد کە لەساڵی ٢٠٠٣ داهاتی تاکە کەس لەکوردستاندا تەنیا ٢٧٥ دۆلار بووە لەساڵێکدا، ئێستا بەرز بۆتەوە بۆ سەرووی ٥ هەزار دۆلار لەساڵێکدا، پێشتر ڕێژەی نەخوێندەواری ٥٦٪ بوو، ئێستا ئەم ڕێژەیە دابەزیووە بۆ کەمتر لە١٦٪، ئاستی خزمەتگوزارییەکان لەبەرەو پێشچوونەوەدایە لەسەر و هەمووشیانەوە خزمەتگوزاری کارەبا کە توانراوە کارەبا بگەیەنرێتە زۆربەی هەرە زۆری شوێنەکان و لەهەندێك شوێن ٢٤ کاتژمێر کارەبا هەیە، بەڵام لەبەرامبەردا و کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بودجەی عێراق نزیکەی نیو تریلیۆن دۆلار بووە، بەڵام خۆتان دەتوانن بپرسن، لەعێراقدا کارەباش هەبێت لە٣-٤ کاتژمێر زیاتر نییە، یەك ملیۆن کەس کراوە بەهێزی چەکدار و بەڵام کردەوەی تیرۆریستی بەردەوامە، بۆیە عێراق لەقەیرانێکی جددی دایە و ئەمەشمان لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و جێگرەکەی بەراشکاوی باسکردووە، سەبارەت بەهۆکاری ئەم قەیرانەش سەرۆك بارزانی بەئەمریکیەکانی ڕاگەیاند، حکومەتی عێراق بەرەو تاکڕەوی دەڕوات، سەرۆك وەزیران هەموو دەسەڵاتەکانی لەدەستی خۆی کۆکردۆتەوە لەیەك کاتدا سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانە، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە، وەزیری ناوخۆیە، سەرۆکی دەزگای موخابەراتە، بەم دواییەش بانکی ناوەندی عێراقیشی خستۆتە ژێر دەستی خۆیەوە، بۆیە پرسیاری لەئامادەبووان کرد، ئایا لەچ شوێنێکی جیهان بەم شێوەیە؟ سەبارەت بەچۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانەش سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەم حکومەتەی عێراق لەسەر شانی ئێمەی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، بۆیە بەغدا بۆ هیچ کەسێك چۆڵ ناکەین و دەبێت پێکهاتە سەرەکیەکان بەبەشداری نەتەوەکانی دیکە هەموو پێکەوە حکومڕانی عێراق بکەین، بێگومان بۆ ئەمەش دەستووری عێراق زۆر ئاشکرایە و پابەند بوون بەم دەستوورەش مەرجە بۆ مانەوەی عێراق بەیەکپارچەیی، بەڵام ئێستا ڕۆژانە ئەم دەستوورە پێشێلدەکرێت. سەبارەت بەم قەیرانەی ئێستا عێراق تێیکەتووە پرۆفیسۆر جودیس یاف ئوستادی پێوەندییە نێودەوڵەتیەکان لەزانکۆی بەرگری نیشتمانی و شرۆڤەوانی پێشووی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا لەسەر عێراق، لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان سەبارەت بەسەردانی سەرۆك بارزانی و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ سەرۆك و جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ چارەسەرکردنی ئەم قەیرانە وتی: (سەرۆك بارزانی پێشتریش چەند جارێکی دیکە سەردانی واشنتۆنی کردووە، بەڵام سەردانی ئەم جارەی لەکاتێکی زۆر سەرنجڕاکێش و پڕ بایەخدا بوو، هەربۆیە پێموایە دوای ئەم سەردانەی بارزانی سەرکردە عێراقیەکانی دیکەش سەردانی واشنتۆن دەکەن، ئەوەی جێگەی بایەخە ئەوەیە بارزانی لەم سەردانەی کارنامەیەکی پێیەو لەگەڵ سەرۆك ئۆباما و بەرپرسانی دیکە باسی لێوەکردووە، بەڵام من تائێستا نازانم هەڵوێستی ئەمریکا لەسەر کارنامەکەی بارزانی چۆن بووە، بەڵام پێموایە بارزانی دەیەوێت گەرەنتی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ هەرێمی کوردستان بەدەست بهێنێت و هەروەها هاتووە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان سەبارەت بەکێشە ناوخۆییەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا بخاتە ڕوو، بۆیە ئەم کارنامەیە تارادەیەك ئەمریکا دەخاتە هەڵوێستێکی هەستیارەوە، پێشتر مالیکی سەردانی ئەمریکای کردبوو، سەرۆك ئۆباما پێی گوتبوو ئێمە دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەرنادەین، بەڵام وادیارە مالیکی بەوشێوەیە ئەو قسەیەی شیکردۆتەوە کە ئازادە هەرچی بوێت بیکات و نەیارەکانی لەناوبەرێت و بەئارەزووی خۆی ڕەفتاربکات، ناکرێ قسەکان بەشێوەی جیاواز شیبکرێتەوە، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا من پێموایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستێوەردانی سەربازیی نابێت بۆ گۆڕینی واقیعەکە، گەر ئەم قسانەم پۆزەتیف بن یان نێگەتیف، بەڵام واقیعەکەیە و پێموایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەك نایەوێ خۆی لەو مەسەلەیە تێوەگلێنێت، بۆیە بەڕای من پێویستە بارزانی



## جوديس ياف بۆ گوڵان:

# کورد چانسێکی زۆر باشی هەیە، بەڵام دەبێت ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو چانسە بکات

هەولێدات لەپێناوی پەسەندکردنی یاسای نەوت بۆئەوەی بۆ هەرێم و بۆ بەغداش سوودی هەبێت، پێویستە هەوڵبدات بۆ پاراستنی سنوورەکان لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو کێشە و گرفتانەی کە فشاریان لەسەری داناوە، ئەی سەبارەت بەسوریا؟ ئەی سەبارەت بە تورکیا؟ ئەی سەبارەت بە بەرژەوەندییەکانی کورد؟ هەروەها ئایا کێ ئاسایشی کورد دەپارێزێت؟ ڕۆڵی پێشمەرگە، لەئاییندەدا چی دەبێت؟ ئایا کورد بەنیازە لەچوارچێوەی عێراق بمێنێتەوە؟ ئەگەر نیازی مانەوەی هەبێت ئەوە ئەوکات کورد کاریگەریی زیاتری دەبێت لەوەی کە لە عێراق، دەزانم هەرسکردنی ئەم قسانەم ئاسان نییە، بەڵام ئێوە لەڕای منتان پرسی و منیش پێمواپە کە کورد چانسێکی زۆر باشی هەیە، بەڵام دەبێت ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەو چانسە بکات)).

ئەوەی پرۆفیسۆر یاف ئاماژەی پێکرد، مالیکی بەهەڵە لەپەیامەکەی سەرۆك ئۆباما تێگەیشتووە، بۆیە هەوڵیداوە بەرەو تاکڕەوی مل بنێت، بەڵام پرسیاری دیکە ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم تاکڕەوییەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ دەچێتە سەر، پرۆفیسۆر ئۆفرا بێنگۆ لەدرێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد مالیکی ناتوانێت لەکوردستان تاکڕەوی و دیکتاتۆری بکات و لەمبارەوە وتی: (لەو بڕوایەدانیم مالیکی ببێت بەدیکتاتۆر لەسەر کوردستان لەبەرئەوەی مالیکی خاوەنی ئەو دەسەڵاتە نییە، لەوانەیە مەبەستی هەبێت دیکتاتۆرییەت پیادەبکات، بۆیە دەتوانێت لەسەر بەشەکانی دیکەی عێراق دیکتاتۆرییەت پیادەبکات و هەربۆیەش مالیکی بەرەو ئەو ئاراستەیە دەڕوات، مالیکی هێزی سەربازی لەژێر دەست داپە و وەزارەتی ناوخۆ لەدەستی خۆیەتی و زۆر شتی تری لەدەستە، بەڵام ویڕای ئەوەیش ناتوانێت لەسەر کوردستان ببێت بەدیکتاتۆر، هەروەها لەوانەیە ئەم پەیامەی بارزانیش کاریگەریی دیکەی هەبێت، لەبەرئەوەی لەپێناو پاراستنی یەکپارچەیی عێراق مالیکی پێویستیی بەبارزانی دەبێت، لەبەر ئەوەی هەر بارزانی بوو لەساڵی ٢٠١٠دا دەستپێشخەری کرد و بەهۆی ئەو دەستپێشخەرییەی بارزانییەوە بوو کابینەکەی ئێستا پێکهێنرا، لەلایەنێکی دیکەشەوە مالیکی ناتوانێت دوو سەنگەر بۆ خۆی دروست بکات، لەلایەکەوە عەرەبی سوننە و لەو لایەکی دیکەوە کورد لەخۆی بکات بەدوژمن، هەربۆیە من پێمواپە کە مالیکی لەتواناىدا هەیە لەدژی عەرەبی سوننە بجووڵێتەوە، بەڵام باوەڕناکەم لەبەرامبەر کورد هیچی پێ بکرێت.))

### ڕێککەوتنی هەولێر

### گێڕانەوەی هاوسەنگی بوو بۆ دامەزراوەکان

لایەنێکی دیکە کە سەرۆك بارزانی بۆ ئەمریکییەکان جەختی لەسەر کردەوە کە ڕێککەوتنی هەولێر دەبێت جێبەجێ بکرێت و ئاماژەی بەوەشکرد، ڕێککەوتنی هەولێر تەنیا بۆ پێکهێنانی هەرسێ سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران نەبووە، بەڵکو ڕێککەوتنی هەولێر کۆمەڵێك ڕێککەوتن بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق لەوانە:

* چەسپاندنی هاوبەشی ڕاستەقینە لەپرۆسەی حکومڕانی عێراقدا.
* پابەندبوون بەدەستووری عێراق.
* گێڕانەوەی هاوسەنگی بۆ دامەزراوەکان، بەتایبەتی دامەزراوەکانی سوپا و ئاسایشی ناوخۆ.
* پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز.
* جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.
* چارەسەرکردنی مەسەلەی پێشمەرگە.

ئەمانە هەموویان لەچوارچێوەی ڕێککەوتنی هەولێر بوون و ئەگەر جێبەجێ بکرابانەیە ئێستا عێراق لەم بارودۆخەدا نەدەبوو کە تیایدایەتی، هەربۆیە ئەگەر ڕێککەوتنی هەولێر جێبەجێ نەکرێت، ئەوا عێراق ڕووبەڕووی گرفتی گەورەتر دەبێتەوە. بۆ خۆدوورخستنەوەش لەم قەیرانە سەرۆك بارزانی جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئێمە مافی خۆمانە نیگەران بین، لەبەر ئەوەی پێویستە سوپای عێراق بەشێوەیەك دروستبکرێتەوە کە سوپای وڵات بێت نەك سوپایەك بێت تەنیا وەفاداری بۆیەك کەس هەبێت، ئێمە دەمانەوێت بەپێی دەستوور و یاسا سوپا دروست بکرێتەوە و سوپا دووربێت لەدەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی وڵاتەوە، سەبارەت بەجێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠یش سەرۆك بارزانی ئاماژەی بەوەکرد ئێمە هەموو هەوڵێك دەدەین بۆ ئەوەی شەڕ نەبێت، لەبەر ئەوەی شەڕ خراپترین ڕێگە چارەیە، بەپێچەوانەوە ئێمە هەوڵدەدەین دەستوور جێبەجێ بکرێت، بەڵام بەتەئکید ئەگەر ماددەی ١٤٠ جێبەجێ نەکرێت، ئەوا زوو یا درەنگ بارودۆخەکە چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت بتەقێتەوە، سەبارەت بەجێبەجێکردنی دەستووریش سەرۆك زۆر ڕاشکاوانە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، ئێمە شەش ساڵە چاوەڕێی بەڵێن دەکەین، هەر جارەی بەبیانوویەك بەڵێنەکان جێبەجێ ناکرێن، بۆیە دوای شەش ساڵ سەیرمان کرد هەموو بەڵێنەکان بێ ئەنجام بوون، لەبەر ئەوە ئێمە پێمانوایە کات کراوە نییە، ئێمە ماندووبووین لەبەڵێنی بێ ئاکام و لەقسەکردن، بۆیە پێمانوایە دەبێت سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێت، ئەگەر لەو ماوەیە جێبەجێ نەکرا ئەوا ئێمە ڕاستییەکان دەخەینە بەردەمی میللەتی خۆمان و ئیتر با میللەت بڕیاری خۆی بدات.

پاتریک کلاوسن توێژەری باڵا لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ گوڵان:

# دوای کۆبوونەوەی سەرۆک بارزانی و سەرۆک ئۆباما چاوەڕێ دەکرێت هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق زیاتر بن

**پاتریک کلاوسن بەڕێوەبەری توێژینەوەکانە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ رۆژهەڵاتی نزیک و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئێران و دەوڵەتانی کەنداو عێراق و هەروەها یەکێکە لە شرۆڤەوانە جیهانیەکان، کلاوسن یەکێك بوو لە ئامادەبووانی سیمینارەکەی سەرۆك بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن، بۆیە دوای تەواو بوونی کۆنفراسەکە پێوەندیمان پێوەکردو سەبارەت بەسەردانەکەی سەرۆك بۆ واشنتۆن بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**



*** ئایا خوێندنەوەت چییە لەبارەی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن و پێشوازی لێکردنی لەلایەن سەرۆك «ئۆباما»وە؟**

- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەمیشە ئەوەی لەتوانایدا هەبووە ئەنجامیداوە لەڕووی یارمەتیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەروەها لەڕووی کەمکردنەوەی هەندێك لە گرژییە سیاسییەکان لەعێراق، بۆیە پێموایە سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆمەبەستی ئەو دوو ئامانجەیە:

یەکەم: بۆمەبەستی پەرەپێدانی پێوەندییەکانی ئەمریکایە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: بۆمەبەستی پێکەوەکارکردنی هاوبەشە لەگەڵ سەرۆك بارزانی لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستەکانی گرژی لەسەرتاسەری عێراقدا.

*** عێراق بەرەو ئاراستەی گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری دەڕوات، دیکتاتۆرییەتیش دەبێتە هۆی دارمانی عێراق، بەڕای تۆ چۆن ڕێگری لە گەڕانەوە بۆ دیکتاتۆریەت بکەین؟**

- هەڵبەتە سەرۆك بارزانی قسەیەکی زۆر باشیکرد لەوبارەیەی کە دەستووری عێراق دیکۆمێنتێکی زۆر باشە بۆ رێگەگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا، هەربۆیە خاڵی سەرەکی بریتیە لە گەڕانەوە بۆ دەستوور، بێگومان ئەوە لەگەڵ دەستوور نەگونجاوە کە کەسێکی وەکو مالیکی سەرۆك وەزیران ئەو هەموو پۆستانە لەدەستبگرێت، کە لەیەك کاتدا مالیکی سەرۆك وەزیرانەو وەزیری بەرگرییە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ، دەسەڵاتێکی زۆری لەدەست خۆی چڕکردووەتەوە.

*** بەڕای تۆ ئایا تاچەند پێتوایە کە پچڕانی پێوەندییەکان لەنێوان هەرێمی کوردستان و بەغدادا مەترسی دەخاتە سەر سەقامگیری و یەکپارچەیی و پرۆسە سیاسییەکەی عێراق؟**

- مایەی داخە کە پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا ڕووی لە هەڵکشان کردووەو هیوادارم ڕوو لە خراپتر نەکات، بەڵام چەند مالیکی سەرۆك وەزیران دەسەڵاتی زیاتر لەدەستبگرێت ئەوە دەبێتە هاندەر بۆ هەڵکشانی بارودۆخەکە بەئاستی زیاتر، بەڵام ئەوکات بارەکە خراپ دەبێت کە کاریگەرییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕوو لە دابەزین بکات لە بەغدا لەبەرئەوەی ئەوکات چاودێریی کەمتر لەسەر دەسەڵاتەکانی مالیکی دەبێت

و لەهەمان کاتیشـــدا مالیکی لە هەوڵدانی بەردەوام دەبێت بۆ چڕکردنەوەی دەســـەڵاتی زیاتر، بێگومان ئەمەیش شتێکی باش نییە، بۆیە بەڕای من باشـــترین شت ئەوەیە پەرە بـــە ڕۆڵی پەرلەمان بدرێت لەگەڵ پەرەپێدان بە ڕۆڵی کابینەی حکومی هەروەها لەگەڵ بونیادنانی دامـــەزراوەی دیکە لە عێراق کە دەسەڵاتەکان لەنێوانیاندا دابەشبکرێت.

*** لە کۆبوونەوەی نێوان ســـەرۆك بارزانی و ســـەرۆك ئۆبامـــا کێشـــەکانی عیراق و پێوەندی هەردوولای هەرێمی کوردســـتان و ئەمریکا خراونەتەڕوو، ئایا تا چەند ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا نیگەرانە لەبارەی کێشەکانی نێوان کورد و بەغدا؟**

- بەداخەوە لە کۆتایی ساڵی ڕابردوو ئیدارەی ســـەرۆك «ئۆباما» گەیشـــتە بڕیارێك بۆ نەهێشـــتنی ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریـــکا لـــە عێراق بـــە تایبەتـــی دوای کشانەوەی هێزەکانی، ئەم هەنگاوەش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای خستووەتە بارێکی زۆر هەستیارەوە لەبەرئەوەی لەلایەکەوە عێراق لە ئەولەوییاتەکانی ئیدارەی ئۆبامادا نەماوە، بەپێچەوانەی ســـەرۆکی پێشـــووی، بەڵام لەلایەنێکی دیکەوە ئیدارەی سەرۆك ئۆباما دەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە کە پێوەندییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانـــی ئەمریکا لەگەڵ عێراق هەر ڕوو لە بەرەوپێشـــەوەچوون بکات و هەروەهـــا بۆئـــەوەی تیمەکەی ســـەرۆك ئۆباماو ســـەرۆکەکانی داهاتووش پێوەندییان لەگـــەڵ عێراق بمێنێـــت. هەربۆیە هیوادارم لەمیانی چاوپێکەوتنەکەدا سەرۆك بارزانی و سەرۆك ئۆباما و جێگری سەرۆك بایدن ئەم مەسەلانەیان تاوتۆکردبێت لەپێناو گەیشتن بە چارەســـەرێك بۆ ئەم کێشەیە، لایەنی کەمەوە داگرتنی ئاستەکانی گرژی لە عێراق، بەڵام

**سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن مەبەستی ئەو دوو ئامانجەیە: پەرەپێدانی پێوەندییەکانی ئەمریکا لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێکەوەکارکردنی هاوبەش لەگەڵ سەرۆك بارزانی لەپێناو کەمکردنەوەی ئاستەکانی گرژی لەسەرتاسەری عێراقدا**

کێشەکان تەنیا پەیوەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە لەبەرئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراقیش پێشـــوەختە کێشەی زۆرە بۆنموونە کەیســـەکەی جێگری سەرۆکی عیراق بەڕێز هاشمی لەگەڵ چەندین کێشەو گرفتی دیکە، بۆنموونە پەرلەمانی عێراقی کێشـــەی هەیە لەگەڵ چەندین یاسای مشتومڕلەسەرکراو، بۆیە چەندین کێشـــەی دیکە لەئارادا هەیەو تەنیا پەیوەســـت نییە بە پێوەندییەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی ناوەندییەوە، بۆیە پێموایە کە پێویستە هەموو لایەنـــەکان پێکەوە کاربکـــەن و هەماهەنگ بن.

*** بـــەڵام ئەگەر ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەدژی گەڕانەوەی دیکاتۆرییەت بۆ عێراق نەوەستێت ئەوە دەبێت بە گۆڕینەوەی دیکتاتۆرێك بۆ دیکتاتۆرێکی دیکە، بەڕای تۆ ئایا ویلایەتـــە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵســـتا بە داگیرکردنی عێراق بۆمەبەستی ڕووخاندنـــی دیکتاتۆرێـــك و گۆڕینی بە دیکتاتۆرێکـــی دیکـــە یاخـــود ڕێگـــەدان بـــە دیکتاتۆرێکی دیکە جێگەی ســـەدام بگرێتەوە؟**

- سیاسەتەکانی «سەددام حوسێن» هۆکاری ســـەرەکی بوون بۆ ئەوەی ئەمریکا بڕیاری داگیرکردنی عێـــراق و ڕووخانی ئەو ڕژێمە بدات، بۆیە پاش ئەنجامدانی ئەو پرۆســـەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەســـتی بـــە پابەندبوون کردووە بەرامبەر هاووڵاتیانی عێراق بـــۆ هەوڵدان لەپێنـــاو جەختکردنەوە لەسەر هێنانەکایەوەی حکومەتێك کەلەڕژێمی پێشـــوو باشـــتر بێت، ئـــەوەش پرەنســـیپی سەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو، ئەمریکا هەســـت بە پابەندبوون دەکات بەرامبەر عێراق و کاردەکات بۆئەوەی عێراق بکەوێتە سەر ڕێچکەیەکی سیاسیی نوێ.

*** ئایـــا ئاینـــدەی کـــورد چـــۆن دەبینی لەچوارچێـــوەی عێـــراق بەتایبەتی کاتێك کـــە حکومەتی ناوەندی ئامـــادە نەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- بـــەڕای من بارودۆخەکە تەنیا پەیوەســـت بە دوو ئەنجام نییە بەو ئاســـتەی بڵێین کە یان ئەوەیە یەکـــەم ئەنجام بێت یان دووەمیان بەبێ ئەنجامێکی ســـێیەم، هاوکات گومانم هەیە نارەزاییەکانی ئەمـــڕۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی حکومەتی ناوەندی هەر لەسەر ئەم بارودۆخە بەردەوام بێت، بۆیە هیوادارم پێوەندییەکان ڕوو لە بەرەوپێشـــەوەچوون بکات و بارودۆخەکە ئاسایی بێتەوە.

**ئەوە لەگەڵ دەستوور نەگونجاوە کە کەسێکی وەکو مالیکی ئەو هەموو پۆستانە لەدەستبگرێت، کە لەیەك کاتدا سەرۆك وەزیرانەو وەزیری بەرگرییە لەگەڵ وەزیری ناوخۆ، دەسەڵاتێکی زۆری لەدەست خۆی چڕکردووەتەوە**

**سەرۆك بارزانی قسەیەکی زۆر باشیکرد لەو بارەیەی کە دەستووری عێراق دیکۆمێنتێکی زۆر باشە بۆ ڕێگەگرتن لە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت لە عێراقدا، هەربۆیە خاڵی سەرەکی بریتییە لە گەڕانەوە بۆ دەستوور**

**باشترین شت ئەوەیە پەرە بە ڕۆڵی پەرلەمان بدرێت لەگەڵ پەرەپێدان بە ڕۆڵی کابینەی حکومی هەروەها لەگەڵ بونیادنانی دامەزراوەی دیکە لە عێراق کە دەسەڵاتەکان لەنێوانیاندا دابەشبکرێت**

**کێشەکان تەنیا پەیوەست بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە لەبەرئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراقیش پێشوەختە کێشەی زۆرە بۆنموونە کەیسەکەی جێگری سەرۆکی عیراق بەڕێز هاشمی لەگەڵ چەندین کێشەو گرفتی دیکە**



## جۆن حەننا

### راوێژکاری پێشووی دیک چینی و تۆژەری باڵای دامەزراوەی بەرگری و دیموکراتی بۆ گوڵان:

# ئەمریکا دەبێت توانای دیپلۆماتی خۆی بۆ سەرکەوتنی عێراق و هەرێمی کوردستان بخاتەگەڕ، لەبەر ئەوە مەترسیەکانی پشتێکردن و دەست هەڵگرتن زۆر گەورەن

**جۆن پیتەر حەننا لەساڵی ٢٠٠٥ - ٢٠٠٩ ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دیك چینی جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکا بووە و پێشتریش یەکێك بووە لەتۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ئەندامی لیژنەی پێوەندییە گشتیەکانی نێوان ئەمریکاو ئیسرائیلیش بووە، لەپۆستی یەکەمی ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشیشدا لەساڵی ٢٠٠١-٢٠٠٥ جێگری سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێستاش وەك تۆژەرێکی باڵا لەدامەزراوەی بەرگری و دیموکراتی پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر عێراق و سوریا و لوبنان و پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب ئیسرائیل و شەڕی جیهانی دژی تیرۆر، پرۆفیسۆر حەننا لەماوەی ٢٠ی مارت و ٢ی نیساندا، دوو وتاری گرنگی بەناونیشانی ئەمریکا پێویستی بەسیاسەتی کوردە، هەروەها پێویستە ئۆباما چی بڵێت لەوکاتەی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان سەردانی واشنتۆن دەکات، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێش بڵاوکردنەوەی ئەم دوو وتارە پێوەندیمان بەپرۆفیسۆر حەننا کردبوو بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتی باس لەبارودۆخی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان بکەین، بەڵام لەبەر ئەوەی جۆن حەننا سەفەرێکی هاتە پێش، وەڵامی پرسیارەکانمان دواکەوت بۆ ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٢٠١٢/٣/٣١، ئەمەش واتە ئەم دیمانەیە پێش گەیشتنی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بۆ واشنتۆن ئەنجامدراوە و وەڵامی پرسیارەکان پێش کۆبوونەوەی نێوان بارزانی و ئۆباما بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆفیسۆر حەننا ماوەی نزیکەی ٢٧ ساڵە وەك تۆژەرێکی باڵا لەناوەندەکانی توێژینەوە لەسەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکات و ماوەی هەشت ساڵیش لەهەردوو پۆستی ئیدارەی جۆرج دەبلیوو بوشدا یاریدەدەری سەرۆکی ئاسایشی نەتەوەیی کۆشکی سپی و ڕاوێژکاری دیك چینی جێگری سەرۆکی ئەمریکا بووە و ئێستا لەدامەزراوەی بەرگری و دیموکراتی تایبەتمەندە لەسەر پرسی عێراق، بۆیە قسەکانی وەك هەڵوێستی فەرمی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر عێراق و هەرێمی کوردستان دەردەکەون، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی بەڕێز جۆن حەننایە لەگەڵ گوڵاندا.**

*** هەموو پێشبینییەکان بۆ عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا سیناریۆی خراپن کە ڕوویدەن، پرۆسەی سیاسیی عێراق لەوپەڕی خراپیدایە، ئایا تاچەند ئەم بارودۆخەی ئێستا هەڕەشەیە بۆ سەر ئاییندەی عێراق و تەواوی ناوچەکە بەگشتی؟**

- من بەڕاستی باوەڕم وایە کە لەسەروەختی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاوە بارودۆخە سیاسیەکە بەشێوەیەکی مەترسیدار خراپ بووە. ئەگەر نا لەوانەبوو بەشداری دیپلۆماسی، ئابووری و ئەمنی ئەمریکا، کە بەشێوەیەکی گونجاو خرابوونە گەڕ- ڕۆڵێکی پێویست و بنەڕەتیان هەبوو لەئەنجامدانی کاری میانگیری لەبەغدا، هەروەها لەدەستەبەرکردنی دڵنیایی و هاوسەنگی و سەقامگیری. هیچ گومانی تێدانییە کشانەوەی پێشوەختی-هێزەکانی ئەمریکا- بۆشاییەکی دروستکردووە کە نیگەرانم لەوەی ئەو بۆشاییە بە بێمتمانەییەکی ڕوو لەزیاد، تایەفگەری،

ململانێی دەسەڵات، بەدگومانی بێبنەما و دەستێوەردانی دەرەکی پڕبکرێتەوە.
هەموو ئەوانەش پێکەوە بۆی هەیە کاریگەرییەکی کوشندەیان هەبێت. ئەمەش بازنەیەکی مەترسیدارە و بۆی هەیە کاریگەری کارەساتباری لێبکەوێتەوە بۆ عێراق و ناوچەکە، ئەگەر هاتوو نەتوانرا لەسەردەستی سەرکردایەتیەکی پێداگیر و دووربین ئەم بازنەیە بشکێنرێت- لەپێش هەمووشیانەوە لەسەر دەستی عێراقیەکان، بەڵام بەهاوکاری و پشتیوانی چالاکی ئەمریکا و دۆستە ڕاستەقینەکانی دیکەی عێراق.

**ئەگەر هاتوو نەتوانرا لەسەردەستی سەرکردایەتیەکی پێداگیر و دووربین ئەم بازنەیە بشکێنرێت، ئەوا کارەساتێکی گەورە بۆ عێراق و ناوچەکە لێدەکەوێتەوە**

*** ئێستا نوری مالکیی سەرۆك وەزیرانی عێراق لەلایەك کێشەی لەگەڵ لیستی ئەلعراقیە هەیە بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی، لەلایەکی دیکەش کێشەی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەو ڕێککەوتنەی لەهەولێر ئیمزاکراو حکومەتی لێ پێکهات، لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە پێشێل بکرێت، ئایا بەڕای تۆ ئەگەر مالیکی بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری و تاکڕەوی شەڕی ناوخۆیی لەعێراقدا دەست پێبکاتەوە؟**

- من نیگەرانم لەبارەی ئەگەرەکانی سەرهەڵدانەوەی توندوتیژی بەهۆی شکستهێنانی پرۆسە سیاسییەکەوە. لەدوای ڕووداوە دڵتەزێن و ترسێنەرەکانی ٢٠٠٥-٢٠٠٦ەوە، ئەوا دڵنیام کە دوایین شت عێراقیەکان خوازیاری بن بریتییە لەگەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژە تاریکانەی کە هەڕەشەبوون لەسەر تێکشکاندنی وڵاتەکە. بەڵام دەبێت ئومێدی خەڵك بەردەوام لەڕێی کاری دەوڵەتدارییەوە گوزارشت لەخۆی بکات، کە بریتییە لە- هونەری سازشکردنی مەبدەئیانە -لەلایەن سەرکردە سیاسییەکانیانەوە. پێکەوە، پێویستیان بەوەیە دووبارە پابەند بنەوە بەبنەما جەوهەرییەکانی دەستوور، سەروەری یاسا و بنیاتنانی حکومەتێکی کارا کە دەسەڵاتگەلێکی سنوورداری هەبێت و بخرێتەژێر لێپرسینەوە و چاودێرییەوە و ماف و ئازادیەکانی سەرجەم هاووڵاتیانی عێراق دەستەبەر بکات.

*** عێراقیەکان ئەزموونێکی خراپیان لەگەڵ دیکتاتۆریەتی ڕژێمی پێشووی عێراق هەبووە، هەموو دەزانن دیکتاتۆر تەنیا بە زەبری هێز دەتوانێت عێراق بەڕێوە بەرێت و پێکهاتەکانی عێراق سەرکوت بکات، ئایا تاچەند ئەم مەترسییە ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە ئەگەر دووبارە بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆریەت؟**

- پێموایە پێویستە ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەگشتی بەوریاییەوە هەڵبستن بەهاوکاریکردن و هاندانی سەرکردە عێراقیەکان بۆ ڕاپەڕاندنی بەرپرسیارێتیەکانیان لەئاست خەڵکدا.
ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی دیموکراسیە نوێیەکەی عێراق دەبنەوە مەترسی ڕاستەقینەن. ئەمەش مایەی سەرسوڕمان نییە، ئەویش بەرەوچاکردنی مێژووی سیاسی وڵاتەکە و مێژووی ناوچەکە. بانگەشەکردن بۆئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەیتوانیوە ببێتە زەمینەیەکی گونجاو بۆ پێکهێنانی حکومەتێك سنووردار کە جێی ڕەزامەندی خەڵك بێت و نوێنەرایەتیان بکات و لەئاستیاندا بەرپرسیار بێت، تێگەیشتنێکە مایەی قبوڵکردن نییە. جێی داخە، ڕژێمە دیکتاتۆری و خۆسەپێنەکان کاریان نەکردووە بۆ گۆڕینی بارودۆخەکە، بەدڵنیاییەوە لەماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا ئەم کارەیان نەکردووە. کارێکی گەمژانەیە ئەگەر بەردەوام لەسەنگەری بەرهەڵستیکردندا نەبین بۆ ڕێگرتن لەدووبارە گەڕانەوە بۆ شێوازە نادیموکراتیەکانی حکومڕانیکردن. بەڵام پێموایە بەهەمان شێوە کارێکی ئاقڵانە نییە ئەگەر کۆڵبدەین و دەستهەڵگرین و ڕایبگەیەنین کە هێنانەدی دیموکراسی لەعێراقدا مەحاڵە و چارەنووسی ئەم وڵاتە یان بەدیکتاتۆریەت کۆتایی دێت یان بە پارچە پارچە بوون. گومان لەوەدانییە، کە تەحەددی و مەترسیەکان گەورەن، بەڵام بەهەمان شێوە دەستکەوت و سوودەکانیش زۆرن، ئەویش ئەگەر بتوانرێت بەتێپەڕبوونی کات عێراق بکرێتە وڵاتێکی فیدراڵ و دیموکرات لەئاییندەدا. باوەڕم وایە ئەمە مەسەلەیەکە هێشتا شایەنی ئەوەیە کۆشش و خەباتی بۆ بکرێت. وەك هەمیشە، مەسەلە سەرەکیەکە بریتییە لەجۆری ئەو سەرکردایەتیە سیاسییەی لەنێو سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقدا هەیە، هەروەها پێداگیریان لەسەر پێکەوە کارکردن-بەپاڵپشتی بەهێزی هاوپەیمانە نێودەوڵەتیەکانیان- لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی هاوبەشی پشت ئەستوور بەدەستوور و سووربوون لەسەر پوچەڵکردنەوەی ئەو هەڕەشە ناوخۆیی و دەرەکییە زۆر و زەوەندانەی ڕووبەڕووی دیموکراسی بوونەتەوە لەعێراقدا.

*** پەیوەندی نێوان کورد و بەغدا بەرەو ئاڵۆزی دەچێت، کورد ڕایگەیاندوە جارێکی دیکە دیکتاتۆری و تاکڕەوی قبوڵ ناکات، بۆیە بەردەوام داوای دیالۆگ و جێبەجێکردنی دەستوور دەکات بەزوویی، بەڵام مالیکی ئەو ئامادەباشییەی تێدا نییە، هەربۆیە ئەگەر لایەنی سێهەم نەیەتە نێوانیانەوە، ئایا چۆن کورد چۆن دەتوانێت درێژە بەمانەوە لەعێراقدا بدات؟**

- ئەوەی کوردەکانی عێراق لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوو بەپاڵشت و هاوکاری ئەمریکا بەدەستیان هێناوە، جێی سەرسوڕمانە. ئەوان لەسەر خاکی خۆیان دەژین. ئەوان خاوەنی حکومەت و هێزی ئاسایشی خۆیانن. ئەوان بەهرەمەندن بەسەرچاوەگەلێکی سروشتی زۆر و بەئابووریەك کە ساڵ بەساڵ گەشەیەکی سەرنجڕاکێش دەکات. پەیوەندیەکانیان لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بەرفراوانتر دەبێت. ڕاستە چەندین کێشەش هەیە.-لەبەر ئەوە- دەبێت حکومڕانی باش و سەروەری یاسا بەهێز بکرێن. دەبێت بەگژ گەندەڵیدا بچنەوە. دەبێت خەڵکانێکی زیاتر بەهرەمەندبن لەسوودەکانی گەشەی

**هیچ گومانی تێدانییە کشانەوەی پێشوەختی -هێزەکانی ئەمریکا- بۆشاییەکی دروستکردووە کە نیگەرانم لەوەی ئەو بۆشاییە بە بێمتمانەییەکی ڕوو لەزیاد، تایەفەگەری، ململانێی دەسەڵات، بەدگومانی بێبنەما و دەستێوەردانی دەرەکی پڕبکرێتەوە**

**عێراق پێویستی بەدووبارە پابەندبوون بەبنەما گەوهەرییەکانی دەستوور و سەروەریی یاسا و بونیادنانی حکومەتێکی کاری دەسەڵات سنووردار هەیە بۆئەوەی بخرێتە ژێر چاودێری و لێپرسینەوە و پێداویستیی عێراقیەکان دابین بکات**

**ئەو مەترسیانەی ڕووبەڕووی دیموکراسیە نوێیەکەی عێراق دەبنەوە مەترسی ڕاستەقینەن، بەرەوچاکردنی مێژووی سیاسی وڵاتەکە و مێژووی ناوچەکە، ئەمە مایەی سەرسوڕمان نییە**

**نابێت هیچ کەسێك ئەوە لەیادکات کە کوردەکان لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەند ڕێگایان بڕیوە، هەروەها نابێت هیچ کەسێك ئەم دەستکەوتانە بەجددی وەرنەگرێت. کە دەبێت بپارێزرێن، پتەوبکرێن و بەرفراوان بکرێن**

**پابەندن بە بەرگریکردن و پەرەپێدانی سیستمی فیدراڵی و دیموکراتی عێراق، لەڕێی کارکردن لەچوارچێوەی دەستوور و بەگیانی ئاشتەوایی، کە ئەمەش هێزێکی گەورەیە بۆ ڕاماڵینی ئەو کەسانەی دەیانەوێت عێراق لەسەر سکەی دیموکراسی بترازێنن**

ئابووری.

بەڵام ئەو گەشەکردن و دەستکەوتانەی بەدەستهاتوون، گەشەکردن و دەستکەوتێکی مێژوویی و ڕاستەقینەن- - بەتایبەتی ئەگەر لەبەر ڕۆشنایی ڕابردووی کارەساتباری کوردەکاندا بیانخوێنییەوە کە لەنێو دراوسێگەلێکی مەترسیدار و دژوار بوون. نابێت هیچ کەسێك ئەوە لەیادکات کە کوردەکان لەماوەیەکی زۆر کەمدا چەند ڕێگایان بڕیوە، هەروەها نابێت هیچ کەسێك ئەم دەستکەوتانە بەجددی وەرنەگرێت. کە دەبێت بپارێزرێن، پتەوبکرێن و بەرفراوان بکرێن- - نەك بەهۆی هەڵگرتنی هەنگاوی بەپەلەو لەسەر بنەمای سۆز و هەڵچوون و پێشبینیی ناواقیعیانە، بەڵکو لەڕێی نەخشەدانانێکی ستراتیجی و ئامادەسازییەکی مەنهەجی، ئەویش لەسەر بنەمای ئارامگرتن و بیرکردنەوەی ورد، بەهۆی سەرکردایەتیەکی سیاسی ژیر و خاوەن ڕوئیاوە کە تێڕوانینێکی مێژوویی و دووربینی هەبێت، هەروەها بەهۆی لەنزیکەوە ڕاوێژکردن و هەماهەنگیکردنی ڕوون و ڕاشکاوەوە لەگەڵ دۆستە نێودەوڵەتیەکانی کورددا، ئەوانەی بایەخێکی زۆر بەخۆشگوزەرانیان دەدەن، هەروەها بایەخێکی زۆر بەسەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە بەگشتی دەدەن.

*** ئەگەر مالیکی ئامادەباشی تێدانەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەوا لەوانەیە کورد و سوننە و بەشێك لەشیعەش لەحکومەت بکشێنەوە و داوای وەرگرتنەوەی متمانە لەمالیکی بکەن، بەڵام هەندێك چاودێر وای دەبینن، هەتا ئەگەر ئەمەش بێت، ئەوا پێشبینی ناکرێت مالیکی دەست لەدەسەڵات هەڵبگرێت، ئایا لەم حاڵەتەدا پرۆسەی سیاسیی عێراق فەشەل ناهێنێ ئەگەر ئەمە ڕوویدات؟**

- عێراق دەستووری هەیە، بەهەمان شێوە دامەزراوەی سیاسیش. سیستمی چاودێری و لێپرسینەوە دانراوە، لەنێویاندا ئاڵوگۆڕپێکردنی حکومەت و بەرپرسە هەڵبژێردراوەکانیان هەرکاتێك متمانەی خەڵکی عێراقیان لەدەستدا. ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرکردەکانی عێراق کە ئەو میکانیزم و دامەزراوە دیموکراتیانەی دەستووری عێراق دەستەبەری کردوون بەکاربهێنن و بەو پەڕی تواناوە بیانخەنەگەڕ، لەبری ئەوەی بیبایەخ، بێنرخ یان فەرامۆشیان بکەن. هێشتا باوەڕم وایە ئەو عێراقیانەی نییەتی باشیان هەیە، پابەندن بەبەرگریکردن و پەرەپێدانی سیستمی فیدراڵی و دیموکراتی عێراق، ئەویش لەڕێی کارکردن لەچوارچێوەی دەستوور و بەرۆحی سازشکردن، ئاشتەوایی و لەخۆگرتنەوە، کە ئەمەش هێزێکی گەورەیە بۆ ڕاماڵینی ئەو کەسانەی دەیانەوێت عێراق لەسەر سکەی دیموکراسی و سەربەخۆیی بترازێنن- - بەتایبەتی ئەگەر ڕایەکی گشتی هۆشیار هەبێت لەعێراقدا و پاڵپشتیان بێت، لەگەڵ هاوکاری کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتیدا.

*** بەڵام هەموو مەزندەکان بۆ عێراق ڕەشبینین و ئاماژەن بۆئەوەی عێراق وەك دەوڵەت شکست بهێنێت، ئەم حاڵەتەش زیانی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە، بۆیە ئەو پرسیارە دەکەم ئایا تاچەند ئەمریکا هەوڵدەدات ئەم حاڵەتە ڕوونەدات؟**

- شکستهێنانی عێراق کارێکی خراپە- - یەکەم بۆ خەڵکی عێراق کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەنەهامەتیدان، هەروەها بۆ ناوچەکە و بۆ ئەمریکاش. هەر لایەك بەرژەوەندی هەبێت لەڕۆژهەڵاتێکی سەقامگیر و ئاسایشدا کە بەهرەمەند بێت لەگەشەکردنێکی ڕوو لەزیاد و حکومەتێکی بەرپرس، دووچاری زیان دەبێت- بەشکستهێنانی عێراق-. گرنگی ستراتیجی عێراق بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا تەواو ڕوونە بەلای منەوە- - دانیشتوانە گەورەکەی، سەروەتە زۆرەکەی لەبواری وزەدا، هەڵکەوتە جوگرافیەکەی کە کەوتۆتە ناوەندی ناوچەیەکی گرنگ و لەرزۆکدا، کە سنووریان لەگەڵ چەند وڵاتێکی هەستیاردا هەیە، ئێران، سوریا، تورکیا، ئەردەن و سعودیە. بەباش یان بە خراپ، پەرەسەندنەکانی عێراق لەداهاتوودا کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا. بۆچوون و تێڕوانینمان لەسەر دەستێوەردانی سەربازی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەددام هەرچییەك بێت، ئەوا من باوەڕم وایە ئەمریکا بەرژەوەندیەکی قووڵ و درێژخایەن و جێگیری هەیە لەخستنەگەڕ و بەکارهێنانی توانا دیپلۆماتی، ئابووری و سەربازیەکانی بۆ پشتیوانیکردن لەسەرکەوتنی عێراق و سەرکەوتنی هەرێمی کوردستان. بەبۆچوونی من مەترسیەکانی پشتتێکردن و دەستهەڵگرتنمان مەترسی زۆر گەورەن.



دکتۆر فالح عەبدولجەبار بۆ گوڵان:

# سەردانی سەرۆک بارزانی بۆ واشنتۆن مێژووییەو ئاماژەیە بۆ ڕۆڵی سەرەکی کورد لەدامەزراندنەوەی عێراقی نوێدا..

**عیراق لە ناو کۆمەڵێك گرفتی بنەڕەتی کە زۆربەیان بەهۆی لاوازی تێگەی دیموکراتیەوە دروست بوون گیری خواردووە و ئەوەش لەسەر بارودۆخی گشتی وڵاتەکە ڕەنگی داوەتەوە، ئەم وڵاتە دوا بە دوای هەشتا ساڵ لە داخراویی و ستەم و زۆرداریی و دیکتاتۆریەت و سیستمی تاك حزبی و تاکەسەرکردەی خۆ فەرزێن؛ لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە ئیتر بەبێ ئەزموونی دیموکراتیانەو بە پەلە پەلەوە گۆڕانکاری بۆ هاتە ئاراوە، بەهۆی نەبوونی هۆشیاری سیاسیشەوە ڕۆڵی کۆمەڵگەی عیراقی لە دامەزراندنەوەی کیانێکی دیموکراتی مۆدێرندا فەشەلی هێناو هەروەها بەهۆی لە بەرچاو نەگرتنی بەرژەوەندی گشتی وڵات و خستنە پێشی بەرژەوەندی شەخسی و تایفی و حزبییەوە ئێستا ئەم دەوڵەتە تازەیەی عیراق پەکی کەوتووە، سەبارەت بە هۆکارو دەرئەنجامی ئەم گیرخواردن و پەککەوتنەی دەوڵەتی عیراق بە پێویستمان زانی کۆمەڵێك پرسیار ئاڕاستەی سیاسەتمەدارو توێژەری ناسراو دکتۆر فالح عەبدولجەبار بکەین، بەڕێزیان بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

***عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە، بەڵام لەڕووی خزمەتگوزارییەوە لە ئاستی پێویستدا نییە، ئایا بارودۆخی ئێستای عیراق چۆن هەڵدەسەنگێنی و ئاستی خزمەگوزارییەکان چۆن دەبینیت؟**

- هەر کۆمەڵگایەك هەندێك بەرژەوەندی تێدا زاڵ دەبێت، تەنانەت ئەگەر کۆمەڵگاکە لە یەك پێکهاتەش پێکهاتبێت، ئێستا ناکۆکی لە نێوان پێکهاتە ئایینی و مەزهەبیەکاندا بوونیان هەیە، ئەمەش زۆر ئاساییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بە ڕێگای ئاشتیانەو لە ڕێگای دەزگا موئەسەساتییەکانەوە چارەسەر بکرێن، ڕاستە لە نەبوونی سیستمێکی دیموکراتی، ڕاستە لە دامەزراندنی حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی سەرنەکەوتین، کە حکومەتی مەرکەزی بەرپرسە لێی، بەڵام لایەنەکانی دیکەیش بەرپرسیاریەتیان دەکەوێتە ئەستۆ ئەگەرچی بەرپرسیاریەتییەکەیان کەمتریشە، سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی ئەمەیان دەرهاوێشتەی ساڵی ٢٠٠٣ یە، لەو ساڵەدا رژێم بە تەواوی گۆڕا هیچ یەك لە وڵاتە دراوسێکان بەم گۆڕینە ڕازی نەبوون، خۆتان دەزانن هەر نەتەوەیەکی هاوچەرخ لەسەر دوو بنەما کیانی بۆ دادەمەزرێت، یەکەمیان ئەوەیە دانیشتووانی پێی ڕازی بن، دووەمیشیان ئەوەیە کە دراوسێکانی پێی رازی بن، کەواتە ئەمە پێویستی بە شەرعیەتی ناوخۆی گەلەکەی هەیە لە هەمان کاتدا

**هەر نەتەوەیەکی هاوچەرخ لەسەر دوو بنەما کیانی بۆ دادەمەزرێت. یەکەمیان ئەوەیە دانیشتووانی پێی رازی بن. دووەمیشیان ئەوەیە کە دراوسێکانی پێی رازی بن. کەواتە ئەمە پێویستی بە شەرعیەتی ناوخۆی گەلەکەی هەیە لە هەمان کاتدا پێویستی بە شەرعیەتی نێودەوڵەتیش هەیە**

**کاتێك دەنگ بە سەرۆك کۆمار و وەزیران دەدرێت ئەوا دەسەڵات وشەرعیەتیان پێدەدەی. بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە مافێك بە خودی خۆێشت بدەی کە بە یاسا ئەم دەسەڵاتانە دیاری بکەی..**

**لە دەستووردا هەموو سامانە نەوتییەکان. موڵکی گشت هاووڵاتیان و پێویستە بە شێوەی یەکسان بەسەر هەمووواندا دابەش بکرێت دواتر دەستوور دەسەڵاتێکی بەرین و فراوان و زۆری بە هەرێمەکان بەخشیوە لەم رووەوە**

**حکومەتی ناوەندی نابێت حەقی بەسەر دابەشکردنی سامانەکانەوە هەبێت. ئەوە بۆ خۆی ئەرکێکەو پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە بریاریان لەسەر بدرێن. لە کاتێکدا حکومەت تەنیا ئەرکی جێبەجێ کردنی لەسەرە**

پێویستی بە شەرعیەتی نێودەوڵەتیش هەیە، ئێمە لە قۆناغی ئینتیقالیداین کە هەردوو شەرعیەتەکەمان لاوازە چونکە لەناوخۆدا دابەشبوون و ناکۆکی هەبوو، سەبارەت بە شەرعیەتی نێودەوڵەتیش مەبەستم ئەوەیە کە ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان لەگەڵ هاتنی سیستمی ئێستان، بەڵام وڵاتانی دراوسێ لەگەڵ مانەوەی رژێمی پێشوو بوون، ئەم بارودۆخە رەنگدانەوەی لەسەر هەردوو لایەنی ئاسایش و خزمەتگوزاریەکان دەبێت، سەبارەت بە مەسەلەی خزمەتگوزارییەکان کە یەکێکە لە پێوەرەکانی سەرکەوتن و فەشەلی هەر حکومەتێك، دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە ماوەی ٨ ساڵە نەمانتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەر بکەین، پلاندانان زۆر لاوازە، بۆیە دەبینین ئاستی گەندەڵی زۆر بەرزە لەسەر حیسابی داهاتەکانی خەڵك کە دەچێتە گیرفانی چەند کەسێکەوە بۆ بەرژەوەندی تایبەت، هەر پرۆژەیەکیش ئەنجام بدرێت پێویستی بە لایەنێکی ئەمنییە بۆ پاراستنی، بەڵام خەرجی ئاسایشی هەر پرۆژەیەك نزیکەی ٤٠٪ی پرۆژەکە پێکدەهێنێت ئەمەش برێکی زۆرەو بواری گەندەڵی و بەرتیل خواردنی تێدا زۆرە بۆیە کاریگەری هەیە لەسەر ئاستی خزمەتگوزاریەکان بە گشتی و هەردوو کەرتی ئاسایش و خزمەتگوزاری زۆر لاوازن، لە هەمان کاتدا هیوا و ئاواتەکان بۆ بەهێزترکردن و کاراکردنی ئەم دوو کەرتەش زۆر لاوازن ئەویش بەهۆی قووڵی ناکۆکییە سیاسییەکان و هەڵوێستی لایەنەکان، کە چارەسەر کردنیشیان ئاسان نییە، بەڵام موستەحیلیش نییە.

*** ناکۆکیەکانی نێوان لایەنەکانی نێو پرۆسەی سیاسی عێراق زۆرن، بەرای ئێوە رێرەوی پرۆسەی سیاسی لە عێراق چۆن دێتەوە سەر رێرەوی سروشتی خۆی ؟**

- هەموو لایەك دەزانین لە حکومەتە ئیئتیلافیەکان لەناو ئەنجومەنی وەزیراندا، ئەنجومەنێکی وەزیرانی بچووك(مصغر) دادەمەزرێت کە لە ئەندامانی لایەنەکانی ئیئتیلافەکە پێکدێت و دەبێتە شوێنی دروستکردنی بریاری سیاسی.

کاتێك ئەوەی چەند وەزارەتێکی بە دەستەوەیە و گرنگی بە چۆنیەتی بەرێوەبردنی وڵات نادەی یان وەزارەتەکەی دەکاتە کێڵگەی حزبەکەت و لایەن و بەشەکانی دیکەی حکومەت فەرامۆش دەکەی، بێگومان وڵات بەشێوەیەکی سروشتی بەرێوە ناچێت، زۆر بەداخەوە دوای ٨ ساڵ نەمانتوانیوە ئەنجومەنی ئیتیحادی دابمەزرێنین کە ئەمەش دژی دەستوورە.

***بەڵام زۆر لایەن داوای دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنەیان کردووە؟**

- نابێ تەنیا داواکاری بێت،بەڵکو دەبوایە بەر لە دەنگدان لەسەر حکومەت ئەمەیان خستبایە روو و بەر لەوەی سەرۆکی کۆماری هەڵبژێردرێت دەبوایە بخرێتە دەنگدان کە حکومەتی ئیئتیلافی لە نێو ئەنجومەنی وەزیراندا حکومەتێکی بچووك (مصغر)یان دادەمەزراند کە لەهەرسێ لایەنەکە پێك بهێنرێت و ئەم ئەنجومەنە بەرپرس بێت لە دانانی سیاسەت و دەرکردنی بریارەکان بە کۆی دەنگ، کاتێك دەنگ بە سەرۆك کۆمار و وەزیران دەدرێت ئەوا دەسەڵات وشەرعیەتیان پێدەدەی، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە مافێك بە خودی خۆێشت بدەی کە بە یاسا ئەم دەسەڵاتانە دیاری بکەی.

***یەکێك لە گرفتە گەورەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستان مەسەلەی نەوت و غازە، هەست دەکرێت کە حکومەت دەیەوێت بە مەرکەزیی ئەم دۆسیەیە بەرێوەبەرێت؟ تۆ رای خۆت هەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە؟**

ـ لێرەدا دوو گرفت هاتونەتە پێشەوە، یەکەمیان: دەستوورە، لە دەستووردا ئەوە هاتووە کە نەوت موڵکی هەموو گەلی عیراقە، هەموو سامانە نەوتییەکان، موڵکی گشت هاووڵاتیان و پێویستە بە شێوەی یەکسان بەسەر هەمووواندا دابەش بکرێت دواتر دەسەڵاتێکی بەرین و فراوان و زۆریان بە هەرێمەکان بەخشیوە لەم رووەوە، کە تێیدا دەسەڵات پێبەخشینی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی نەوتیشی تێدایە، لێرەدا دەبینین نارێکی زۆر لە دەستووردا هەیە، لە لایەکەوە شێوە سەربەخۆبوونێکی تەواو بە هەرێمەکان دەدات و لە هەمان کاتیشدا جۆرێك لە مەرکەزییەت بە حکومەتی ناوەندی دەدات، تا ئێستا نازانرێت چۆن چارە بۆ ئەم دوو واتاییەی دەستوور بدۆزرێتەوە، ئەوەندەی ئاگادارم حکومەتی ناوەندی وەك فشاربۆهێنانی لەسەر هەرێم ئەو پارانەی نەداوە بە کۆمپانیاکانی دەرهێنانی نەوتی هەرێم کە موستەحەقەو حکومەتی ناوەندی دەبوو بیدات و

هەرێمیش لە بەرانبەر ئەمەدا دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوتی ڕاگرتووە، ئەمەش بۆ خۆی کێشەکانی گەورەتر کردونەتەوە، بۆیە دەستوورەکە پێویستی بە ڕوونکردنەوەو لێتێگەیشتنی زیاتر هەیە، بۆ نموونە حکومەتی ناوەندی نابێت حەقی بەسەر دابەشکردنی سامانەکانەوە هەبێت، ئەوە بۆ خۆی ئەرکێکەو پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاریان لەسەر بدرێن، لە کاتێکدا حکومەت تەنیا ئەرکی جێبەجێ کردنی لەسەرە، باشە بۆچی دابەشکردنی سامانە سروشتییەکان بە دەستی ئەنجومەنێکی باڵا نەبێت کە نوێنەری هەموو ئەو لایەنانەی تێدا بێت تا ئەم پرسە گرنگە لە لایەن یەك لایەنەوە قۆرخ نەکرێت، هەروەها ئەنجومەنەکە هاوبەش بێت لە بەئەنجامگەیاندن و مۆرکردنی گرێبەستەکاندا تا چارەسەرێکی ناوەندی دروست بێت، هەم مافی هەرێمەکان و هەم مافی حکومەتی ناوەندی تێدا پارێزراو بێت، ئیتر ئەم ڕووبەڕووبوونەوە توندەی بەرانبەر یەکتر جگە لە توندتر کردنەوەی قەیرانە سیاسییەکەی ناو عیراق هیچ ئاکامێکی لێ شین نابێتەوە.

*** ئێستا سەرۆکی هەرێم لە ئەمەریکایەو سەرۆك ئۆبامای چاو پێکەوتووە هەروەها چاوی بە بەرپرسانی باڵای ئەو وڵاتە دەکەوێت، بە ڕای تۆ ئەم سەردانەی بەڕێزیان چ کاریگەرییەکی دەبێت بۆ هێورکردنەوەو چارەسەر دۆزینەوەی ناکۆکییەکانی نێوان کوتلە سیاسییەکانی ناو عیراق..**

ـــ ئەوە سەردانێکی مێژووییەو هەر لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە کورد ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراق و چەسپاندنەوەی سەقامگیریی، ڕەنگە ئەمەریکا بیەوێت ئەو ڕۆڵە ئیجابییەی کورد ئەکتیڤتر بکاتەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە هێزەکانی خۆی کشاوەتەوەو لە دوای دوو ڕۆژ بەسەر کشانەوەیدا گرژی کەوتۆتە نێوان لایەنەکانەوە، ئاراستەی گشتی بۆ چارەسەرەکان ئەوەیە بە ئارامییەوە چارەسەری ئارامانەی سیاسیی بۆ گرفتەکان بدۆزرێتەوە، بە تایبەت لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی تەمەنی کابینەکەدا کە ماوەتەوە، هەروەها بۆ نزیك بوونەوەی وادەی هەڵبژاردنی ئەمەریکاش ئەمە گرنگە، چونکە ئەمریکیەکان نایانەوێت وا پیشانی خەڵکان و دۆستانی خۆیانی بدەن کە دوا بە دوای دەرچوونیان لە عیراق ئەزموونی دیموکراتی لەو وڵاتە شکستی هێنابێت، ئەمەریکا باش دەزانێت کە کورد ڕۆڵی ئیجابییان گێڕاوە بۆ سەقامگیربوونی عیراق و دەیانەوێت کورد لەو ڕۆڵە دوانەکەوێت و لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی داهاتوودا دەرگای ململانێ نەکەنەوەو بارودۆخەکە نەکەوێتە بەردەم داهاتوویەکی نادیارەوە، بۆیە پێم وایە ئەمە سەردانێکی مێژووییە بۆ کوردو بۆ عیراقیش..

*** ڕۆژی پێنجشەمە ڕابردوو کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانییەوە ڕادەگەنرا، پێت وایە ئەم حکومەتە نوێیە بتوانێت بە جێبەجێ کردنی خاڵەکانی چاکسازی هەستێت و ڕووبەڕووی گەندەڵی بوەستێتەوە؟**

ـ بەڕێز نیچیرڤان بارزانی گەنجێکی چوست و چالاکەو زانیاری لەسەر دنیاودەوروبەرو بارودۆخی سیاسی و دیبلۆماسی هەیە، ئەمە دەڵێم بێ ئەوەی لە توانای سەرۆك وەزیرانی پێشوو کەمبکەمەوە، کە ئەویش برادەرێکی عەزیزی خۆم بوو، هەر بەرهەم و پرۆژەو خاڵێکی ئیجابی لە کوردستان دروست بێت ڕۆڵی ئیجابیانەی بۆ هەموو بەشەکانی تری عیراق هەیەو هەر خاڵێکی سلبی و ناکۆکییەکیش لە هەر بەشێکی عیراق بکەوێتەوە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان، وەك ئاگادارین لە زەمانی سەدامدا ئەوەی بەسەر کوردستاندا هاتبوو کاولکارییەکی تەواوەتی بوو، لە سایەی ئەو ڕژێمەوە کوردستان زیاتر لە بەشەکانی تری عیراق پشکی وێرانەیی بە نسیب بوو، بۆیە هەر بەرهەم و ئاوەدانییەك و چارەسەرکردنێکی گەندەڵی و پەرەپێدانێکی ئابووری لە هەرێمی کوردستان بە هۆی پێکەوە ژیان و هاوچارەنووسی لەگەڵ بەشەکانی تری عیراقدا کاریگەریتی بۆ هەموو وڵاتەکە دەبێت، گرنگترین شت نەهێشتنی بێکارییە، چونکە ئێستا لە عیراقدا هەمووان چاویان خستۆتە سەر دامەزراندنی حکومی تەنانەت بۆ موچەی فەرمانبەرانی هەرێم پشت بەستراوە بە سامانی نەوتەوە، ئەمە نابێت بەردەوام بێت، ڕێگەیەکی هەڵەیە گەر وا بزانین کێشەی بێکاری بە دامەزراندنی بێکاران لە دامودەزگای حکومی چارەسەر دەکرێت،

**ڕەنگە ئەمەریکا بیەوێت ئەو ڕۆڵە ئیجابییەی کورد ئەکتیڤتر بکاتەوە. بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە هێزەکانی خۆی کشاوەتەوەو لە دوای دوو ڕۆژ بەسەر کشانەوەیدا گرژی کەوتۆتە نێوان لایەنەکانەوە**

**ئەمەریکا باش دەزانێت کە کورد ڕۆڵی ئیجابییان گێڕاوە بۆ سەقامگیربوونی عیراق و دەیانەوێت کورد لەو ڕۆڵە دوانەکەوێت و لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی داهاتوودا دەرگای ململانێ نەکەنەوەو بارودۆخەکە نەکەوێتە بەردەم داهاتوویەکی نادیارەوە**

**باشترە هەمووان بەشدار بن لە ئیدامە دان بەم ئارامی و خۆشگوزەرانییەی کە هەیە. تەنانەت لە بواری پزیشکیدا ئێستای هەرێم بە باشی پێشکەوتووە لە کاتێکدا شەرم دەکەیت لەو بارە خراپەی پزیشکی کەلە بەشەکانی تری عیراقدا هەیە**

**هەر بەرهەم و پرۆژەو خاڵێکی ئیجابی لە کوردستان دروست بێت ڕۆڵی ئیجابیانەی بۆ هەموو بەشەکانی تری عیراق هەیەو هەر خاڵێکی سلبی و ناکۆکییەکیش لە هەر بەشێکی عیراق بکەوێتەوە کاریگەری سلبی دەکاتە سەر هەرێمی کوردستان**



ئەگەر حکومەتی نوێی هەرێم بتوانێت ئەم دامەزراندنانەی هاوولاتیانی بخاتە ناو ئەستێلکی کەرتی تایبەت و دەرفەتی کار زیاتر بکات، ئەوە هەم بارگرانی شانی حکومەت کەم دەکاتەوە هەم پرۆژەو چالاکی ئابووری زیاتر دەخاتە گەڕو بازاڕ دەبووژێنێتەوە، ئەمە دەبێتە نموونەیەك بۆ هەموو عیراق و بۆ هەموو گەلی کوردیش کاریگەری خۆشگوزەرانی لێ دەکەوێتەوە

***ماوەیەك لە کوردستان بوویت، چ پەیامێکت هەیە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری لەم هەرێمەدا؟**

- پێشنیازم زۆرە، سیاسەتی بنەڕەتی حکومەتی هەرێم بە زۆری پشت بەستووە بە نەوتەوە، سیاسەتی بەکارخستنیشی پشت بەستووە بە دامەزراندنی خەڵکییەوە لە ناوەندو دەزگا حکومیەکاندا، راستە کە ئێمە دێینە شاری هەولێر بە راستی دەحەوێینەوە چونکە هەموو خزمەتگوزارییەکان لەوێ دەبینین و لە چاو ئەوانەی عیراقدا زۆر زیاترن، بەڵام باشترە هەمووان بەشدار بن لە ئیدامە دان بەم ئارامی و خۆشگوزەرانییەی کە هەیە، تەنانەت لە بواری پزیشکیدا ئێستای هەرێم بە باشی پێشکەوتووە لە کاتێکدا شەرم دەکەیت لەو بارە خراپەی پزیشکی کەلە بەشەکانی تری عیراقدا هەیە، ئەم پێشکەوتنە وا دەکات ئەرکی بەڕێز سەرۆکی حکومەتی تازە زۆر هەستیارتر بێت، چونکە خەڵکی بە پێی دوا گۆڕانکارییەکانی دنیا داواکاری زیاتریان هەیەو پێویستە بەڕێزیان چاوی بکەوێت بە گەنجان و پسپۆران و خاوەن سەرمایەکانی کەرتی تایبەت بۆ برەودانی زیاتر بەم دۆخەی ئێستای هەرێم، دڵنیام بە ڕاوێژکردن و پرسی زیاتر بەرنامەکانی حکومەتی هەرێم کرانەوەو پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە دەبینن، دڵنیام ئێستا بە سەدان پسپۆرو ڕاوێژکار لە حکومەتی هەرێمدا هەن پێویستە ئەمانە بەردەوام پرۆژەو بیرۆکەی هاوچەرخیان بۆ پێشخستنی حکومەتەکەیان پێ بێت و لە جێبەجێ کردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکاندا کاری تیم پەرەپێبدرێت..

**ئەم پێشکەوتنەی ئێستا وا دەکات ئەرکی سەرۆکی حکومەتی تازە زۆر هەستیارتر بێت، چونکە خەڵکی بە پێی دوا گۆڕانکارییەکانی دنیا داواکاری زیاتریان هەیەو پێویستە بەڕێزیان چاوی بکەوێت بە گەنجان و پسپۆران و خاوەن سەرمایەکانی کەرتی تایبەت**

# عێراق لەبەردەم چەند چارەنووسێكدا

كشـــانەوەی یەكجارەكـــی هێزەكانی ئەمەریكا لە عێراق ســـاتەوەختێك بوو كە تا ڕاددەیەكی زۆر گرنگیەكی هێندەی گرنگی ڕوخاندنی ڕژێمەكەی ســـەددام حوســـێن بوو. حاڵی حازر عێراق چەند ڕێگایەكـــی لەبەردەمدایە لە پێوەندیدا بە ئایندەی سیاسی و ئابووری وڵاتەكەوە. هەندێ لەو ڕێیانە هەڵگری مژدەی ئایندەیەكی گەشـــن، ڕێگاكانی دیكەش سەردەكێشـــن یان بۆ پشـــێوی یاخود بۆ ڕۆژگارێكی دیكەی ســـەركوتكاری. بە داخەوە، پێدەچێـــت ئەو ڕێچكەیەی مالیكی گرتویەتیەبەر سەرناكێشـــێت بۆ هێنانەدی ئەنجامێكی باش بۆ خەڵكی عێراق.

یەكێك لە پرسە سەرەكیەكان ئەوەیە چەند دەسەڵات لە دەســـتی حكومەتی مەركەزیـــدا كۆبكرێتەوە. مالیكـــی و هاوپەیمانـــە سیاســـیەكانی هەموو دەرفەتێك دەقۆزنەوە بۆ فراوانكردنی دەســـەڵاتی حكومەتی مەركەزی و كەمكردنەوەی دەسەڵاتی پارێـــزگا و هەرێمەكان. یەكێك لە نموونەكانی ئەم دواییە ئەو دەســـتی پێكردنەی حكومەتی مەركەزی بوو لە پێدانی موستەحەقاتی هەرێمی كوردستان لەو نەوتەی لە ساڵی ٢٠١١دا فرۆشران. بەرپرسەكانی هەرێمی كوردستان باس لەوە دەكەن كە حكومەتی مەركەزی نزیكەی ١ ملیار دۆلار قـــەرزاری هەرێمی كوردســـتانە. لـــەوەش زیاتر، هەرێمی كوردســـتان باس لەوە دەكات حكومەتی مەركەزی بەردەوامە لەســـەر هەڵوێستی خۆی بە ڕەتكردنەوەی ئەو گرێبەســـتە دروستانەی هەولێر كە لەگەڵ چەنـــد كۆمپانیایەكی وزەدا ئەنجامی داون.

ســـەرۆكی هەرێمی كوردستان بە دەستەواژەی تونـــد ئیدانـــەی كارەكانی حكومەتـــی مالیكی كرد. بارزانی تۆمەتباری كردن و ڕایگەیاند»ئەو بەرپرســـانەی حكومەتی مەركەزی كە ئامادەنین ئیعتـــراف بـــەم گرێبەســـتانە بكەن كەســـانی شكســـتخواردون كە ناتوانن ئەوە بۆ خەڵكەكەیان دەســـتەبەر بكەن كە ئێمە بـــۆ خەڵكی خۆمانمان دابین كردووە» هەروەها « ئەوان دەیانەوێت ئێمەش وەك ئەوان بین.»

بارزانی لەوەدا لەســـەر هەقـــە. لەبری ئەوەی هەولێبدات باقی بەشـــەكانی دیكەی عێراق چاو لە هەرێمی كوردســـتان بكەن، پێدەچێت مالیكی بـــە نیازی كـــۆت و بەندكردنی كوردســـتان بێت بۆ ئەوەی زیاتـــر لە بەشـــەكانی دیكەی عێراق بچێت. ئەوەش مایەی كارەساتە بۆ هەموو لایەنە پێوەندیدارەكان. چیرۆكی ســـەركەوتنی ئابووری هەرێمی خۆبەڕێوەبەری كوردســـتان ڕاســـتیەكەو ناكۆكـــی هەڵناگرێت-خاڵـــی جیاكەرەوەیـــە لە زۆربەی بەشـــەكانی دیكەی عێراق. ئەگەرچی هەرێمی كوردســـتان مۆدێلێكـــی دیموكراتی بێ كەم و كوڕی نییە، بەڵام ڕەوتەكە بە ئاڕاســـتەی بەرەوپێشـــچوونە. لەوەش زیاتـــر، تەنانەت لەگەڵ هەڵـــە سیاسیەكانیشـــیاندا، ئەوا ئـــەدای هەرێمی كوردســـتان لەو بەرەیـــەدا زۆر باڵاتـــرە لە ئەدای حكومەتی مەركەزی.

لـــە ڕاســـتیدا، ڕەفتارەكانی مالیكـــی زیاترو زیاتـــر مایەی نیگەرانین. نـــەك تەنیا گەندەڵی لە هەڵكشـــاندایە، بەڵكو بەردەوام ئازادیە سیاســـیەكان لە بەرتەســـكبوونەوەدان. ئەو ڕۆژنامەنووســـانەی بوێـــری ئـــەوە دەكەن ڕەخنـــە لە ســـەرۆك وەزیران و هاوپەیمانەكانـــی بگـــرن بـــاس لـــەوە دەكەن كە ڕووبەڕووی تەنگپێهەڵچنین و تەنانەت سانسۆرێكی تەواو دەبنەوە. زســـتانی ڕابـــردوو، دەزگای ئەمنی مالیكی هەزاران بەرپرســـی پێشووی دەستگیركرد، بە تۆمەتی ئەوەی پشـــتیوانییان لـــە گەڕانەوەی حوكمـــی دیكتاتۆریانەی بەعس كردووە. ئەگەرچی ڕەنگە هەندێ لەو تۆمەتانە ڕاســـتبن، بەڵام ئەوەی حكومەت كردی ڕەشبگیری بوو.

**بارزانی تۆمەتباری كردن و ڕایگەیاند»ئەو بەرپرسانەی حكومەتی مەركەزی كە ئامادەنین ئیعتراف بەم گرێبەستانە بكەن كەسانی شكستخواردون كە ناتوانن ئەوە بۆ خەڵكەكەیان دەستەبەر بكەن كە ئێمە بۆ خەڵكی خۆمانمان دابین كردووە، ئەوان دەیانەوێت ئێمەش وەک ئەوان بین.»**

دوایيـــن ڕاپۆرتـــی پەیمانـــگای لێكۆڵینـــەوە جەنگیـــەكان- كە بنكەكەی لـــە ئەمەریكایە- بەو دەرئەنجامـــە گەیشـــتووە كە پێدەچێـــت مالیكی هەڵمەتی چڕی دەستپێكردبێت بۆ سەركوتكردنی ئەو كەسانەی ڕای جیاوازیان هەیەو هەروەها بۆ ئەوانەی موعارەزەی سیاســـین. ڕاپۆرتەكە دەڵێت « كارێكی كـــردووە كە زەحمـــەت بێت بۆ ڕكابەرە شـــیعەكانی گوزارشـــت لە ڕاو بۆچونی جیـــاواز بكەن.»، « هەروەهـــا لە یـــەك كاتدا ڕكابەرە ســـوننەكانی لەو پۆســـتانەدا داناوە كە ئەتوانرێت فشـــاریان لەســـەر دروســـت بكرێت و ئیستیغلالی دابەشـــبوونەكانی نێوانیان دەكات.»

ئەمە ســـتراتیجیەتێك نییە ببێتەهۆی پەرەپێدانی دیموكراســـیەتێكی بەهێـــز و تەندروســـت. بەڵكو، هاوشـــێوەی ئەو ڕێبازەیە كە ســـەركردەی ڕوســـیا ڤلادمیر پۆتیـــن گرتیەبەر بۆ لاوازكردنی ناوەڕۆكی دیموكراســـی وڵاتەكەی لە كاتێكـــدا هەڵبژاردن و ڕووكەشـــە دیموكراسیەكانی دیكەی پیادە دەكرد. نابێـــت عێراق لاســـایی ئەم مۆدێلـــە گەندەڵ و خۆپەرســـتانە بكاتەوە، بەڵام پێدەچێـــت ئەم كارە بكات.

هەروەها پەرەسەندنی دیكە ڕوویدا كە ئومێدی خێریـــان لێناكرێـــت بۆ ئایندە، ئەویـــش كاتێك لە مانگـــی كانونی یەكەمـــی حكومەتی مالیكی تۆمەتـــی خیانەتـــی دایەپاڵ جێگری ســـەرۆك كۆمار- تاریق ئەل هاشـــمی- بە تایبەتی تۆمەتی هەڵسوڕاندنی تیمەكانی مەرگ دژی حكومەت. هاشمی یەكێكە لە سیاســـیە عەرەبە سوننەكان و سەركردەیەكە لە كوتلەی سیاسی ئەل عێراقیە، بە توندی پێداگیری لەســـەر بێتاوانی خۆی دەكات. هەروەها ئەو هەڵات بۆ كوردســـتان، بانگەشـــەی ئەوەی كرد كە هەرگیز دادگاییەكی دادپەروەرانە ناكرێت لە بەغدا، یاخود تەنانەت ناتوانێت دڵنیابێت لە ســـەلامەتی خۆی لەوێدا. مالیكی داوای لە هەرێمی كوردســـتان كرد هاشمی تەسلیم بكەنەوە، بەڵام تاوەكو ئێستا سەرۆك بارزانی ئەم داوایە ڕەت دەكاتەوە.

هێشـــتا ســـەركردەكانی بەغدا كاتـــی ئەوەیان لەبەردەســـتە تاوەكـــو ڕەوتی كاركردنـــی خۆیان بگـــۆڕن و دیموكراســـیەتێكی ڕاســـتەقینە بخولقێنن، لەگەڵ سیســـتمێكی فیدراڵی بەهێزو تەندروســـت كـــە ســـنوورێك بۆ دەســـەڵاتەكانی حكومەتـــی مەركەزی دابنێـــت. دەبێت ئامانجە گشتیەكە لاساییكردنەوەی سەركەوتنە سیاسی و ئابووریەكانی كوردستان بێت. بە داخەوە، پێدەچێت مالیكـــی و هاوپەیمانەكانی ســـووربن لەســـەر ئەوەی ئاڕاســـتەیەكی پێچەوانەبگرنەبەر-ئەمەش سەردەكێشێت بۆ ســـەرهەڵدانی دیكتاتۆریەتیەكی نوێ، بۆ هەڵگیرســـانی شەڕی ناوخۆیی، یاخود هـــەردوو ئەم ئاكامـــەی لێدەكەوێتـــەوە. ئەمەش چارەنووســـێكە نابێت هیچ كەسـێك لـــە عێراقدا خوازیاری بێت. .

***توێژەری باڵایە لە ئەنســـتیوتی كاتۆ لە واشنتۆن دی.سی، نووسەری هەشت كتێبە لەبـــارەی كاروبـــارە نێودەوڵەتیەكانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**



تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

## نزار جەنابی بۆ گوڵان:

# سەرۆک بارزانی پێی وتین ئەگەر کێشەکان چارەسەر نەبن دەگەڕێینەوە بۆ گەلی خۆمان بۆ ئەوەی بڕیاری خۆی بدات

**نزار جەنابی کە ئێستا تۆژەرە لەسەنتەری ئاسایشی نوێ بۆ ئەمریکا، پێشتر یەکێك بوو لەتۆژەرە باڵاکانی ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك، هەروەها یەکێکە لەبەڕێوەبەرە گشتیەکانی پێشووی وەزارەتی بەرگری عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣، جەنابی یەکێك بوو لەaو تۆژەرانەی کە لەسیمینارەکەی سەرۆك بارزانی لەئامۆژگای واشنتۆن ئامادەبوو، بۆیە وەك عێراقیەك و تۆژەرێکی ئەکادیمی لەئاستی ناوەندەکانی توێژینەوەی ئەمریکا، بەپێویستمان زانی سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای عێراق و گرنگی سەردانەکەی سەرۆك بارزانی بۆ واشنتۆن چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین و بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**




*** پرۆسەی سیاسی عێراق بەقۆناخێکی ناسەقامگیردا دەڕوات، سەرۆك وەزیرانی عێراق بەرەو تاکڕەوی هەنگاو هەڵدەگرێت، ئایا چۆن بتوانین هەموومان ڕێگە لەوە بگرین و جارێکی دیکە ڕێگە نەدەین دیکتاتۆر بگەڕێتەوە؟**

- پێویستە هەموو ئەو لایەنانەی کە هاوبەشن لەپرۆسە سیاسییەکەدا پێکەوە کاربکەن بۆئەوەی ڕێگەنەدەن و نەهێڵن وەك سەردەمی ڕژێمی پێشوو هەموو هێزەکان لەدەستی یەك حزب و یەك کەسدا کۆببێتەوە، هەروەها دەبێت لەسەرووی بەرژەوەندی مەزهەبییەوە بیر بکەینەوە و بەتوندی پێ لەسەر پرانسیپەکانی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی ڕاپەڕاندن و یاسا دانان و دادوەری بکەینەوە، ئەمەش ڕێگە چارەیە. سەرباری ئەمەش ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین حزبە سیاسییەکان لەناویاندا کوردەکانیش سازشیان لەسەر هەندێك لەو پرانسیپانە کردووە لەهەندێك حاڵەتدا ئەمەش ئێمەی گەیاندۆتە ئەو قۆناخەی ئێستا پێیدا تێدەپەڕین، خەریکە بەشێوەیەکی مەترسیدار لەحکومڕانی یەك حزب نزیك دەبینەوە، من پێموایە پێویستە هەموو لایەنە سیاسییەکان پێکەوە کاربکەن بۆ ئەوەی ڕێگە نەدەن کە حکومەتی ناوەندی لەسەر ئەم ئاراستیە بەردەوام بێت، لەو کاتەوەی کە هۆیەکانی ڕاگەیاندنیش لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە تەلاعوبی پێوە دەکرێت، پێویستە ئێمە هەموو دیموکراتیخوازان و ئازادیخوازان هەڵوێستی خۆمان بەئاشکرا بخەینەڕوو و ڕێگە نەدەین ئەو حکومەتەی کە بەرهەمی هەموومانە دژی پێکهاتەیەك بەکاربهێنرێت، لەبری ئەوە هاوکار و هاندەری سەرکەوتنەکانی کوردستان بین کە لەماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردوو بەدەستی هێناوە، هەروەها پشتگیری لەهەموو وڵاتمان بکەین.

*** بەڵام ئەو پێکهاتە فرەییەی عێراق ئەمڕۆ لەژێر هەڕەشەدایە و حکومەت دەیەوێت ئەو فرەییە نەهێڵێت، ئایا تاچەند ئەمە مەترسی لەسەر ئاییندەی عێراق دروست دەکات؟**

_ ئەمە سەرەتا و دەسپێکی هەموو دیکتاتۆریەتێکە، ئەولەویەت دەدات بەدژایەتی نەیارەکانی، هەر کاتێکیش هەستی بەوەکرد بەسەر یەکێك لەپێکهاتە نەیارەکانی سەرکەتوو بووە، ئەوا هەنگاو بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتەیەکی دیکە هەڵدەگرێت، هەتا ئەو کاتەی خۆی بەتەنیا بەپێوە دەمێنێتەوە، لیستی ئەلعراقیە لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٠ سەرکەتوو بوو یەکێك بوو لەنەیارەکان، بەڵام پاش ئەوەی بەڕێگەی دەسەڵاتی دادوەری تەلاعوب بەئاکامی هەڵبژاردنەکە کرا و بردنەوەی هەڵبژاردنەکەی لێ دزراو کوتلەیەکی دیکە بووە براوەی هەڵبژاردنەکە و تێکڕای لایەنە سیاسییەکان ئامادەباش بوون بۆئەوەی بەشداری لەحکومەتی ناوەند بکەن، بۆیە ئەم حاڵە بەرەو ئەوەی برد کە یەك هێز حکومڕانی عێراق بکات، لەدوای

سـاڵی ٢٠٠٣وە کورد پارسەنگی ئەو هێزانە بووە و نەیهێشـتووە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری، بۆیە ئێستاش کورد ئەرکێکی مێژوویان دەکەوێتە سەرشان بۆ پاراســتنی ئەم دیموکراتیە ساوایەی عێراق و ڕێگرتن لەگەڕانەوە بۆ دیکتاتۆری، بۆیە ئێســتا زۆر گرنگە کە هەموو لایەنە عێراقیەکان بەهاوکاری هاوپەیمانە هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان کاربکەن بۆ ئەوەی هاوســەنگیەکی هەســتیار دروست بکەن و زامنی ئاڵوگۆڕێکی ئاشتیانەی دەســەڵاتی حکومەت بکرێــت و حکومەتێکی نــوێ دابمەزرێت کــە بتوانێــت خزمەتگوزاری پێشکەشی هاووڵاتیان بکات و لەڕیشەوە گەندەڵی لەحکومەتــی ناوەنــدی هەڵبکێشــێت، ئەمەش دەبێتە زامنی ئاشــتی و گەشەسەندن بۆ هەموو عێراقیەکان.

*** وەك بەڕێــزت ئاگاداری تەوەری ســەرەکی کۆبوونەوەی نێوان ســەرۆك بارزانی و ســەرۆك ئۆباما تایبەت بوو بە تاوتوێکردنی کێشــەکانی عێــراق، ئایا تاچەنــد ئەمریکا هــاوکار دەبێت لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا؟**

ـ ئیدارەی ئێستای ئەمریکا لەچەند لایەنێکەوە بایەخ دەدات، لەســەر ئاســتی ناوخۆ ســەرقاڵە بەداکشانی ئابووری و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی هەتا کۆتایی ســاڵی داهاتوو، لەســەر ئاســتی سیاســەتی دەرەوە سەرقاڵە بەپرۆگرامی ئەتۆمی ئێــران و ئەگــەری لێدانــی گورزێــك لەلایەن ئیســرائیلەوە بۆ ئێران بۆ ســنووردارکردنی توانا ئەتۆمیەکەی ئێران، دواترین شــتێك کە ئەمریکا دەیەوێت بیبینێــت وروژاندنی بارودۆخی عێراقە، بەڵام ئەگەر عێراقیــەکان پێکەوە لەچوارچێوەی میکانیزمــە دەســتوورییەکان کار بکــەن و دەستاودەستکردنێکی ئاشتیانەی دەسەڵات بەرهەم بێنن، ئــەوا ئەمریکا ڕێگریان نابێت لەبەر ئەوەی بڕیاری خودی عێراقیەکانــە، ئەمریکا هاریکار دەبێت بۆ پێشکەش کردنی هاوکاری بۆ سەرکەوتنی دەستاودەســتکردنی ئاشــتیانە لەڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســتدا، من شانســم هەبوو لەسەر ئەم پرسە لەفەخامەتی سەرۆك بارزانیم پرسی، وەڵامەکەی بەمجۆرە بوو: (هەر چارەســەرێك بکرێت دەبێت چارەسەرێکی عێراقی بێت و لەلایەن عێراقیەکانەوە بێت) ئەمە منی دڵنیا کردەوە لەو تێگەیشتنە قوڵە جیۆســتراتیژییەی کە بەبارودۆخەکەوە پەیوەستە، لەگەڵ ئامادەباشی بۆ کارکردنی هەمەلایەنە بۆ بەدەستهێنانی ئەم گواستنەوەیە.

*** هەرێمی کوردستان بەشە ئارام و سەقامگیرەکەی عێراقــە، هەروەها دەروازەیەکە بــۆ بازرگانی و وەبەرهێنــان بۆ هەرێم و تــەواوی عێراقیش، ئایا کاتێك حکومەتی ناوەندی هەڕەشــە لەم هەرێمە دەکات، تاچەنــد بارودۆخەکــە لەنێــوان کورد و حکومەتی ناوەندی ئاڵۆز دەبێت؟**

- لەباری واقیعدا کوردســتان بە دەروازەی عێراق دادەنرێت و بەرزترین داهاتی تاکەکەســی هەیە، هەروەها کەرتی تایبەت گەشەســەندنی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە و وەبەرهێنانێکی گەورەی تێدایە، بۆیە بۆ ئێســتا بەلانی کەمەوە ئەو هەڕەشانەی حکومەتی ناوەندی دەیکات، هەڕەشــەی بەتاڵن، ئاکامی ئەم هەڕەشــانەی ناوەند ســەرچاوەکەی بــۆ گەشــەی توانــای ســەربازی حکومەت و تێنەگەیشــتنی تــەواو لەمانای هاوبەشــی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەم هەڕەشە بەتاڵانە دەبنە هەڕەشــەی جدی و ســتراتیژی لەسەر کۆمەڵگەیەکی ئاشــتی و گەشەسەندوو، دەبێتە ئاستەنگێک کە ڕێگە نەدات وەبەرهێنانی بیانی لەناوچەکە ببەن، ئەمــە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ناوچەکە ڕاوەســتانی گەشەی بەردەوام بەخۆیەوە ببینێت.

*** ئەگەر ئەمریکا نەتوانێت ڕێگریێت لەگەڕانەوەی عێراق بۆ دیکتاتۆری، ئایا ئەمە بەو مانایە نییە ئەمریکا دیکتاتۆرێکی گۆڕیوە بەدیکتاتۆرێکی دیکە؟**

- وەك سەرۆك بارزانی زۆر ڕاشکاوانە لەواشنتۆن ڕوونیکردەوە، دەبێت چارەســەرەکە عێراقی بێت، ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریکا و دەوڵەتانی دیکــەی ئازادیخواز لەناوچەکــەو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتــی ئەو چارەســەرە پەســەند دەکەن کە دووربێــت لەشــەڕ و خوێنڕشــتن و، هەروەهــا چارەســەکە لەچوارچێــوەی دەســتوور کاری بۆ بکرێت، ئــەم بارودۆخەی ئێســتاش بۆ ئەم گۆڕانکارییــە لەبارە، بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە زۆربەی لایەنە سیاســییەکان بێزاربوون بەدەســت ڕەفتارەکانی حکومەتی ناوەندییەوە، بۆیە ئێســتا کاتی ئەوە هاتووە کە کورد هەموو ئەو پێکهاتانە پێکەوە کۆبکاتەوەو ڕۆڵی مێژوویی خۆی بگێڕێت و کۆتایی بەو لەبەر یەکهەڵوەشانەی ئێستا بهێنێت و هاوپەیمانیــەك لەســەر کۆمەڵێــك ئامانجی هاوبەشی وەك ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموو گەلانی عێراق پێکبهێنێت و ئەو بۆچوونە تەسك و تاکلایەنانە لەکۆڵبکرێنەوە.

*** چۆن ســەیری ئایندەی کورد دەکەیت لەگەڵ عێراقدا، بەتایبەتی ئەگــەر حکومەتی ناوەندی ئامادەباشــی تێدا نەبــوو بۆ چارەســەرکردنی کێشەکان؟**

- کــورد باجی ئــەم ئازادییــە بەخوێنی ڕۆڵە قارەمانەکانی داوە، هەروەها کورد ئەوەی سەلماندووە کە خوازیاری ئەوەیــە بەردی بناخە و کۆڵەگەی ســەرەکی دیموکراتی بێت بۆ هەموو عێراق نەك تەنیا کوردســتان، بەڕێز فەخامەتی ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان ڕاشکاوانە وتی کاتێك بزانین مافی گەلی کوردستان دەکەوێتە مەترسیەوە، ئەوا ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ گەلی خۆمان و پرســیاریان لێدەکەین ئێمە وەك نوێنــەری ئەوان چۆن ڕەفتار بکەین، ئێمەش بەپێی خواستی گەلەکەمان ڕەفتار دەکەین، وێڕای هەموو شــتێك ئەمە هەموو ئەو شتانە نییە کە لەدیموکراتی داوای دەکەین؟

**پێویستە ڕێگە نەدەین ئەو حکومەتەی کە بەرهەمی هەموومانە دژی پێکهاتەیەك بەکاربهێنرێت، لەبری ئەوە هاوکار و هاندەری سەرکەوتنەکانی کوردستان بین کە لەماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردوو بەدەستی هێناوە**

**دەسپێکی هەموو دیکتاتۆریەتێکە کە ئەولەویەت دەدات بەدژایەتی نەیارەکانی، هەر کاتێکیش هەستی بەوەکرد بەسەر یەکێك لەپێکهاتە نەیارەکانی سەرکەتوو بووە، ئەوا هەنگاو بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتەیەکی دیکە هەڵدەگرێت**

**ئەو هەڕەشانەی حکومەتی ناوەندی دەیکات، هەڕەشەی بەتاڵن، ئاکامی ئەم هەڕەشانەی ناوەند سەرچاوەکەی بۆ گەشەی توانای سەربازی حکومەت و تێنەگەیشتنی تەواو لەمانای هاوبەشی ڕاستەقینە دەگەڕێتەوە**

**لەدوای ساڵی 2003وە کورد پارسەنگی هێزەکانی عێراق بووە و نەیهێشتووە عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری**

# با وەکو (چیک) و (سلۆڤاکیا) بەخۆشەویستی جیابینەوە



پرۆفیسۆر جەمال ڕەسوڵ*

**پێشەکی**

چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کۆنفرانسێکی زانستی نێودەوڵەتیدا دوو لە توێژەرەکان کە هەر یەکێکیان توێژینەوەی خۆی پێشکەش دەکرد، یەکێکیان لە وڵاتی چیک و ئەوی تریان لە وڵاتی سلۆڤاکەوە ئامادەی کۆنفرانسەکە بووبوون و توێژینەوەکەی منیش دوای ئەوان لە بەرنامەکەدا دانرابوو، لە دەستپێکی قسەکانمدا بەختەوەری خۆمم بە بەشداران ڕاگەیاند کە دوای نوێنەرانی دوو وڵات توێژینەوەکەم پێشکەش دەکەم کە لە خۆشەویستیدا لە یەک جیا بوونەتەوەو هیوام خواست کە ئەم شیوازە مەدەنیە بەگەڕ بێت بۆ گشت ئەو کۆمەڵگایانەی کە دەیانەوێت خۆیان بڕیاری چارەنووسی خۆیان بدەن.

هەر وەک پەندە کوردییەکە دەفەرموێت «برامان برایی و کیسەمان جیایی» با هەرێمی کوردستان بە دۆستانە لە بەشەکەی عێراق جیا بکرێتەوە هەتا بتوانن هەر لایەکیان گەشە بە خۆیان بدەن بەو شێوازەی کە زۆرینەی کۆمەڵگای هەرلایەکیان دەیانەوێت ژیانی خۆیان بەسەر بەرن.

ئەوەی کە زیاد لە میدیاکاندا تاووتوو دەکرێت لەم دواییانەدا ئەوەیەکە سەرۆک وەزیران مالیکی تاکڕەوی بە شێوەیەکی ئاشکرا گرتۆتە بەر لە بڕیارەکانیداو چەند جارێک بەراورد کراوە لەگەڵ سەددامدا. لە کۆمێنتەرێکدا کە دکتۆر کرمانج گوندی لە «بلۆگەکەیدا» بڵاوی کردبوەوە.
http://kigundi.blogspot.com/2011/12/nouri-maliki-in-shadow-of-saddam.html

ئەوڕاستیانەم خستە ڕوو کە جیاوازیەکانی نەسیجی ئەو کۆمەڵگایانەی لەبنەڕەتدا و بە نابەدڵی عێراقیان لە ساڵی بیستەکاندا عێراقی ئێستایان پێکهێنا هێندە نە گونجاون، ئەگەر گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتەی عێراقدا نەکرێت، هەرکەسێک حکومڕانی عێراق بکات، ئەمڕو نا، سبەی، دەبێت هیچنەبێت دیکتاتۆرێکی تێدابێت تا بتوانێت پێکهاتەکان پێکەوە گرێ بداتەوەو ئەوەش ئاشکرایە کە نە ئەو گرێیە گرێ کوێرە دەبێت کە جارێکی تر بەر نە بێتەوەو نە ئەو دیکتاتۆرەش بەس دەبێت بۆ هێشتنەوەی پارچەکانی پێکەوە و لە و بەینەشدا کە پارچەکان پێکەوە دەمێننەوە، هێندە ململانێ گەرم دەبێت کە تەنها خۆی و خاکەکەشی تێدا دەسووتێت هەر وەک لە کۆنەوە ڕووی داوەو ئاسوودەیی و پێشکەوتن بەرقەرار نابێت. نە نووری سەعید و نە قاسم و نە عارفەکان و نە سەددام هیچیان نەیان توانی ئەو عێراقە دروست بکەن کە لە بەرژەوەندی عێراقیەکاندا بێت و ئاشکرایە نە مالیکی و نە هەر کەسێک لە دوای ئەو بێت دەتوانێت ئەو مەبەستە ئەنجام بدات. هەر ئەو ڕاستیەشە کە هەوڵەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆک مەسعود بارزانی زۆر دوور نەڕۆیشتوون پاش نزیکەی حەوت مانگ لەچاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتی فیدراڵی عێراق دوابەدوای هەڵبژاردنە گشتیەکەیان. هەر لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکم ئەم پارچە نووسراوەیەی بۆ ناردم کە لە ساڵی ١٩٢١ دا خوالێخۆشبوومەلیک فەیسەڵی یەکەم وتویەتی هەر وەک خۆی لێرەدا دای دەنێم بۆ خوێندەران:

«أقول و قلبي ملآن آسى... أنه في اعتقادي لا يوجد في العراق شعب عراقي بعد، بل توجد تكتلات بشرية خيالية، خالية من أي فكرة وطنية، متشبعة بتقاليد وأباطيل دينية، لا تجمع بينهم جامعة.....

بەبۆچوونی خۆم، ئەویش بە بێ بەزەیی پێناسەی کۆمەڵگاکانی عێراقەکەی کردوە کە ئەو کاتە بۆی داتاشراو دەبوایە پرسەکەی لەسەر نەگونجانی پێکهاتەکەی بێت نەک لە خودی کۆمەڵگاکانی. ئەو عێراقە کۆنە، تەنانەت لە دروست بوونیشیدا ڕاوێژ لەگەڵ دانیشتوانیدا نەکراو گوێ نەدرایە خواستەکانیان و دروست کردنەکەی تەنها بە گوێرەی بەرمیلە نەوتەکانی و بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی دەرەوەو دەوروبەری بووەو هەر واش دەمێنێتەوە هەتا لە بنەڕەتەوە گۆڕانکاری تێدا نەکرێت. لە ڕاستیدا نە کوردستانیەکان ڕازی دەبن کە بەشێوازی کەربەلاو ڕومادی بژین و نە کەربەلاو رۆمادیش ڕازی دەبن بەو شیوازە بژین کە کوردستانیەکان لە بنیاد نانیدان. بە ڕوونی دیارە کە تەنانەت کەربەلاو ڕومادیش بە شێوازی ژیانی یەکتری ڕازی نابن. ئەم ڕاستیەش تەنها لە چاوو بۆچوونی ئێمەی کوردەوە دیار نییە بەڵکو وای

**ئەگەر گۆڕانکاری ڕیشەیی لە پێکهاتەی عێراقدا نەکرێت، هەرکەسێک حکومڕانی عێراق بکات، ئەمڕو نا، سبەی دەبێت هیچ نەبێت سەددامێکی تێدابێت تا بتوانێت پێکهاتەکان پێکەوە گرێ بداتەوە**

لێ هاتوە دراوسێکانمان و برا عەرەبەکانیشمان بە ڕاشکاوی دانی پێدا دەنێن. هەر وەک پەرلەمەنتاری پێشوی حکومەتی فیدراڵ، مشعان الجبووری لە دواترین ڕاگەیاندنیدا (الحیاة: ٢٤ مارس ٢٠١٢) پاش گەڕانەوەی بۆ بەغداد وتوویەتی کە هەبوونی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا بێ مانایەو هەتا ئێستا زەرەری زیاتر بووە لە سوودەکانی و پێویستەو باشترە کە «عێراق لە هەرێمی کوردستان جیا بێتەوە» چونکە هەبوونی لە سیستمی عێراقیدا پێشکەوتنەکان دوا دەخات، بە بێ ئازاردانی هیچ لایەنێک ئەو ڕاستیە بەسەر هەردوو لادا دەچەسپێت.

خۆزگە ڕادەی ئەو بۆچوون و تێگەیشتنە فراوان تر بوایە و ڕێگای ڕووناکی گشت لایەنەکان نزیکتر بوایە چونکە هەر ئەوەیە کە چەوتی نەوەد ساڵی ڕابردوو ڕاست دەکاتەوە و ئەزموونێک دەهێنێتە گۆڕێ کە کۆمەڵگاکانی ناوچەکە لەمەو دوا بە هاوکاری یەکتری و بە برایەتی و بە کیسەی جیایی بژین.

### کوردستانیەکان چاوەڕوانی چی بن؟

لەو ڕاستیانەی کە زۆر ئاشکرا نین بۆ کۆمەڵگای کوردستانی ئەوەیە کە هەر وەک لە یەکێک لە وتەکانیدا، ڕێزدار سەرۆکی هەرێم فەرمووی لایەنان هەن لە بەغداد کە پێشکەوتنەکانی هەرێمیان بەرچاو نایەت و بە گەلێک شێواز هەوڵی بەربەستی دەکەن، هەرچەندە پشکی هەرێم لە بودجە زەبەلاحەکەی عێراق ١٧٪ یە، بە چەندەها شێواز ٥ تا ٦٪ ی پشکەکەی هەرێم هەر لە بەغداد دەمێنێتەوە و هەرێم سوودی تەواوی لێ نابینێت. هەر وەها، ئەو پشکەش کە وەری دەگرێت، بە شێوازی مانگانە دەدرێتە هەرێم بە هەمان شێوازی کە باوکێک ڕۆژانە بە منداڵەکەی دەدات وەهە تا نەزانێت گیرفانی بەتاڵە، ڕۆژانەکەی ناداتێ. ئەمەش تەنیا بێ متمانەیی دروست ناکات بەڵکو بەربەستی گشت پێشکەوتنەکان و تازەکاری لە بیرکردنەوەکاندا یەو بەردەوامی سەلماندنی ئاغایەتی و خزمەتکاری زامن دەکات.

لەم ڕۆژانەشدا کە کۆمەڵگای کوردستانی چاوەڕوانی بازدانێکی گەورەبوو بۆ دەرباز بوون لەو تەوقەی لە ملی کوردستان نراوە لە دروستبوونی عێراقەوە، دەنگۆی جیاواز دەبیسترێن کە هێشتا هەرێمەکەمان ئامادەی ئەو بازدانە نییە! ئەمەش کۆمەڵێک پرسیار لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە گۆڕێ کە هەندێکیان ئەمانەن:

١.کەی کوردستان ئامادە دەبێت؟
٢.کەی دراوسێکانمان ئامادە دەبن؟
٣.چەند وڵات هەن کە پاش ڕابووردنی دەیان ساڵ لە دروستبوونیان هێشتا سیمای وڵاتیان پێوە نیە؟
٤.چەند وڵات لە دروستبوونیاندا گشت سیماکانی بە وڵات بوونیان تێدا بووە؟

چەند باش دەبوو ئەگەر ڕادەی بۆچوون و تێگەیشتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە بەراورد نزیک بوایە لەو بۆچوونانەی کە لایەنەکانی چیک و سلۆڤاک هەیان بوو لە بڕیاری دواڕۆژی خۆیان. ئەوەی کە لەهەرێم دەبینرێت ئەوەیە کە هەرچەندە بۆچوونەکان جیاوازیان تێدا بێت، دانیشتوانی هەرێم بڕیاری خۆیان داوە لەوەدا کە خوازیاری وڵاتێکی سەربەخۆی خۆیان وەک هەر نەتەوەیەک لە جیهاندا هەقی خۆیانە. هەر تاکێک یان هەر لایەنێک بەربەستی خواستی زۆرینەی کۆمەڵگای کوردستانی بێت لە ژێر هەر پاساوێکدا بێت، چاوەڕێی ئەو ڕۆژەیە کە کۆیلەییمان لە داهاتوویەکی دوور یان نزیکدا بەرپا بکاتەوە دەبێت هیچ تاکێکی کوردستانی ڕێگای ئەو بۆ چوونە نەدات.

### لە کوێوە ڕۆژی کوردستان هەڵدێت؟

کوردستان، لەگەڵ گشت ئەو تەگەرانەی کە لە ڕێگایدا دانراوە، بە سەرکەوتوانە هەنگاوی بەرزی ناوە بۆ پێشەوەو جگە لە ئاوەدانکردنەوە و بەرەوپێشبردنی گوزەرانی تاکی کۆمەڵگای کوردستانی و چاکسازیەکانی کە بەردەوامن و بەرپوەن لە پەروەردە و خوێندنی باڵا و تەندروستی و گەلێک بواری تر کە دەبێت بڵێین ئەوانە گشتیان دەستپێکێکی بچکۆلەن و ڕێگایەکی دوورمان لەبەردایە بۆ ئەوەی ببڕین هەتا بەرەوپێش چوون زیاتر ڕەنگ بداتەوە لە کۆمەڵگاکەماندا و بەشێکی باشی چاوەڕوانکراوەکان بێنە دی، چەند هەنگاوێک هەن کە من بە ستراتیجیان دەزانم و چاوەڕوان دەکرێت کە دواڕۆژمانیان لێوە بەدی بکرێت و ڕۆژی کوردستانیان لێوە هەڵبێت، بەستنەوەی هەرێمە بە کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهان و پەروەردەکردنی سەرمایەداری گەورەی خۆماڵیی. ئەگەر کۆمەڵگای کوردستانی ئیرادەی سەربەخۆیی هەبێت هەر وەک بە ڕاشکاوی لە سندووقی دەنگداندا دەری بڕیوە، ئەو ڕۆژەی مانگانەکەمان لە ناوەندەوە تەگەرەی تێ دەخرێت، یان کۆمپانیا زەبەلاحەکان دڵنیامان بکەنەوە کە پابەندی پەیوەندیەکانیان دەبن لە گەڵ هەرێم و نەوتی هەرێم بۆ هەرێم دەبێت، یان بە خۆبەخشانە سەرمایەدارە زەبەلاحەکانی کوردستان، بە سەرمایەکانیان بەردەوامی بەڕێوەچوونی حکومەتی هەرێم بدەن و ئەو سەرمایەدارەش کە خۆشەویستی کوردستان و سەرکەوتنی بەو پلەیە بەلاوە گرنگ بێت، مێژوو دروست دەکات و ناوی بە بەرزی لە مێژووی کوردستاندا بە ئاڵتوون دەنووسرێت.

**ئەگەر کۆمەڵگای کوردستانی ئیرادەی سەربەخۆیی هەبێت هەر وەک بە ڕاشکاوی لە سندووقی دەنگداندا دەری بڕیوە، ئەو ڕۆژەی مانگانەکەمان لە ناوەندەوە تەگەرەی تێ دەخرێت، یان کۆمپانیا زەبەلاحەکان دڵنیامان بکەنەوە کە پابەندی پەیوەندیەکانیان دەبن لە گەڵ هەرێم و نەوتی هەرێم بۆ هەرێم دەبێت**

**نە نووری سەعید و نە قاسم و نە عارفەکان و نە سەددام هیچیان نەیان توانی ئەو عێراقە دروست بکەن کە لە بەرژەوەندی عێراقیەکاندا بێت و ئاشکرایە نە مالیکی و نە هەر کەسێک لە دوای ئەو بێت دەتوانێت ئەو مەبەستە ئەنجام بدات**

# حکومەتی تورکیا و ستراتیجێکی نوێ بۆ پرسی کورد



ئاسۆ کەریم

دوای نەورۆز بە ڕۆژێك، لە هەردوو ڕۆژنامەی «میللیەت و تەرەف» دا بڵاوکرایەوە کە حکوومەت و حزبەکەی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان، «حزبی داد وگەشەپێدان»، نەخشەو ستراتیجێکی نوێیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ پرسی کورد لە تورکیا پێیە. هێڵە سەرەکییەکانی ئەو پلان و نەخشەیە بڵاوکرانەوە. ئەو ڕاگەیاندنە، کاردانەوەی جیا-جیای بەدوای خۆیدا هێنا، هەندێ بە پلانێکی نوێ و هەندێکی تریش گوتیان، کۆنەکەیەو هیچی نوێی تێدا نییەو ڕوانگەی ئەمنی خراوەتە پێشەوە بۆ چارەسەری پرسی کورد، لێ بەقسەی ڕۆژنامەی «حورییەت-٢٠١٢/٤/٧»، واشنتۆن ئەو ستراتیجەی ئەنقەرەی پێ «هەنگاوێکە بە سەمت و ئاقارێکی دروست و لەجێ».

ڕەنگە پرسیار بکرێ؛ کوێی ئەو نەخشەو ستراتیجە، نوێیە؟ هێڵە سەرەکییەکانی چین؟ ڕووی لە کێیە؟ چۆن دێتە جێبەجێکردن؟

لە چیدا ئەو ستراتیجە ڕاگەیەنراوە نوێیە:

١. پارتە پەرلەمانییەکەی کوردان، پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، بەو تەرەفە دەزانێ کە دەکرێ وتووێژی لەگەڵدا بکرێ لەناو پەرلەماندا. واتە پەرلەمان، ببتە ئەو جێگەیەی کە وتووێژی لە بارەی کوردەوە تێدا دەکرێ. هەرچەند، لەنێو هەندێ ناوەندی سیاسیی تورکیدا، ئەو حزبە، بە باڵی سیاسیی PKK دادەنرێت. لەپێش هەموو ئەو ناوەندانەوە، ئەردۆگان خۆی BDP ئەوها دەشوبهێنێ. ئەگەر BDP هاتە پێشەوە، ئەوە باشە دەنا، ڕێگە بۆ ئەلتەرناتیڤی تری سیاسی دەکرێتەوە، بەو کوردانەی ناو AKPیشەوە.

٢. جێگەو ڕۆڵێك، بە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە کوردانی ئەورووپاشەوە، بدرێ کە بەئەگەری زۆرەوە هاوینی ئەمساڵ لە هەولێر بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی دەبەسترێ و پرسی چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کوردو وەلاتانی چەکی تێدا دێتە گۆڕێ. بەو مانایەی کە بەشداربووان، بەناوی کوردەوە، ڕوو لە PKK و PJAK بکەن کە چەك فڕێ بدەن. بە قسەی شیکەرەوان ئەو دواوایە، ئەگەر PKK بەدەمیەوە هات، کۆمەڵێ قۆناخ و ڕێوشوێنی تری بەدوادا دێت تا بەباشترکردنی هەلومەرجی ژیان و زیندانبوونی ئۆجالان ڕادەگات وەکو نەخشە ڕێگایەك بۆ چارەسەرکردنی پرسی PKK و ئۆجالان...

**جێگەو ڕۆڵێك، بە کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە کوردانی ئەورووپاشەوە، بدرێ کە بەئەگەری زۆرەوە هاوینی ئەمساڵ لە هەولێر بە سەرپەرشتی سەرۆك بارزانی دەبەسترێ و پرسی چارەسەری ئاشتییانەی دۆزی کوردو وەلاتانی چەکی تێدا دێتە گۆڕێ**

### چ لە ستراتیجە ڕاگەیانراوەکەدا نوێ نییە؟

مانەوەی ڕوانگەی ئەمنییە وەکو خۆی. واتە حکوومەت گفتوگۆی ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK لە «قەندیل و ئەورووپا» یان لەگەڵ ئۆجالان لە ئیمرالی ناکات لەسەرێکەوە و لەسەر گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی و سەربازی بۆ لێدانی نفووزو بنکەو پێگەکانی ئەو حزبە لە هەر کوێیەك بێ، بەردەوام دەبێت لە سەرەکەی ترەوە. واتە بەردەوامبوون لەسەر گرتن و پەلاماردانی چالاکوانانی کوردی سەر بە KCK لە لایەك و ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە لایەکەی ترەوە. ئەگەر وتووێژێکیش لەگەڵ PKK دا بکرێ، تەنیا بۆ ئەوەیە چەکیان پێ دابندرێ.

### حکوومەت چ مەبەستێکی لەو ستراتیجەدا هەیە:

بە بڕوای من، حکوومەتی تورکیا، نایەوێ بگەڕێتەوە، بۆ وتووێژەکانی ئۆسلۆ و، نایەوێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ PKK دابنیشێت. حکوومەت کە BDP وەك حزبێکی ڕێگەپێدراوی قانوونی و پەرلەمانیی، بە موخاتەبی خۆی دەبینێ، هیچ قسەیەکی نایەتەوە سەر. لەناو BDPشدا، هەوڵدەدات ئەوانە لەبەرانبەر خۆیدا ببینێتەوە کە هەندە وابەستەی PKK نین و بۆچوونی خۆیان هەیە کە هەندێ جار لە میدیای تورکیدا بە باڵی «میانگیری ناو BDP» ناودەنرێن. بەمەش، حکوومەت دەیەوێ، باری سەرشانی خۆی سووك بکات لەو ڕەخنانەی لێی دەگیرا لە دوای ئاشکرابوونی ڕاپۆرتی وتووێژەکانی ئۆسلۆی نێوان نوێنەرانی PKK و میت MIT.

ڕەنگە هەندێ بڵێن حکوومەت دەیەوێ درز بخاتە نێو PKK و BDP لەلایەك و نێوان BDPەیەکان لە لایەکی ترەوە. بەڵام بەڕای من ئەوە خوێندنەوەیەکی یەکلایەنەیە. حکوومەتی تورکیا لە ٢٠٠٩-ەوە، سەبارەت بە کورد لەبەر چەندین هۆکار جۆرێ لە کرانەوە بەسەر عەقڵ و بۆچوونی کاربەدەستانی تورك و ڕای گشتیی تورکیادا هاتووە و دەیانەوێ لە هەموو بوارەکاندا لە لە کەمالیزم ببنەوە. هەروا گۆڕانکارییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ڕەوشی سوریا وا دەخوازن کاربەدەستانی تورك نەکرێ تا سەر بە پێوەری «دەبل ستاندارد» سیاسەت بکەن. لەلایەکەوە، خۆیان بە خەمخۆری گەلانی سوریا و مافەکانی مرۆڤ نیشانی دنیا بدەن و لەناو وڵاتەکەی خۆشیاندا، بە جۆرێکی تر لەگەڵ کورددا. تەنانەت لەناو حزبی دادو گەشەپێدانیشدا، تەوژمێك

هەیە کە دەیەوێ زێتر بە ئاقاری کرانەوە بە ڕووی کورددا و خستنەلاوەی ڕوانگەی ئەمنی، هەنگاو بهاوێژێ. بەو مانایە، دەرفەتێك هەیە، بۆ سیاسەت و خوێندنەوەی بەرانبەر و قۆستنەوەی هەلومەرج لەلایەن کوردەوە. لەو سۆنگەیەوە، ئاخاوتنەکانی صەلاحەدین دەمیرتاش-ی هاوسەرۆکی BDP، ئاماژەیەکی باش بوون کە ئامادەیی حزبەکەی خۆی بۆ وتووێژ نیشاندا. هەڵبەت بۆ ئەوەی کورد، بە تایبەتی BDP متمانە بە دەوڵەت بکەن، دەوڵەت بە لانی کەمەوە دەتوانێ هەڵمەتی گرتنی کوردان کەم بکاتەوە و ڕێگە لە کردنەوەی کێسی داخستنی BDP بگرێ کە بە هۆکاری سیاسی، لەوانەیە بێتە گۆڕێ، وەکو فشارێك بۆ تەنازولپێکردنی BDP.

**بۆ ئەمەش دەکرێ BDP لەسەر چەند ئاستێك کار بکات:**

١. داخوازییەکانی کورد وەکو نەتەوەیەك، بە ڕوونی لە چەند خاڵێکی کۆنکرێتدا گەڵاڵە بکات. بۆ ئەمەش هەقە خۆی بە تەنیا ئەو کارە نەکات. بەڵکە وەکو حزبێکی بەرپرس کە کورد بە هەڵبژاردن نوێنەرایەتی خۆیان بۆ پەرلەمان بەو داوە، بگەڕێتەوە لای خەڵك. بۆ ئەمەش سەرجەم حزب و لایەن و کەسایەتییە سیاسی و بە نفووزە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی دەرەوەی خۆی لە تورکیا، بەوانەی ئەورووپاشەوە، کۆبکاتەوە و پرس و ڕای جدیان پێبکات و چ لەو کۆبوونەوەیە بکەوێتەوە، بکاتە ئەجێندای وتووێژی خۆی لەگەڵ دەوڵەتدا.

٢. ئەو خاڵانەی کە پێویستە بە بڕوای من، لەو کۆبوونەوەیەدا، بخرێنە بەر لێکدانەوە، کە هیچ کامێکیان لە پلانەکەدا باسیان لێ نەکراوە:

ئەلف: تورکیا خەریکە دەستوورێکی نوێ دادەنێ. لەو دەستوورەدا، چۆن ناسنامەی کورد، وەك نەتەوەیەکی ناو تورکیا بچەسپێندرێ، گرنگە. بە واتایەکی تر، تورکیا، لە دەوڵەتی تاك نەتەوەوە، ببێتە دەوڵەتێکی فرە ناسنامەی نەتەوەیی و ئاییینی. چونکە یەکسانبوون لە بەرانبەر قانوون و مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتیبوون، وێڕای گرنگییان، بەس نیین، وەك لە پلانەکەدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

بێ: سەرباری سیستمی «شارەوانییەکان» کە لە تورکیا لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە هەر ٤ ساڵ جارێك بەڕێوەدەچێ، ناوچە زۆرینە کوردنشینەکان، وەکو یەك یەکە Unitی بەیەکەوە گرێدراو، جۆرێ لە خۆ بەڕێوەبردن Self-governance یان بۆ دەستەبەر بکرێ، وەکو تەرتیباتێکی دەستووری بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەو وڵاتەدا.

جیم: زمانی کوردی وەکو زمانی خوێندن و پەروەردە، بەڕێوەبردن بەگشتی، لەو ناوچانەی کە کورد خۆیان بەڕێوەدەبەن، لەپاڵ زمانی تورکیدا، بەڕەسمی بناسرێ.

٣. دەکرێ BDP ئەو پرسانە لەگەڵ پەرلەمەنتارانی کوردی سەر بە حزبی دادو گەشەپێدان AKP بکاتەوە و ئەوانیش بەشداری پێبکات لەو پرسە نەتەوەییەدا.

٤. لە کۆنگرەی نەتەوەیی چاوەڕوانکراویشدا، سەبارەت بە تورکیا، لەسەر دوو خاڵ پێ دابگرێ، کە کورد وەکو نەتەوەیەك، هەموو مافێکی هەیە و ڕێوشوێنی ئاشتیخوازانە و دیموکراتی و دیالۆگیش، ڕێگەی گەیشتنە بەو مافانە.

**پرسی PKK**

هەرچەند تورکیا، لەو ستراتیجە نوێیەشیدا، دەسبەرداری ڕوانگەی ئەمنیی نەبووە بۆ کۆتاییهێنان بە PKK. لێ ئەگەر ڕێگەی دروست بۆ گەیشتن بە مافەکان، ڕێگەی دیالۆگ و ئاشتیخوازانە بێ، ئەوا بۆ هەردوو تەرەفی هاوکێشەکە ڕاستە. واتە پێویستە دەوڵەتی تورکیاش، بگاتە ئەو قەناعەتە کە پرسی PKK و پرسی کورد بە ئۆپەراسیۆن و گرتن و لە زیندان پەستانی هەزاران کەس، بە لە زیندان نانی زێتر لە ٣٠ سەرۆك شارەوانی هەڵبژێردراوی شار و شارۆچکەکانی کوردنشینیشەوە، لە بن نەهاتووە و نابود نەبووە، بەڵکە بە پێچەوانەوەکەی ڕاستە. ئەوە سەرباری زەرەر و زیانی زۆر و ئاڵۆزتربوونی پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و هاتنە ناوەوەی هۆکاری تر. دیارە پێش بوونی PKK و هەر حزبێکی تر لە تورکیا، کورد وەکو نەتەوە هەم هەبووە هەم وەکو هەر نەتەوەیەکی تر مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و زوڵمی لێ نەکرێ، جا شێوەی ئەو بڕیاردانە هەر چۆنێك بێت. لێ حاڵی حازر PKK واقیعێکە، لە بنەڕەتدا وەکو کاردانەوەیەك لە بەرانبەر سیاسەتێکدا کە دەرهەق بە کورد پێڕەو کراوە، دروست بووە و دەستی بۆ چەك بردووە، لێرە قسە لەسەر ئەوە نییە کە کێ PKK بە تیرۆریست دەزانێ یان نا. چونکە هەوڵی زۆر هەیە کە چەك بێ دەنگ بکرێ و گریمان ئەوە سەری گرت، پرسیار ئەوەیە، ئەدی چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەوانەدا دەکرێ کە لەسەر ئەم چەکهەڵگرتنە لە کونی زیندان ئاخنراون بە ئۆجالانیشەوە، یان لە چیاکاندا چەکیان بە شان و دەستەوەیە. خۆ هەر لەو چیایانە نامێننەوەو چەتە و یاخی نین؟ چۆن بهێنرێنە خوارەوە؟ و تێکەڵ بە ژیانی سیاسیی مەدەنی بکرێنەوە. پرسیارێکی تر ئەوەیە کە ئایا دەکرێ پرسی چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە گشتی، ئەگەر دەوڵەت بە نیازە چارەسەری دادپەروەرانەی بکات، لە تەك پرسی PKKدا، بە جیا و دوو قۆناغ چارەسەر بکرێن بەو مانایەی کە لەوەی یەکەمیاندا، حکوومەتی تورکیا بارە گرانەکە هەڵگرێت و بێتە پێشەوە و لە چارەسەری پرسی دووەمیشیاندا، بارەکە زێتر بکەوێتە سەر ئەستۆی کورد خۆیان و دۆستانیانەوە، ئەوجار تورکیا. یان نەخێر دەبێت ئەم دوو پرسە بەیەکەوە و هاوزەمان چارەسەر بکرێن، بەو مانایەی کە چارەسەری یەکەمیان، بەشێوەی میکانیکی چارەسەری دووەمیانی بەدوادا نایەت؟ ئاییندە وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، چونکە وەڵامی ئەو پرسیارانە لە بەشە ئاشکراکەی «پلانە نوێیەکە»دا نادۆزینەوە...

**کورد وەکو نەتەوە هەم هەبووەو هەم وەکو هەر نەتەوەیەکی تر مافی ئەوەی هەیە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات و زوڵمی لێ نەکرێ. جا شێوەی ئەو بڕیاردانە هەر چۆنێك بێت**

**چەکهەڵگرتنە لە کونی زیندان ئاخنراون بە ئۆجالانیشەوە. یان لە چیاکاندا چەکیان بە شان و دەستەوەیە. خۆ هەر لەو چیایانە نامێننەوەو چەتە و یاخی نین؟ چۆن بهێنرێنە خوارەوە؟**

# مەعریفە و دەسەڵات

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



ڕەنگە وا پێویست بکات لە دەسپێکدا کەمێك لەبارەی مێژووی ئەم پێوەندییەوە قسە بکەین، یان وردتر بڵێین لەبارەی مێژووی ئەم گرفتەوە بدوێین.

گومانی تێدا نییە کە زەینمان، لە کاتی قسە کردن لەبارەی پێوەندیی دەسەڵات بە مەعریفەوە، یەکسەر دەچێت بە لای قسەیەکی نەستەقی فەیلەسووفی فەرەنسی «ئۆکێست کۆنت»دا، کە تێیدا دەڵێت «مەعریفە هێز و دەسەڵات و توانایە: savoir، c>est pouvoir»، ئەمەش ئاهەنگسازییەکە بۆ ئاوازێك کە لە پاش (فرەنسیس بیکۆن) و لە پاش (دیکارت)ەوە گوتراوەتەوە، بەتایبەتی کاتێك (دیکارت) لە بەشی شەشەمی «گوتار لە میتۆددا» ڕایگەیاند، کە ئێمە پێویستمان بە مەعریفەیەکە کە «بمانکاتە سەروەری سروشت، خاوەنی ئەو بین».

بە تەبیعەتی حاڵ، هەر هەموو ئەمە هاوکات بوو لەگەڵ دروست بوون (هاتنە کایە)ی سروشتناسیی نوێدا، هەروەها بە وەلاوەنانی زانینێك کە بە دوای پیادە کردن (پراکتیك)ەوە نییە، بەڵکو بە تەنیا بە ڕوانین لە پێناوی ڕوانیندا بەسی لێ دەکات، بە ئامانجی هەڵنانی مەعریفیەکی بەدیل (ئەلتەرناتیف)، کە لە پاش کۆنترۆڵ کردنی ئەو یاسایانەی سروشتیان کۆنترۆڵ کردووە، توانای ئەوە بە مرۆڤ بدات کە «با بە سایەی (با)ەوە تێك بشکێنێت»، ئەمە بە گوێرەی قسەی فەیلەسووفی فەرەنسی «ئالان».

پرسیاری بنەڕەت کە ئێستا بە زەینماندا دێت ئەوەیە: بۆچی بەو قسەیە بەسی لێ ناکەین، کە ئەوەی ئەمڕۆ بە ناوی گرفتی «مەعریفە و دەسەڵات»ەوە ناسراوە، تەنیا پەرەپێدانی ئەو گرفتەیە کە هاتنە کایەی زانستی نوێ وروژاندی؟

بەر لەوەی بە درێژی بێینە سەر ئەم باسە، بە تێکڕا دەتوانین وەڵام بدەینەوە، بەوەی کە ئەگەر پێوەندیی مەعریفە بە دەسەڵاتەوە زادەی ئەمڕۆ نییە، ئەوا گرفتی مەعریفە و دەسەڵات گرفتێکی هاوچەرخە. لەبەر ئەوەی هەردوو تێزی پرسی مەعریفە و هێز، زۆر زۆر لە یەکدی جودان. گرفتە هاوچەرخەکە هەر تەنیا وابەستەی ئەوە نییە بگوترێت: مەعریفە ئەرکێکی هەیە کە توانای ئەوەی دەداتێ ببێتە هێز و دەسەڵات لە دەستی ئەو کەسەی خاوەنیەتی، بەڵکوو تا ئەو ڕادەیەش دەچێت کە بڵێت مەعریفە دەسەڵاتە. هێز و دەسەڵات و توندوتیژی لێرەدا ڕایەڵی مەعریفەن نەك تەنیا پێوەندییەکی دەرەکی. تەنانەت لە یەك جیا کردنەوەی مەعریفەیەکی پراکتیکی لە یەکی دیکەی تیۆری، لەم هەلومەرجەدا قابیلی هەبوون نییە، بەوەی هەر مەعریفەیەك، بەوەی کە وایە (کە مەعریفەیە)، ئەوا دەست بەسەردا گرتن و جووڵە و کردارە، تەنانەت کرداری توندیشە.

لە پێناوی ئەوەدا دەبوو چاو، نەك تەنیا بە چەمکی دەسەڵاتدا، هەروەها نەك بە خودی چەمکی مەعریفەدا، بەڵکوو بە هەردووکیاندا بخشێنینەوە، هەروەها بەو پێوەندییەی هەردووکیان پێکەوە گرێ دەدات.

ئەوەی پێوەندیی بە مەعریفەوە هەیە، گرفتی هاوچەرخی پێوەندیی دەسەڵات بە مەعریفەوە، هەوڵی دا توندوتیژی و هێز زیندوو بکاتەوە، کە بە هۆیانەوە لۆگۆس فەزای سیمیۆلۆژیی خۆی دادەمەزرێنێت.

ئیدی بووە توندوتیژی و ئاستی هەموو نیشانە و بەڵگەیەك. لێرەدا بەڵگە یان نیشانە شوێنی ململانێ و جیاوازییە. ئەو فەزای جیاکارییە کە زنجیرەیەکی بێ کۆتایی لە لێکدانەوە چڕ دەکاتەوە. جا لێرەوە لێکدانەوە دەبێتە، نەك گەڕانێك بە دوای واتایەکی یەکەم، بەڵکوو بەخشینی بەرایی و پێشینە، ئەمانیش پێشینەیەکن بۆ ئیرادەی هێز و دەسەڵاتەکان دەگەڕێنەوە کە لە پشتی لێکدانەوەکانن. لێرەدا چەندە لە مەعریفەوە وەك ڕوانین دوورین؟ چی دی پێوەندیی لێکدانەوە بە دەق و واتاکان پێوەندییەکی ڕامان و ڕوانین نییە. ئەو، هەر لە سەرەتاوە، پێوەندییەکی ململانێ و دەست بەسەردا گرتن و توندوتیژییە. ئەو پێوەندییەکی توندی موڵکدارییە. ئەگەر مەعریفە بە ڕیزەبەندی

**ئەگەر مەعریفە بە ڕیزەبەندی خۆیەوە هێز بگرێتە خۆو بیشارێتەوە، لەبەر ئەوەیە کە خودی واقیع لەوە زیاتر نییە کە بڕێك هێزەو پێشتر بە زەبری لێکدانەوە دەستی بەسەردا گیراوە**

خۆیەوە هێز بگرێتە خۆو بیشارێتەوە، لەبەر ئەوەیە کە خودی واقیع لەوە زیاتر نییە کە بڕێك هێزە و پێشتر بە زەبری لێکدانەوە دەستی بەسەردا گیراوە. «ئیدی شتێك نییە، وەك دۆلۆز دەڵێ، بێ لە چەندین بڕە هێز کە لە پێوەندییەکی مۆلەقدان».

جیهان پڕیەتی لە هێزگەلێك کە لە ململانێدان بۆ پاوان کردنی بڕەکانی واقیع. ئەگەر واتای شت هەر خۆی ئەو هێزە بوو کە پاوانی دەکات و دەیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، لەوە حاڵی دەبین کە بۆچی ململانێ خۆی لە پرۆسەکانی بەرهەم هێنانی واتاکاندا مەڵاس دەدات، مادام ئەو هێزە بێ لە هێزێکی دژ، نارژێتە سەر هی دیکە، چونکە بەڵگە، وەك فۆکۆ دەڵێ: خۆی بە دەستی لێکدانەوەی ئێمەوە نادات، «لێکدانەوەش نهێنییەکانی ماددەیەك بۆ لێکدانەوە ئاشکرا ناکات، کە خۆی بە شێوەیەکی نەرێنی و هەڵچوو بەدەستەوە دەدات، لێکدانەوەش لەوە لا نادات، کە توند و ڕژد لێکدانەوەیەکی دی پاوان بکات کە پێشتر هەبووە، جا ئەو هەڵگێڕ و وەرگێڕی دەکات و گورزی توندی لێ دەسرەوێنێت».

کەواتە هێز دەچێتە نێو ڕایەڵی مەعریفە و

هـــەر پیادە کردنی ئەو نییە. هێـــز تەنیا لە کاتی پیادە کردنی مەعریفەدا بەرجەســـتە نابێت بەڵکوو لە نێویشـــدا، ململانێی نێوان لێکدانەوەکانیش تەنیا رواڵەتێك نییە لە رواڵەتەکانی خەباتی چینایەتی، کە زادەی بەکار بردنی ئایدیۆلۆژیانەی زانینەکانە، تەنیـــا مەگەر گریمانەی ئەوەمان کرد کە خەباتی چینایەتی لە «نێو» هەموو دەقێکدا بەدی دێت، بەڵکوو لە «نێو» هەموو چەمکێکدا.

بۆ ئـــەوەی هێز بئاخنینە رایەڵـــی مەعریفەوە، هەروەها بۆ ئەوەی پاوانخوازی و دەســـت بەسەردا گرتـــن بخزێندرێتە خودی پرۆســـەی مەعریفەوە، دەبوو چەمکی دەســـەڵات لە واتای ئاســـاییانەی خـــۆی دوور بخرێتەوە، هەروەهـــا دەرهێنانی لەو قۆرخکارییـــەی کە هزری سیاســـیی بە ســـەریدا سەپاند بووی. چونکە چەمکی دەسەڵات هەر خلْت و خاشـــی لاهووتیی بە خۆوە گـــرت بوو، هەروەها ئەو وێنەیەی بەردەوام ئاماژەی پێ دەدا، وێنەیەکی ترۆپکی هەرەم بوو. ئەم وێنا کردنە وای کرد هزری سیاســـی قســـە کردن لەبارەی دەســـەڵاتەوە قۆرخ بکات. هەردەم وا تەماشـــای دەســـەڵات کراوە، کە خاوەن پێگەیەکی دیاری کراوە، هەر لەوێشدا خۆی دەنوێنێت، ئەویـــش دام و دەزگاکانی دەوڵەتە. ئەم چاوەڕوان کراوەی دەسەڵات خودی کۆمەڵی دابەش دەکردە سەر ئەوەی دەسەڵاتی بە دەستە و ئەوەی بە دەستی نییە. کاتێك بەو ئاڕاستەیەدا پرسیار لەبارەی پێوەندیی زانین بە دەسەڵاتەوە دەکرا، ئەوا بۆ گەڕان بوو بە دوای سنووربەندییە سیاسییەکانی زانین، یان وەك بـــە واتایەکی فراوانتر دەوترێت، دیاری کردنی «چوارچێوەی جڤاکیانەی زانین».

کاتێك روون بووەوە کە هزری سیاســـی بە تەنیا ناتوانێت چەمکی دەســـەڵات قۆرخ بکات، ئەوەش نەك تەنیا لە سیاســـەت و یاسادا بەرجەستە دەبێت، بەڵکـــوو لە قوتابخانە و خێزان و کارگە و مەیدانی گەمەشدا هەر وەهایە، تەنانەت لە سێکس و نووسین و زماندا، گرفتی پێوەندیی دەســـەڵات بە زانینەوە فۆرمێکی جیاوازی گرتە خۆ.

لە کاتی قســـەکردن لەبارەی ئەم واتا تازەیەی گرفتـــی مەعریفەو دەســـەڵاتەوە، وا بـــاوە زەین بـــە لای بیرمەندێکـــدا بچێت، کە نـــاوی جووت بوو لەگـــەڵ چەســـپاندنی ئەم چەمکـــە تازەیە لەبارەی دەســـەڵاتەوە، ئەویش بیرمەندی فەرەنسی «میشـــێل فۆکۆ»یە. لە راســـتیدا دەستەیەك لە بیرمەندی هاوچەرخ هەن، هەموویان ئیلهامیان لە جینیالۆژیای نیچە وەرگـــرت بۆ لادانی گرفتی مەعریفە و دەســـەڵات لەو واتایەی بەر لە ئەو لە ئارادا بوو، تەنانەت چەسپاندنی چەمکێکی جیاواز لەبارەی دەسەڵاتەوە.

**دەتوانین لەقاندنی هاوچەرخانەی گرفتی زانین و دەسەڵات بگەڕێنینەوە بۆ دەستەیەک لەبیرمەندانی هاوچەرخ، کە جینالۆژیای نیچە بووەتە ئیلهامیان. کاتێک پرسیاری ماهیەت و پرسینی «کێیە ئەو»ی گۆڕی بە پرسیاری «لە کێ» و «لە چی»؟**

لەگەڵ ئەوانەدا ڕوون بـــووەوە کە ئەم چەمکە نابێ لە لای خاڵێکی سەنتراڵ بە دوایدا بگەڕێین، کە ئەو تەنیا جغزی ســـەروەرییە، هەورەها چاوگی رۆشـــناییە بۆ (ئەوە)ی (لەو)ـــەوە پەیدا دەبێت، بەڵکوو لە ئاســـتی بنەگەی بـــزواو (جووڵاو)ی پێوەندیی هێزەکانەوە لێی بڕوانین، کە بێ پسانەوەو لە ئاکامی جیاوازییانەوەو نا یەکسانیی نێوانیانەوە، حاڵەتـــی جۆربەجۆری دەســـەڵات دەهێنێتە ئاراوە (دەئافرێنێت)، بەڵام حاڵەتـــی لایەنکارانەو لاپەڕ کەوتوون و ناجێگیرن. دەســـەڵات شوێنێکی دیاری کـــراوی نییە، ئەو ترۆپکی هـــەرەم نییە، هەروەها ئەوەش نییە کە لە ســـەرەوە ڕا بێتە خوارێ. ئەو لە هەموو لایەکەوە دێت، لە هەر شوێنێکیشـــدا جێی خۆی دەگرێـــت، بەڵام ئەوە لەبەر ئـــەوە نییە کە خاوەن توانایەکی لە ڕادەبەدەرە کە بە ســـەر هەموو شـــتێکدا زاڵ دەبێت، بەڵکوو لەبـــەر ئەوەیە کە لە ئاســـت هەموو خاڵێکدا پەیدا دەبێت، یان راستتر لە پێوەندیی خاڵێك بە یەکی دیکەوە. دەسەڵات خۆی بە زلتر لەو شـــوێنە نازانێت کە تێیدا بەرجەســـتە دەبێت، ئەو هاوشـــوێنی ئەو کایەیە کە کاری تێدا دەکات. پێوەندییەکانـــی دەســـەڵاتیش لە دەرەوەی جۆرەکانی دیکەی پێوەندیدا نایەتە دی. دەسەڵات ســـتراتیژێکەو پیادە دەکرێت، ئەو پیادە کردنەشی لـــە خاڵانێکی بێ شـــومارەوەیە، لـــە گەرمەی پێوەندیگەلی بزواوی ناچونیەك. دەســـەڵات دەزگا (دامـــەزراوە) نییە، هەروەهـــا هێزێکیش نییە بە هەندێك درا بێـــت و بە هەندێکیش نا، بەڵکوو ئەو «ناوەیە کە بە دۆخێکی ئاڵۆزی ستراتیژیی دەڵێین لە کۆمەڵگایەکی دیـــاری کراودا» (فۆکۆ)، ئەو ســـتراتیژێکە تەنیا بەند نییە بە قەدەغە و ڕێگری و ناچار کردن بە باوەڕ هێنانەوە، بەند نییە تەنیا بە بەرهەم هێنانی سەرکوت و ئایدیۆلۆژیاوە.

**بۆ ئەوەی هێز بئاخنینە رایەڵی مەعریفەوە، هەروەها بۆ ئەوەی پاوانخوازی و دەست بەسەردا گرتن بخزێندرێتە خودی پرۆسەی مەعریفەوە، دەبوو چەمکی دەسەڵات لە واتای ئاساییانەی خۆی دوور بخرێتەوە**

کەواتـــە چەند لـــە چەمکێك لەبـــارەی هێزەوە دووریـــن، کە وەك کۆنترۆڵێك رێی پێ دەدات پەی بە یاســـاکانی سروشـــت و کۆمەڵ ببـــات، بەڵام هەروەها چەند لە گرفتـــی نەریتیانەی پێوەندیی زانین بە دەسەڵاتیشـــەوە دووریـن. لێرەدا مەبەستمان لە گرفتی نەریتی تەنیا ئەوە نییە کە لە بەرایی وتارەکەدا ئاماژەمان پـــێ کرد، بەڵکوو هەروەها ئەوەی دەکرێ پێی بڵێین پێکەوە گرێدانی زانین و چوارچێوەی جڤاکیانـــەی لە ئامێزیدا لەدایك دەبێت (پەیدا دەبێت)، لە نێویشـــیاندا ئەو پێکەوە گرێدانە نەریتییەی مارکیسزم لە نێوانی ئەوەی پێی گوترا ســـەرخان و ژێرخـــان. تەنانەت ئەو پێکەوە گرێدانەش نەچووە باری دانانی دەسەڵات و خەبـــات لە نێو رایەڵـــی زانینەوە، بەڵکوو هەر بەوە وەســـتا کە لە ئاســـت رۆڵـــی جڤاکیانە و ئەرکـــی ئایدیۆلۆژیانەیدا هەڵوەســـتە بکات، بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی ســـەرقاڵی دیاری کردنی پێگە (شوێنان)ی هەقیقەت بوو، خۆشی لە نێو دووانەکانی سەرخان و ژێرخان، راستی و وەهمدا بەند (زیندانی) کرد، کێ خاوەن دەسەڵاتە و کێ خاوەنی نییە؟

**دەسەڵات خۆی بە زلتر لەو شوێنە نازانێت کە تێیدا بەرجەستە دەبێت، ئەو هاوشوێنی ئەو کایەیە کە کاری تێدا دەکات. پێوەندییەکانی دەسەڵاتیش لە دەرەوەی جۆرەکانی دیکەی پێوەندیدا نایەتە دی**

گوتمان کە دەتوانین لەقاندنی هاوچەرخانەی گرفتـــی زانیـــن و دەســـەڵات بگەڕێنینەوە بۆ دەســـتەیەك لـــە بیرمەندانـــی هاوچـــەرخ، کە جینالۆژیای نیچە بووەتە ئیلهامیان. بە کردەنی جینالۆژیـــای مەعریفـــە تیۆرییەکی تازەی بۆ بەرهەم هێنانی واتا دامەزراند، کاتێك پرســـیاری ماهیەت و پرســـینی «کێیە ئەو»ی گۆڕی بە پرســـیاری «لە کێ» و «لە چی»؟ مەبەستم چین ئەو هێزانەی لە پشـــتی واتاکانەوەن و دەبنە خاوەنی شتان؟ ئیدی بەهایەکیان پێ دەدات و لە یەکدییان جیا دەکاتـــەوە و پەیژەی ریزەبەندی و جیاکاری دەئافرێنێت.

نیچـــە روونی کردەوە کە ئیـــرادەی مەعریفە هەر خـــۆی ئیرادەی هێـــزە، زانینیش داهێنانی جیاکارییـــە، تەنانـــەت زمانیش لـــە روانگەی ئەوەوە کردارە دەســـەڵاتە، ســـتراتیژی ناونانەکە ســـتراتیژی زاڵ بوونە، ئەدی هەر ئەو نییە کە دەڵێ: «مافی ئاغا لە ناوناندا تا ئاستێکی دوور دەڕوات، تا رادەی ئەوەی دەکرێ بنەچەی زمان کردە دەســـەڵاتێك بێت، لەوانەشـــەوە سەرچاوەی گرتـــووە کە بە ســـەریدا زاڵـــن. ئەوانە گوتیان ئەمە وایە و وەهایە، درکە (وشـــە)یەکی دیاری کراویان بە بابەتێکی دیاری کراو یان کردارێکی دیاری کراوەوە نووســـاند، ئیـــدی بوونە خاوەنی هەردووکیان».

# کابینەی نوێی حکومەت و ستراتیژێک بۆ بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە کوردستاندا

١



د. ئاراس عەبدولکەریم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

**بەردەوامبوونی حکوومەت لەسەر پلانی بە لێشاو تەعیینکردنی فەرمانبەران و کەڵەکەبوونی سوپایەك لە فەرمانبەری بێ ئیش و کار و بێ توانا ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ کە تاچەند حکوومەتی هەرێم لەڕووی ئەم ستراتیژە نیشتیمانییە گرنگەوە دەست کورتە**

ئەگەرچی لە ئاستی ستراتیژی حکوومی و دەوڵەتی زیاد لە پێناسەیەک بۆ (بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی) کراوە و کاریان پێدەکرێت، بەڵام سەرجەم پێناسەکان لەهەرچییەکدا جیاواز بن لەوەدا کۆکن کە ئەم چەمکە لە بواری ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی توانای مرۆییدا کۆی پرۆسەکانی پلاندان و ڕێکخستن و پەرەپێدان و بەڕێوەبردن لەخۆدەگرێت بە ئاڕاستەی هاندان و گەشەپێدانی ئەو توانا مرۆییەی کە لەسەر ئاستی کۆمەڵگە حکوومەت پشتی پێ دەبەستێت. واتە ئەم چەمکە بۆخۆی زنجیرەیەک پرۆسەی ورد و درێژخایەن لەخۆدەگرێت کە پەیوەستن بە پرۆسەیەکی گشتگیر و گەورەترەوە ئەویش پرۆسەی هەڵبژاردن و بەکاربردن و گەشەپێدانی توانای بەرهەمهێنانی مرۆییە، هەربۆیە پرۆسەی بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە بنەڕەتدا پرۆسەی پلاندان و ڕێکخستن و ئاڕاستەکردن و چاودێریکردنی هەموو ئەو فاکتەر و کایانەیە کە پەیوەستن بە کردەی وەرگرتن و بەگەڕخستنی توانای مرۆیی لەگەڵ پەرە و گەشەپێدان بەم توانایە و باربووکردنی و پاراستنی وەک (سەروەتێکی نەتەوەیی). ئەمەش لەو باوەڕەوە دێت کە توانای مرۆیی لە هەرکام لە بوارە جیاجیاکاندا لەیەک کاتدا سەرەکیترین کەرەستە و سەرەکیترین بەرهەمی نەتەوەییە.

هەربۆیە لە دنیادا سیستمێکی حوکومڕانیی سەرکەوتوو نابینین کە بتوانێت بەبێ ئامادەکردنی ستراتیژێکی تۆکمە بۆ بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی هەنگاوێک بنێت. بەو حوکمەی کە مەبەست و هۆکاری بایەخدانی حکوومەت و دەوڵەتان بە ستراتیژێکی لەمجۆرە بە جۆرێک ئاشکرایە کەپێویست بە ئاماژە بۆکردن ناکات، هەربۆیە پرسیاری سەرەکیی ئێمە (تایبەت بە کۆمەڵگەی کوردستانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان) لەم لایەنەوە، لەمەڕ بایەخ و گرنگیی ئەم ستراتیژە نییە، بەڵکو پرسیارە لەمەڕ چۆنێتی ئامادەکردن و بەڕێوەبردنی سترایژێکی لەمجۆرە.

بەر لەهەر شتێکیش ئەگەر بپرسین داخۆ تا ئێستا حکوومەتی هەرێم خاوەنی ستراتیژێکی ڕوونە لەمەڕ بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی، بەدڵنیاییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە تووشی جۆرێک لە بێهیواییمان دەکات، بە جۆرێک کە ئەوەی تا ئێستا لەم بوارەدا و لەسەر زەمینەی واقیع دەیبینین و هەستی پێدەکەین، نەک ئامادەنەبوونی ستراتیژێکی گشتیی و بەس، بەڵکو هەست بە ئامادەبوونی پلانێکی لەمجۆرەش ناکرێت، بەردەوامبوونی حکوومەت لەسەر پلانی بە لێشاو تەعیینکردنی فەرمانبەران و کەڵەکەبوونی سوپایەک لە فەرمانبەری بێ ئیش و کار و بێ توانا ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەسەلمێنێ کە تاچەند حکوومەتی هەرێم لەڕووی ئەم ستراتیژە نیشتیمانییە گرنگەوە دەست کورتە.

لەهەموو بارێکیشدا هێنانەوەی هەر بیانوویەک بۆ ئەم پلانە بێ پلانەی حکوومەت لە کەڵەکەکردنی سوپای فەرمانبەرانی حکوومی هیچ شەرعییەتێکی کارگێڕی و لۆژیکی ناداتە کورت بینی ئەم حکوومەتە لە ڕووی داڕشتن و ئاڕاستەکردنی پلان و ستراتیژێکی درێژخایەن و ڕوون بۆ ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەو توانا مرۆییەی کە لەکوردستاندا هەیە بە ئاڕاستەی پێشخستن و گەشەکردنی ئاست و جۆری بەرهەمهێنانی مرۆیی.

لێرەدا ئەگەر بپرسین چۆن بتوانین ستراتیژێک بۆ بەڕێوەبردنی توانای مرۆیی لە کوردستاندا ئامادە بکەین؟ وێڕای ئەوەی دەبێ تا ڕاددەیەکی باش سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی کۆمەڵگەکانی تر وەربگرین، بە تایبەت کۆمەڵگە تازە گەشەکردووەکان، یان ئەوانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان لێکچوونێکیان لەگەڵماندا هەبێت لەڕووی بارودۆخی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یاخود ئابووری یان فەرهەنگی. بەڵام لە هەموو بارێکدا ئەوەی دەبێ لەبەرچاو بگیرێت بارودۆخ و ئەتمۆسفێری خۆیی کۆمەڵگەی کوردستانییە.

جێگەی باسە، خاڵی هەرە گرنگ لە پرۆسەی ئامادەکردنی ئەم ستراتیژەدا گشتگیریی پرۆسەکەیە نەک مەرکەزیکردنی، واتە گەورەترین هەڵە ئەوەیە سەرجەم پرۆسەی ئەم ستراتیژە نیشتیمانییە وەک پرۆسەیەکی مەرکەزیی لە ئاستی ئەنجوومەنی وەزیراندا قەتیس بخوات، وەک ئەوەی لە کابینەی پێشوودا لە بواری (کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی)دا کاری پێکراوە و تا ڕاددەیەکی زۆر ئەو ڕێکخراوانەی تووشی ئیفلیجیکرد. مەبەستمە بڵێم ئەم ستراتیژە بە دەرکردنی بڕیارێکی باڵای حکوومەت نایەتە بوون، بەڵکو بەر لە هەر شتێک ئیرادەیەکی باڵای

گەرەکـــە لە نێو حکوومەتدا. پاشـــان هەڵەیەکی گەورەیـــە گەر بێـــت و وەک زۆر کایە و بابەتی ســـتراتیژیی تر هەر لە رێـــوە (بەرێوەبەرێتییەکی گشـــتی) یـــان هـــەر دامەزراوەیەکـــی تری بۆ دابمەزرێنرێت، چونکە لە راســـتیدا بەگەڕخستنی ســـتراتیژێک بۆ بەرێوەبردنی توانای مرۆیی لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی ئیدارییە نەک دامەزراوەیەکی ئیداریی. لێرەوە دەکرێ هەردوو جۆرەکەی ئاستی پەیوەندی و بەرێوەبردنی (شـــاقوولی و ئاسۆیی) لـــە پرۆســـەی وەگەڕخســـتنی ئەم ســـتراتیژەدا بخرێنـــە گەڕ، واتە لە کاتێکدا دەکرێ لە ســـەر ئاســـتی وەزارەتەکان و لە بەشی یان فەرمانگەی (پلاندانان)یاندا شوێنێکی تایبەت بە بەرێوەبردنی توانـــای مرۆیی تەرخان بکرێـــت، هاوکات ئەمە بۆ ســـەرجەم فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتی و دەزگا جیاجیاکانی حکوومەتیـــش گونجاوە، بەڵام دەبێ ئەوەمان لەیـــاد نەچێت کە نابێت بەهیچ جۆرێک میکانیزمی (هەرەمیی)ی لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە لە وردەکارییەکانی ئەم پرۆسەیەدا پەیرەو بکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە داتا و تێبینی و رێنومابییەکان ئاراستە وەربگرن.

چۆن دەکرێت ستراتیژێک بۆ بەرێوەبردنی توانای مرۆیی ئامادە بکەین؟

ئاشکرایە کە خاڵی دەستپێکی هەر پرۆژەیەک بە دیراسەکردن دەستپێدەکات، دیراسەکردنیش لە دوو ئاستدایە کە یەکەمیان خودی پرۆژەکە و دووەمیش ئاستی کۆمەڵگە و ژینگە مرۆییەکەیە، بەم پێیە خاڵی دەســـتپێک کە (پلاندانان)ـــە دەبێ تێیدا دیراســـەیەکی وردی بواری کار لە حکوومەتدا بکرێـــت و بە دیقەتەوە (ئاســـتی هـــەرە بەرز) و (ئاســـتی هەرە نزم)ی پێداویســـتیی حکوومەت بە بواری کار دەستنیشـــان بکرێت، پاشـــان هەر یەک لەم ئاستانە لەگەڵ (توانای مرۆیی) لەنێو حکوومەتدا بەراورد بکرێن، هەڵبەتە راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە حکوومەتی ئێمە لەبەر زۆریی ژمارەی فەرمانبەرانی، لەهەموو بارێکدا بۆ ئەوەی تووشـــی قەیرانی ئیداری و بگـــرە کۆمەڵایەتی و سیاســـیش نەبێـــت، دەبێ بەلای ئاســـتی هەرە بەرزی پێداویســـتی حکوومەتدا بشکێنێتەوە. لەم بارەشـــدا ئەوەی گرنگە پرۆســـەی پۆلێنکردنی توانـــای مرۆییە لەســـەرجەم فەرمانگاکاندا، بە لەبەرچاوگرتنی چەند پرەنســـیپێکی ســـەرەکیی وەک (شـــارەزایی، تەمـــەن، رەگـــەز، بـــاری تەندروســـتی و ...تاد) کە لە هـــەر بوارێکدا بە شێوازی تایبەت و جیاواز دەبنە خاڵی بەهێزی توانا مرۆییەکان لە فەرمانگە حکوومییەکاندا. لێرەدا ئەوەی گرنگە دەستنیشـــانکردنی ئەو توێژەیە کە بە (توێژی نوستووی بێکار) ناو دەبرێت، توێژێک کـــە تاکەکانی وەک هـــەر فەرمانبەرێکی دی هەمـــوو مافەکانی لـــە حکوومەت دەســـتەبەر دەکات بەبـــێ ئەوەی نیوەی ئەرکەکانی جێبەجێ بـــکات. ئیدی ئەوانە بن کەبە مووچەی بن دیوار ناودەبرێن یاخود ئەوانەی لە قۆرخکردنی کورسی و مێزێکی فەرمانگەیەک زیاتر هیچ بوونێکیان لەو فەرمانگەیەدا نییە. دوابەدوای ئەم پۆلێنکردنە پلانی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی توانای مرۆیی فەرمانگـــەکان دێـــت، کـــە هـــەر فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتیـــی و لە میانەی ئەوانیشـــەوە هەر وەزارەتەی داتایەکی دروستی لەمەڕ پۆلێنکردنی توانای مرۆیی و پێداویســـتییەکانی خۆی ئامادە کردووە و دەتوانێت بـــە رەچاوکردنی بەرژەوەندیی فەرمانبەران، ئاســـتی وەرگرتنی توانای مرۆیی بۆخـــۆی دیاریبکات، بەبێ ئەوەی ســـوپایەک فەرمانبەری بێـــکار لەخۆی کۆبکاتەوە. دەکرێ لێرەدا کەسێک بپرسێت چۆن دەکرێت ئەم پرۆسەیە بەبـــێ دەرکـــردن و مووچەبڕیـــن و بێکارکردنی هـــەزاران فەرمانبەر پیادە بکرێـــت؟ لێرەدا وێڕای ئەوەی ئەم پرۆســـەیە دەبێ بە چەند هەنگاوێک ئەنجامبدرێت و هێمنانە پیـــادە بکرێت، هاوکات دوو هەنگاوی گرنگ هەیە کە دەبێ حکوومەت بیاننێت، یەکەمیان بەشێکی دیار لە فەرمانبەرانی حکوومەت لەو کەسانەن کە بەپێی تەمەن و ساڵی خزمەتیان دەبوایە خانەنشـــین کرابـــان، بۆیە لە پرۆسەی پۆلێنکردنەکەدا نابێ ئەوان پشتگوێخرێن و دەبێ شـــوێنیان بە توانای تـــری نەوەی دوای خۆیان پـــڕ بکرێنەوە، مەگەر چەند بوارێکی زۆر تایبەتی وەک خوێندنی بـــاڵا یان هەر بوارێکی پەیوەست بە شارەزاییە دەگمەنەکانەوە. هەنگاوی دووەمیش ئیشـــکردنە لەسەر کەرتی تایبەت، واتە دەبێ حکوومەت بـــە جددیی ئیش بۆ ئەوە بکات نێوەندێکی گونجاو لە ئاستی کەرتی تایبەتدا بۆ توانای مرۆیی خۆماڵی دابین بکات، بە جۆرێکیش کە بەرژەوەندیی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت بە شێوەیەک بێت مایەی هاندانی مانەوەیان بێت لەو بـــوارەدا، واتە بەســـتنەوە و ئیلزامکردنی کەرتی تایبەت بە کۆمەڵێک یاســـا و رێســـای ئەوتۆوە کە لە خزمەتـــی ئەم ســـتراتیژەدا بێت، وێڕای بەرژەوەندیی فەرمانبەرانی کەرتی تایبەت.

تا ئێرە قســـە لەســـەر خاڵی یەکەمی ستراتیژی بەرێوەبردنی توانای مرۆییمان کردووە، کە تایبەتە بە پلاندان و دیراســـەکردنی ئەتمۆسفێری توانای مرۆیـــی و توانـــای حکوومـــەت و دواتر باس لە خاڵە ســـەرەکییەکانی تر دەکەین کە پەیوەســـتن گەشەپێدانی توانای مرۆیی و پرۆسەی بیناکردنی ســـتراتیژی نیشـــتیمانی لە بەرێوەبردنی توانای مرۆییدا.

**(توێژی نوستووی بێکار) توێژێك كە تاكەكانی وەك هەر فەرمانبەرێكی دی هەموو مافەكانی لە حكوومەت دەستەبەر دەكات بەبێ ئەوەی نیوەی ئەركەكانی جێبەجێ بكات**

**دەبێ حكوومەت بە جددیی ئیش بۆ ئەوە بكات نێوەندێكی گونجاو لە ئاستی كەرتی تایبەتدا بۆ توانای مرۆیی خۆماڵی دابین بكات**

# خوێندنەوەیەک بۆ هەردوو کتێبی هەڵەبجەو ئەنفال

**یۆست هیڵتەرمان، مەسەلە ژەهراویەکان: ئەمەریکا، عێراق و گازبارانکردنی هەڵەبجە.**
**چۆمان هەردی، ئەزمونە جێندەریەکانی جینۆساید: ڕزگاربووانی ئەنفال لە کوردستانی عێراقدا.**

ئەم دوو کتێبە باس لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی دەکەن لەلایەن عێراقی سەردەمی سەدام حوسێنەوە لە دژی کوردەکان لە چوارچێوەی هەڵمەتە بەدناوەکانی ئەنفال لە کۆتایی شەڕی ئێران-عێراقدا لە ساڵی ١٩٨٨ و لە دژی شاری هەڵەبجە لە ١٦ی ئازاری ١٩٨٨دا. هەردوو نووسەر کاری مەیدانی چڕیان کردووە بۆ بابەتەکەیان و کاری بەراوردکارییان کردووە لەگەڵ جینۆسایدەکانی دیکەدا، بە تایبەتی هۆلۆکۆستی جولەکەکان، هەروەها ڕووداوەکانی دیکەی وەك بۆردومانکردنی یابان بە بۆمبی ئەتۆمی، کە من پێم وانییە ئەمەی دواییان جینۆساید بێت. بەو پێیە، هەردوو نووسەر باسێکی زۆر پڕ بەهامان پێشکەش دەکات دەربارەی نامرۆیی بوونی مرۆڤەکان لە ئاست یەکترداو ـ کارەکەیان ـ بەشدارییەکی گەورەیە لە شیکردنەوەی پێویستی ئەو ڕووداوە ناخۆشانە.

هیڵتەرمان تایبەتمەندو توێژەرێکی هۆڵەندییە کە کارێکی مەیدانی زۆری کردووە لە عێراق بۆ ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی، لە کاتێکدا چۆمان ئافرەتێکی کوردەو خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرایە لە زانکۆیەکی بەریتانی کە لێکۆڵینەوەکەی تەرکیزی لەسەر تەندروستی هزری ئەو ئافرەتە پەنابەرە کوردانە کردووە کە لە هەڵمەتەکانی ئەنفال ڕزگاریان بووەو لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە. ئەوەی جێی ستایشە هەردوو لێکۆڵینەوەکە خۆیان لە بەکارهێنانی دەستەواژەی قورس و ئاڵۆز بە دوورگرتووەو خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بیانخوێنێتەوە.

مەودای ناونیشانەکەی هێڵتەرمان دەربارەی» گازبارانکردنی هەڵەبجە» بەرتەسکترە بە بەراورد بە ناونیشانەکەی هەردی دەربارەی ڕزگاربووانی ئافرەتانی ئەنفال بە گشتی. هەرچۆنێك بێت، هێڵتەرمان لە بابەتێکی فراوانترەوە دەست پێدەکات و دواتر دەچێتەسەر بابەتەکانی دیکەی پەیوەست بە بەکارهێنانی عێراق بۆ بەکارهێنانی کیمیایی لە شەڕی ئێران-

> **هێڵتەرمان مشتومڕی ئەوە دەکات کە «هەرچەندە بەدیلەکان جێی خۆشحاڵی نەبوبێتن، ئەوا بڕیاردان بە پشتیوانیکردنی عێراق و چاونوقاندن لە ئاست توندوتیژی و دڵڕەقیەکانی، ئاکام و دەرئەنجامی زیانبەخشی تایبەت و گەورەیان لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش تارمایی ئەو کارانە بە شوێنمانەوەیە»**

عێراقدا کە لە ساڵی ١٩٨٠ تاوەکو ١٩٨٨ بەردەوام بوو، کاردانەوەی ئەمەریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوانی دیکە بۆ ئەو شەڕە، هەروەها لوبنان لە ساڵی ١٩٨٣، هێرشی عێراق بۆ سەر کوەیت و ئەو شەڕە کورتەی لە ئاکامی ئەو هێرشەدا لە ساڵی ١٩٩١ دروست بوو، لەگەڵ تموحە ناووکیەکانی ئێران لە دوو هەزارەکاندا. لەو ڕوانگەیەوە، ئەم دوو کتێبە یەکتر تەواو دەکەن لەبری ئەوەی باس لە هەمان بابەت بکەن.

هەروەك هەردی باسی دەکات، «ئەنفال زنجیرەیەك بوو کە لە هەشت هەڵمەتی سەربازی پێکهاتبوو کە ژیانی گوندنشینی کوردستانی لە ماوەی نێوان شوبات و ئەیلولی ١٩٨٨دا لە ناوبرد» (لا.١٣) ئەگەرچی زۆربەی سیاسیەکانی کورد بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ١٨٢،٠٠٠ هەزار کورد لە ئەنجامدا لە ناوچوون، هەردی ڕایدەگەیەنێت کە» من باوەڕم وایە ژمارەکە لە ١٠٠،٠٠٠ نزیکە» (هەمان لاپەڕەی پێشوو)، هیڵتەرمان دەڵێت» ڕەنگە نزیکەی ٨٠،٠٠٠ کەس، کە زۆربەیان خەڵکانی مەدەنی بوون، کوژران» (لا.١١٣) هەردی ئەوە دەڵێت کە « دەستبەجێ بە هەزاران مەدەنی مردن.» (لا.١٩) ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵەبجەوە، هێڵتەرمان دەنووسێت کە» باوەڕ وایە ژمارەکە چەند هەزار کەسێك بێت.» (لا.٢). زۆربەی توێژەران نووسیویانە کە نزیکەی ٥،٠٠٠ کەس لە هەڵەبجە مردن.




## پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر
## تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

هێڵتەرمان وای لێکدەداتەوە کە پاساوی عێراق بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی ئەنفال تۆڵەکردنەوە بووە « دوژمنی ناوخۆیی، کوردە خیانەتکارەکان، تابووری پێنجی ؛موخەرِیبەکان؛ و خێزانەکانیان»(لا.١٠٦) ئەوانەی پشتیوانیان لە بوونی دوژمنە ئێرانیەکە دەکرد.

لە رەخنەگرتنیدا لەو کەسانەی بارەکەیان بەلای عێراقدا دەشکاندنەوە، هێڵتەرمان مشتومڕی ئەوە دەکات کە «هەرچەندە بەدیلەکان جێی خۆشحاڵی نەبوبێتن، ئەوا بڕیاردان بە پشتیوانیکردنی عێراق و چاونوقاندن لە ئاست توندوتیژی و دڵڕەقیەکانی، ئاکام و دەرئەنجامی زیانبەخشی تایبەت و گەورەیان لێکەوتەوە، کە تا ئێستاش تارمایی ئەو کارانە بە شوێنمانەوەیە»(لا.١٨). ئەو بەو دەرئەنجامە دەگات کە « رێککەوتنی نهێنی ئیدارەی رێگان لەگەڵ عێراقدا لە سەروەختی شەڕەکەدا و بێدەنگی لە ئاست هەڵەبجە وەك هەڵکردنی رووناکی سەوز وابوو کە لە کۆتاییدا جینۆسایدی لێکەوتەوە لە کوردستانی عێراقدا»(لا.١٧). نەتەوە یەکگرتووەکانیش ڕزگاری نەبووە لەم ئیدانەکردنە توندە» سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی بەیانێکی لاوازی دەرکرد کە ئیجماعی -ئەندامەکانی- لەسەربوو، بەڵام ئاماژەی بە ناوی عێراق نەکرد وەك لایەنی تاوانبار»(لا.٦١)، « تەنانەت ئەگەر عێراق بە تەنیا تاوانبار بێت»(لا.١٥٢). بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم هەڵوێستە لاوازەی هەبوو؟» ڕەخنەی لەرزۆکی ئەنجومەنەکە ئاماژە بوو بە ترسی ڕوو لە زیاد بەرامبەر ئەگەری سەرکەوتنی ئێران»(لا.٧٣). بەو پێیە « عێراق حەسانەی هەبوو و توانیویەتی بەردەوامبێت لە کیمیابارانکردن تاوەکو کۆتایی شەڕەکە، کە مشتومڕی ئەوە دەکرێت ئێرانێیەکانی کیمیارانکرد بۆ ئەوەی ڕایانکێشێتەسەر مێزی گفتوگۆ»(لا.١٥٦). «لەو ڕوانگەیەوە سەرکردەکانی عێراق جارێکی دیکە تێگەیشتن لەوەی کە ئەوان ڕزگاریان بوو- لە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیارێتی- لەو کوشتنەی ئەنجامیان دابوو.»(لا.٩٨)

> **پیتەر گالبرێس دەڵێت، کە ئەو کاتە لە ئەنجوومەنی سیناتدا بوو کە بە دواداچوونی بۆ بەرەو پێشچوونەکانی کوردستانی عێراق دەکرد، بەو دەرئەنجامە گەیشت: «شێواندنی ڕاستیەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەستەکانی خۆتدا بگونجێن، هەروەک ئەوەی ئیدارەی ڕێگان کردی، کارێکی شەڕانی و شەیتانیە»**

«بە دەستکاریکردنی بەڵگەکە» (لالا.١٨٣-٢٠٥) لەلایەن ئەمەریکاوە بۆ ئەوەی ئۆباڵەکە بخاتە ئەستۆی عێراق و ئێران بۆ کیمیارانکردنی هەڵەبجە، لە ئەگەری سەرکەوتنی ئێرانەوە سەرچاوەی گرتبوو، موفارەقەش ئەوەیە کە ئەمە بووە هۆکارێك بۆ « هەڵبژاردنی ئینتیقائیانەی بەڵگەکان» تاوەکو زیاتر لە دەیەیەك دوای ئەوەو لە ساڵی ٢٠٠٣دا بیکاتە پاساوێك بۆ هێرشکردنەسەر عێراق. هیلتەرمان ئەوە شەرح دەکات کە» تا ئەو ئەندازەیەی ئەمە لێکدانەوەیەکی مەبەستدار بوو، ئەوا پێدەچێت ئەمە بەشێك بێت لە هەوڵێکی بەرنامەبۆدارێژراو بۆ سووککردنی فشارەکانی سەر ڕژێمی عێراق بەوەی بەلای کەمەوە بەشێك لە بەرپرسیارێتی کیمیابارانکردنەکە بخرێتەئەستۆی ئێرانیەکان، ئەویش بە سوودوەرگرتن لەو تەمومژەی شەڕەکە دروستی کردبوو، هەروەها بەهۆی ئەوەی چاودێری سەربەخۆ لە مەیدانی شەڕەکەدا بوونیان نەبوو، لەگەڵ سوودوەرگرتن لەو هەستی دوژمنایەتیە گشتیەی لە دژی ئێران هەبوو.»(لا.١٨١) شیکەرەوەی دەزگای ناوەندی هەواڵگری ئەمەریکا ستیڤن پیلەتیێر لەوە زیاتر دەڕوات بۆ ئەوەی بێشەرمانەو بە هەڵە باس لەوە بکات کە « ئەوە ؛زانیاریەکی گشتی؛ لە

بـــواری پیشـــەکەدا کە ئێـــران چەکی کیمیای بەکارهێنابوو لە هەڵەبجە، بەڵام ئەو بەڵگەیە بۆ پاشکۆیەکی نهێنی کتێبەکەی -کە بە هاوبەش نووســـیبووی- هەڵگیرا، کە ئەوەش لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی نهێنی پەیمانگای لێکۆڵینەوە جەنگیەکان بنیات نرابوو.»(لا.٢٠٢). چ قســـەیەکی پڕ و پوچە!

لەوڕوانگەیەوە، هیلتەرمانبەودەرئەنجامە دەگات کـــە «سیاســـەتی ڕێگەپێـــدان ســـەرلەقاندنی ئەمەریـــکا هاوشـــێوەی پیلانگێرانی تاوانکاریانەیە»(لا.٢٤٣).

یاخـــود وەك پیتەر گالبریس دەڵێت، کە ئەو کاتە لە ئەنجوومەنی سیناتدا بوو کە بە دواداچوونی بۆ بەرەوپێشـــچوونەکانی کوردستانی عێراق دەکرد، بەو دەرئەنجامە گەیشت: «شێواندنی ڕاستیەکان بۆ ئەوەی لەگەڵ مەبەســـتەکانی خۆتدا بگونجێن، هەروەك ئەوەی ئیـــدارەی ڕێگان کردی، کارێکی شەڕانی و شەیتانیە».(لا.٢٠٥). ئەوەی جێی سەرنجە، هیلتەرمانیش ئاماژە بەوە دەکات کە شـــاری کـــوردی ئێرانی سەردەشـــت»یەکەم شـــار بوو لە مێژوودا کیمیابـــاران بکرێـــت، کە ســـاڵێك دواتر ڕوویداو هەواڵەکـــەی کەوتە پێش هەواڵی هەڵەبجەوە.(لا.٨٤)، بەڵام چارەنووســـی ئەوەبوو لەبیرکرا لە کاتێکدا هەمیشە یادی هەڵەبجە دەکرێتەوە.

ئەو ڕاستیەی موچڕکە بەلەشدا دەهێنێت ڕاستیەکی وردیشە، ئەوەیە کە هیلتەرمان ڕوونی دەکاتـــەوە کە بۆچـــی کوردەکان دوای چەندەها ساڵ هێشتا سوورن لەسەر بەرگری کردن لە باری خۆبەڕێوەبەریەی لە بەرامبەر بەغدا بەدەستیان هێناوە:»تەنانەت ئێستاش، ئەم ترسە لە نەستی کوردەکان بە قووڵی ڕۆچـــووە، ڕۆچوونێك هاوتایە بە قەناعەتێکی جێگیر کە هەرگیز ناتوانرێت متمانە بـــە هیچ حکومەتێکی مەرکەزی دیکـــە بکرێـــت کە ئـــەم کارە نـــاڕەواو توندانـــە دووبارە ناکاتـــەوە» (لالا.٢٢٥-٢٢٦). هەروەها ئـــەوەش زیاد دەکات کە «بێتوانایی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتی بۆ تێگەیشتن لە گرنگی- ئاڵوگۆڕهێنەری- ئەنفال و هەڵەبجە بـــۆ کورد تا ڕاددەیەك نزیکە لە تێنەگیشـــتن لەوەی چۆن ٩/١١ کاریگەربوو لەسەر دەروونی ئەمریکیەکان، یاخـــود تێنەگەیشـــتن لـــەوەی کە هەر جینۆسایدێکی سەدەی بیست کاریگەری تێکشکێنەری هەبووە لەسەر ئەو کەسانەی لێی ڕزگاربوونە»(لالا.٢٢٦-٢٢٧).

دوای ئـــەوەی بانگەشـــەی ئـــەوە دەکات کـــە هەڵمەتـــی ئەنفال» کەیســـی جینۆســـایدە»(لا.٣٠)، لێکۆڵینەوە هەردی، کـــە بـــە ئەندازەیەکی کەم جیـــاوازە، ڕێگا جۆراجۆرەکانی کاریگـــەری بوونی ئافرەتان بە هەڵمەتەکە شـــیدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەی چەند کەسیان لێ ڕزگاربووە. ئەو پرسەکانی وەك دەســـتدرێژی سێکســـی تاتوێ دەکات کە ئافرەتان لە کەمپەکانی دەســـتگیرکردن و دەستبەســـەرکردندا ڕووبـــەڕووی بوونەوە، لەگەڵ ڕەوشی ئاوارەو پەنابەرە ناوخۆییەکان، نەهامەتـــی و میحنەتـــی ئەو کەســـانەی لـــە هێرشـــی کیمیابارانکـــردن ڕزگاریان بووە، تەحەدی دووبـــارە بنیاتنانەوەی ژیان دوای کاولـــکاری، هەروەهـــا ئاکامەکانی هەموو ئەمانە لەســـەر تەندروستی عەقڵی. هەردی ســـەرنجی ئەوە دەدات کە چۆن»لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، دەســـتدرێژیکردن

**هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئیعتیرافی بە بەرپرسیارێتی خۆی نەکردوە بەرامبەرە بە ڕزگاربووان کە تەنیا قوربانی دەستی دیکتاتۆرێکی دڵڕەق نین، بەڵکو قوربانی دەستی ئەو کۆمپانیا ڕۆژئاواییانەن کە کەرەستەی کیمیاییان بە بەغدا فرۆشت لە ساڵانی هەشتاکاندا**

شـــەرم و شـــەرمەزاری بـــۆ قوربانیەکـــە دروســـت دەکات.کە تەنانەت لەلایەن کەسە نزیکەکانـــی ئافرەتەکەوە دەکوژرێن. ئافرەتان بەرپرســـیار دەکرێن لەو تاوانانەی دەرهەقیان ئەنجامـــدراوە»(لا.٦٠). یەکێـــك لـــە و ئەزموونانەی مایەی سوکایەتیە ئەوەیە «کە ســـەربازە عێراقیـــەکان جلەکانـــی ژێرەوەی ئافرەتەکانیان دەکـــرد بەدارێکەوە و بەرزیان دەکـــردەوە. هاواریان دەکـــرد ؛ ئەمە ئاڵای کوردانە؛. ؛های علم اکراد»(لا.٦٣).

یەکێك لە دیمەنە هەژێنەرەکانی دیکە، کە هەردی باسی دەکات ئەوەیە دوای منالبوونی «مینا لە سەرما و شەکەتیدا هەڵدەلەرزی. دایکی، هاجەر، خۆی بەسەردا شۆڕدەکاتەوە بۆ ئەوەی —بە جەستەی خۆی-وەك بەتانی دایپۆشـــێت لەبەر ئەوەی هیچ شتێکی دیکە نەبوو خۆیانی پێداپۆشن»(لا.٦٩).

ئەوانەش کە ڕزگاربوونە» ئەو ئافرەتانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردن باسیان لە-ڕۆڵی-پارەکرد، کـــە بەهۆیەوە لە لایەن کەســـانی دیکـــەوە یارمەتیـــدران، لەگـــەڵ -ڕۆڵی-بەختدا»(لا.٧٢). «هەندێ جار ڕزگاربوون کارێکی هەڕەمەکی و بوو لە دەرەوەی توانای کەسەکەدا بوو. مردن و ڕەقبوونەوە لەسەرما، هەڵدێران لە شاخەکانەوە لە کاتی هەڵاتنداو نەخـــۆش کەوتن بێ ئەوەی لـــە کەمپەکەدا دەســـتت بە دەرمان بـــگات، کیمیابارانکرد، یاخـــود ژەهربارانکـــردن و ڕووداوگەلێکی ناخـــۆش بـــوون کـــە نەدەتوانـــرا ڕێگەیان لێبگیرێـــت»(لا.١٠٢). « لەبـــەر ئەوەی لە ســـەردەمی شـــەڕی عێراق-ئێراندا پارتە کوردیەکان هاوپەیمانی ئێران بوون، ئەوا ئێران پتر پێشوازی لە ئاوارەکان دەکرد، بە بەراورد بە تورکیا،» (لا.٨٦) کە تەنانەت هەندێکیان بەهۆی»بارهەڵگرەکانی ئێرانەوە بۆ شوێنی سەلامەت» (لا.٨٠) دەگوازرانەوە.

هەروەهـــا هەردی ئامـــاژە دەکات بەوەی کە چـــۆن»کاری جووتیـــاری دوای ئەنفال نەبوژاوەتەوە...نەبوونی وەبەرهێنان لە ناوچە گوندنشـــینەکاندا هاوشان بە ناسەقامگیری سیاسی لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا(١٩٩٤-١٩٩٨)، وشکەســـاڵی، هاوردەکردنی کاڵای هـــەرزان لە دەرەوە. هەروەها بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کاریگەری هەبوو لەسەر ئەمە، لەبەر ئەوەی لەبەرامبـــەر نەوتدا کەلوپەلـــی خۆراکی بۆ خەڵکـــە مەدەنیەکەی عێـــراق دابین دەکرد. ئەو هۆکارە جۆراوجۆرانە بە مانای ئەوەهاتن کـــە بازاڕێك نەبوو بۆ ســـاغکردنەوەی کاڵا ناوخۆییـــەکان و بەرهەمهێنانیشـــیان زۆری تێدەچوو»(لا.١٥٥). لەوەش زیاتر» هێشتا کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی ئیعتیرافـــی بە بەرپرســـیارێتی خۆی نەکـــردوە بەرامبەرە بـــە ڕزگاربووان کە تەنیا قوربانی دەســـتی دیکتاتۆرێکی دڵڕەق نیـــن، بەڵکو قوربانی دەســـتی ئەو کۆمپانیـــا ڕۆژئاواییانەن کە کەرەســـتەی کیمیاییان بە بەغدا فرۆشت لە ساڵانی هەشتاکاندا»(لا.١٢٠)

لە کۆتاییـــدا، دەکرێت هـــەردو کتێبەکە بخوێنرێنـــەوە بـــۆ تێگەیشـــتنێکی زیاتـــر لەبارەی ئەوەی چۆن گرتنبەری سیاســـەتی واقیعـــی بۆی هەیە سەربکێشـــێت بۆ، نەك تەنیـــا عەدالەتێکـــی ڕوکـــەش، بەڵکو بۆ سیاسیەتێکی دەرەکی خراپیش. خۆشبەختانە، هیلتەرمان و هەردی شایەتحاڵیان هێناوەتەوە بۆ ئەوەی ڕووداوەکان تەوسیق بکرێن ئەمەش خوێندنەوەیەکی پێویســـتمان دەخاتەبەردەست بۆ ئەو کەســـانەی دەیانەوێت باشتر تێگەبن لەوەی کە بە ڕاستی ڕوویداوە.



## لەبری ئاگربەست و پابەندبوون بە بەڵێنەکان

# ڕژێمی ئەسەد جارێکی دیکە کۆمەڵکوژی دەست پێدەکاتەوە

هەفتــەی ڕابــردوو ڕژێمــی ئەســەد بەدەستپێشــخەری کۆفی ئەنانــی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕازی بوو، بەڵام لەبری ئەوەی هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئاگربەســت و کشــانەوەی هێزەکانی لەناو شارەکان، زیاتر بەتانك و زرێپۆش هەڵدەکوتێتە سەر شارەکان و زیاتر کۆمەڵکوژی دەکات و سەرەنجامیش خەڵك ناچارە ماڵ و حاڵی خۆی بەجێبێڵێت و ڕوو لەوڵاتانی دراوســێ بکات، ئەمەش

> **کورد دەگات بەمافە مەدەنی و سیاسییەکانی لەبەر ئەوەی هەر لەڕابردووەوە ڕژێمەکەی «ئەسەد» هەوڵیدابوو بۆ بەخشینی مافی بەهاووڵاتیبوون بە کوردەکان**


بۆتە هۆکاری ئەوەی دەوڵەتانی دراوســێی ســوریا بەگشتی و تورکیا بەتایبەتی داوای هاریکاری نێودەوڵەتی بکەن بۆ فریاکەوتنی ئەو پەنابەرانە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەوانــەی لەنزیکەوە چاودێــری بارودۆخی ســوریا و تواناکانی ڕژێمی ئەسەد دەکەن، پێیانوایە هێشــتا ڕووخانی ڕژێمی ئەســەد ئاسان نییە و ئەگەر هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، ئەوا ئاستی قوربانییەکان و ژمارەی پەناهەندەکان ڕوو لەزیــاد بــوون دەکەن، وەك کریســتیان ئامانپوریش لەڕاپۆتیکدا بۆ کەناڵی سی ئێن ئێن ئاماژەی پێکردووە خەریکە ڕووداوەکانی بۆسنەی ساڵی ١٩٩٢ جارێکی دیکە لەسوریا دووبــارە دەبنــەوە، ســەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا و ئەو مەترسیانەی لەئاکامی ئەم هەڵکشــانە دەخوێنرێنەوە پرســیارمان لەپرۆفیســۆر ڕۆبەرت ڕابیــل بەڕێوەبەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی

فلۆریــدا ئەتلەنتیــك کــرد و لەلێدوانیکی تایبەتــدا بەمجۆرە ڕای خــۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (ڕژێمی ئەسەد توندوتیژی دەگرێتەبەر بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران، هەربۆیە پێموایە کە چارەســەرەکە بۆ حاڵی حازر کەمێك زەحمەتــە لەبەرئەوەی پێموایە کە چیتر زەحمەتە هاووڵاتیان بتوانن «بەشار ئەســەد» وەکو سەرۆکێکی «سوریا» قبوڵ بکەن لەبەرئەوەی تاکو ئەمڕۆ ژمارەیەکی

> **باشترە کوردی سوریا هەوڵبدەن لەگەڵ حکومەتی ئایندە دیالۆگ بکەن و هێزی فشار دروستبکەن بۆئەوەی بتوانن گفتوگۆ لەسەر داواکارییەکانیان بکەن**

زۆر لەهاووڵاتیان کوژراون، بۆیە پێویستە چاکسازیی بەرفراوان ئەنجامبدات، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە کە ئایا زۆربەی سورییەکان باوەڕیٚ پێدەکەن یان نا لەڕووی ئەنجامدانی چاکسازیی بەرفراوان؟ هەر لەبەر ئەمەیشە من زۆر گەشبین نیم لە بارودۆخەکە و هاوکات زۆر نیگەرانم لەڕووداوەکانی ئەمڕۆی «سوریا»، نەك تەنیا بۆ «سوریا» بەڵکو هەروەها بۆ «لوبنان» و تەواوی ناوچەکە. هەروەها هیوادارم کارەساتی مرۆیی ڕوونەدات، هیوادارم بارەکە نەگاتە ئەو ئاستە، هەروەها هیوادارم لە»تورکیا» و بەتایبەتی لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چارەسەرێك بدۆزنەوە بۆ پارێزگاری لەهاووڵاتیانی «سوریا»، ناکرێ خۆمان لەو ڕاستییە بدزینەوە کە ئەگەرێك لەکەشوهەواکەدا هەیە بۆ سەرهەڵدانی شەڕێکی تایفەگەری لە»سوریا»، مەترسی هەیە لەسەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی لە»سوریا» و لەو بڕوایەدا نیم ڕژێمەکەی «بەشار ئەسەد» نەرمونیانی بنوێنێت و هەروەها هەرگیز لەو بڕوایەدا نیم دەست لەدەسەڵات هەڵگرێت، لەهەمان کاتیشدا بەڕای من «بەشار ئەسەد» حاکمی شەرعی نییە بۆ تەواوی «سوریا» ئەمڕۆ «سوریا» لەم هاوکێشەیەدا گیرۆدەبووە و هاوکات بارودۆخێکی سەختە، لەلایەنێکی دیکەوە هەر یەك لەوڵاتانی هەرێمی ئامانجی جیاوازیان هەیە بۆنموونە «عێراق» و «مالیکی» لەوتارەکەیدا لەلوتکەی کۆمکاری عەرەبی بانگەشەی بۆ چاکسازی کردووە نەك بۆ گۆڕینی ڕژێمەکە یان بەخشینی چەك بە ئۆپۆزسیۆن، «عەرەبستانی سعودیە» لەگەڵ بەخشینی چەکە بە ئۆپۆزسیۆن، «تورکیا» داوای بەخشینی یارمەتی دەکات بۆ ئۆپۆزسیۆن یاخود لایەنی کەمەوە لەهەوڵدانە بۆ یارمەتیدانی، هاوکات «حزبوڵلا» لەگەڵ چاکسازیە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا پاڵپشتی لەڕژێمەکەی «ئەسەد» دەکات، هەر بەهۆی ئەم هۆکارانەیشەوە من پێموایە کە «سوریا» بەگشتی لەبارودۆخێکی زۆر سەختدایە، بارودۆخەکە زۆر سەختە لەبەرئەوەی کۆدەنگی نییە لەسەر کەیسەکەی «سوریا» نە لەسەر ئاستی هەرێمی و نە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی )).

کەواتە ئەم بارودۆخەی ئێستا چاوەڕێی دەکرێت کۆمەڵکوژی و پەنابەری زیاتری هاووڵاتیانی سوریایە، بۆیە سەبارەت بەمەترسی پەنابەران پرسیارمان لەپرۆفیسۆر سۆزانە مانگانان ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی مەدرید و تایبەتمەند لەسەر سوریا و ئەردەن کرد و لەلێدوانێکی تایبەت بەگوڵان بەمجۆرە هاتە ئاخاوتن:(هاووڵاتیانی سوریا بەزۆرەملیٚ و بەزەبری هێز و توندوتیژی ناچاربوونە ڕێوشوێنی خۆیان جێبهێڵن و ڕابکەن لەپێناو ڕزگارکردنی ژیانیان، هەربۆیە ئەو خەڵکە لەڕوانگەی جیهانەوە پێیان دەوترێت «پەنابەران»، ئەوانە پەنابەرن و هەڵبەتە کێشەکە تەنیا بۆ «تورکیا» و «لوبنان» و «ئوردون» نییە لەبەرئەوەی کێشە و گرفتی دیکە هەیە، بۆنموونە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو پەنابەرانە دەکرێت؟ جگە لەخۆراك و ئاو و ئاوەڕۆ و خزمەتگوزارییەکان ئایا چی دەکرێت بۆ جێبەجێکردنی خواست و داواکاریەکانیان؟



ڕۆبەرت ڕابیل بۆ گوڵان:

## مەرج نییە ئۆپۆزسیۆن تەنیا بەچەک ڕووبەڕووی ڕژێمەکەی ئەسەد بێتەوە، پێویستە ڕێگەچارەی دیکە بدۆزێتەوە

لەلایەنێکی دیکەوە ئەو خەڵکە پێویستییان بەچاودێریی پزیشکی هەیە و ئەم فشارە تەنیا لەسەر «تورکیا» نییە، بەڵکو «تورکیا» و «لوبنان» و «ئوردن»یش کەوتوونەتە ژێر باری فشارێکی گەورەوە، ڕاستە کە حکومەتی «لوبنانی» لەلایەکەوە و بەهۆی باکگراوندی مێژوویی و لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پاڵپشتی لەڕژێمەکەی «ئەسەد» دەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕژێمەکەی «ئەسەد» مسداقییەتی لەدەستداوە، نەك تەنیا خۆی، بەڵکو هەروەها حکومەتەکەی و خێزانەکەیشی، هەربۆیە من پێموایە کە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵوێستی زۆر توند لەدژی ڕژێمەکەی «ئەسەد» وەرگرێت، بەڵام پێموایە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مەترسیی هەیە لەگۆڕینی «ئەسەد» بەڕژێمێکی دیکە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵستا بەدانانی هاوپەیمانێك لە»ئەفغانستان» لەڕێگەی دەستنیشانکردنی «حامد کەرەزای»، بۆیە بەڕای من کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نازانێت چی لەڕژێمەکەی «ئەسەد» بکات لەبەرئەوەی دەترسن «ئیخوانی موسلمین» جێگەی «ئەسەد» بگرن لە»سوریا»، لەلایەنێکی دیکەوە فشاری هەرێمی لەئارادا هەیە بۆنموونە «سوریا» هەمیشە توانیویەتی «حەماس» کۆنترۆڵ بکات هەروەها «حزبوڵلا»یش لە»لوبنان»، لەلایەنێکی دیکەوە «سوریا» پێوەندیی پتەوی لەگەڵ «تورکیا» هەیە تەنانەت پێوەندیی بازرگانیش لەنێوانیاندا هەیە، هەروەها وڵاتانی دیکەش لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەرژەوەندییان هەیە لە»سوریا» بۆنموونە «روسیا» و «چین» و تەنانەت «ئیسرائیل»یش لەبەرئەوەی «ئیسرائیل»یش بەرژەوەندیی لە»سوریا» هەیە، هەربۆیە من پێموایە کە ئەمانە هۆکار بوونە لەپشت نەجووڵانەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەدژی ڕژێمەکەی «ئەسەد» و لەبەر ئەمەیە کە تاکو ئێستا هەڵوێستی توندی لەدژی وەرنەگرتووە و هیچ ناکات. هەربۆیە بارودۆخەکە زۆر هەستیارە نەك تەنیا بۆ «سوریا»، بەڵکو بۆ تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڕای من بارودۆخی «سوریا» ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە دیکتاتۆرییەت لەو وڵاتانەدا بەکۆتابێن، ئەمڕۆ هاووڵاتیانی «سوریا» مەینەتییەکی زۆر دەچێژن بەهۆی سەرپێچی لەمافەکانی مرۆڤ، ئەمەیش شتێکە کە ئێمەی ڕۆژئاوایی تێیناگەین و نازانین چۆن سەرۆکێك پێداگری دەکات لەسەر مانەوەی لەسەر تەختی دەسەڵات لەکاتێکدا کە هاووڵاتیان داوای لێدەکەن دەسەڵات بەجێبهێڵێت، هەربۆیەیش پێویستە بڕوات و دەسەڵاتەکەی بەجێبهێڵێت، لەلایەنێکی دیکەوە من لەوە بەئاگام کە ئەم جۆرە بارودۆخانە تەنیا لە»سوریا» نییە، بەڵکو لەزۆربەی وڵاتانی عەرەبی ڕوویداوە تەنانەت لە»عەرەبستانی سعودیە» و هەروەها بە»قەتەڕ»یشەوە، ئەم دوو وڵاتە زۆر هاندەر بوونە بۆ ڕووخانی دیکتاتۆرەکان بۆنموونە «موبارەك» و «قەزافی» و «ئەسەد» بەڵام بەخۆیان بەهیچ شێوەیەك ئامادەنین لیبرالیزمی سیاسی لەوڵاتەکانی خۆیاندا وەدیبێنن، بۆیە ئەمە جێگەی پرسیارە: بۆچی

وڵاتـــان داوای گۆڕانکاری لە»ســـوریا» دەکـــەن لەکاتێکدا ئامادەنیـــن لەوڵاتەکانی خۆیانـــدا هەڵبژاردنی کراوە و دیموکراســـی ئەنجامبدرێت؟ بەڕای من «سوریا» پشتی هەندێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتە بۆنموونە «ئێـــران» و «تورکیا»، هاوکات پێموایە کارئەکتـــەری گەورەتر لەناوچەکەدا هەیـــە بۆنموونـــە «روســـیا» و «چین»، بارودۆخەکانی «سوریا» هەڵوێستی وڵاتانی ئاشکراکرد و ســـەلماندنی کە بەرژەوەندییان هەیـــە لە»ســـوریا»، هەربۆیە لێرەیشـــدا پرسیارێکی دیکەی گرنگ دێتەئاراوە: ئایا بۆچی «ناتۆ» دەســـتێوەردانی لە»لیبیا» کـــرد، بەڵام بەهیچ شـــێوەیەك بایەخ نادات بەدەســـتێوەردن لەکەیســـەکەی «ســـوریا» لـــەڕووی ڕەوانەکردنـــی یارمەتیی مرۆیی یاخـــود هێزی ســـەربازی بۆ «ســـوریا»؟ ئەمە پرســـیارە کـــە پێویســـتە بیکەین: بۆ ئێمە لەڕۆژئـــاوا-وە چووین بۆ یارمەتیدانی هاووڵاتیانـــی «لیبیـــا»، بـــەڵام نارۆین یارمەتیی هاووڵاتیانی سوریا بدەین؟)).

**ڕووخانی ڕژێم و سوریای دوای ئەسەد**

لەگەڵ ئـــەوەی ڕووخانی ڕژێمی ئەســـەد بەپێی بۆچوونی زۆربەی چاودێران کارێکی ئاسان نییە، بەڵام زوو یادرەنگ بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و ڕژێمی ئەسەد هەر دەڕووخێت، لەم گۆڕانکاریەشـــدا کورد یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکیەکانی سوریا، بەڵام ئێستاشـــی لەگەڵدا بێت هەموو مافەکانی زەوتنەکـــراوە، بۆیە لەم ڕاســـتە زۆر گرنگە ئاراســـتەی گۆڕانگاری لەسوریا بەو جۆرە بێت کـــە مافەکانـــی کورد بســـەلمێنرێت، ســـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیســـۆر ڕۆبەرت ڕابیل لەدرێـــژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان و سەبارەت بەچارەنووسی کورد لەم ئاڵۆزییەدا وتی: (ســـەبارەت بەڕووخانی «ئەســـەد» پێشـــبینی ناکـــەم بەمزووانە «ئەســـەد» بڕووخێت، لەوانەیە دەســـت لەکاربکێشێتەوە، بەڵام باوەڕناکەم ڕژێمەکە بڕوات، من لەگەڵ ئەوەم کە ڕژێمەکە لەرزۆك بووە، بەڵام هێشتا ژیانی مـــاوە، بەواتای پێشـــبینی دەکرێت بۆماوەیەکـــی زیاتر لەدەســـەڵات بمێنێتەوە، هەربۆیە پێشبینی ناکەم بەم زووانە بڕووخێت، ئەگەرێکی دوور هەیە «ئەســـەد» بکەوێتە ژێر فشـــاری گرووپـــی «عەلەوییەکان»، بەڕای من ئەم شـــتە قەت ڕوونادات، بەڵام هەروەك ئاماژەمپێکرد باوەڕناکەم ڕژێمەکەی «ئەسەد» بەمزووانە بڕووخێت. بەڵام ئەگەر ســـەبارەت بەبارودۆخی کورد دوای ڕژێمی ئەســـەد قســـە بکەین، مـــن پێموایە کورد دەگات بەمافـــە مەدەنی و سیاســـییەکانی لەبەر ئەوەی هەر لەڕابـــردووەوە ڕژێمەکەی «ئەســـەد» هەوڵیدابوو بۆ بەخشینی مافی بەهاووڵاتیبـــوون بە کوردەکان، «ئەســـەد» پێشـــوەختە ئەو بەڵێنەی دابوو، بەڵام نازانم تاچەند جێبەجێی دەکات، بەڵام ڕژێمەکەی «ئەسەد» پێشوەختە بەڵێنیداوە بەبەخشینی مافەکانی کـــورد، لەلایەنێکـــی دیکەوە و ســـەبارەت بەئۆپۆزســـیۆنەکەی «سوریا» بەڕای من پێویســـتە ئۆپۆزســـیۆن هەموو مافـــەکان بۆ کورد فەراهـــەم بکات، بەڵام بەیەکســـانی، مەبەســـتم لەوەدایە کە تەنیا کـــورد نییە، بەڵکو کرســـتیان لەئارادا هەیە هەروەها لەگەڵ عەلەویەکان و ســـوننە-یش،



سۆزانە مانگانان بۆ گوڵان:

## کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەترسێت لەوەی ئیخوانی موسلمین جێگەی ڕژێمەکەی ئەسەد بگرێتەوە لە سوریا

خۆی لەخۆیدا پێویســـتە بەم شێوەیە بێت و پێموایە کە ئۆپۆزسیۆن بەرەو ئەو ئاڕاستەیە کاردەکات، بەڵام بـــۆ حاڵی حازر و هەروەك پێشـــتریش ئاماژەمپێکرد من لەو بڕوایەدانیم ڕژێمەکەی «ئەســـەد» بەمزووانە بڕووخێت و هـــاوکات باوەڕناکەم ئۆپۆزســـیۆنەکەی «ســـوریا»یش زوو بڕووخێـــت لەبەرئەوەی بەردەوامە لەبەرگری، ڕاســـتە تاکو ئەمڕۆ مەینەتییەکـــی زۆری چێشـــتووە، بـــەڵام پێویســـتە بەردەوام بێت لەتێکۆشان و خۆی یەکگرتووتـــر بکات و زیاتر خۆی ڕێکبخات و یـــەك دەنگـــی هەبێت، وێـــڕای چەندین لایەنی دیکە کە پێویستە ئۆپۆزسیۆن کاری لەســـەر بکات، بەڵام مەرج نییە ئۆپۆزسیۆن تەنیا بەچەك ڕووبـــەڕووی ڕژێمەکە بێتەوە لەبەرئەوەی چەندین ڕێگەچارەی دیکە هەیە بۆ وەســـتان لەدژی ڕژێمەکەی «ئەسەد»، هەربۆیە پێویستە لەســـەر ئۆپۆزسیۆنەکەی «سوریا» ڕێگەچارەی دیکە بدۆزێتەوە.))

پرۆفیســـۆر ســـۆزانا-ش لەســـەر ئەم پرسە بەهەســـتیاری قســـە دەکات و ئەو پرسیارە دەوروژێنێت بۆچی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایەوێـــت ڕژێمـــی ئەســـەد بڕووخێت، لەم چوارچێوەیـــەدا لەدرێـــژەی لێدوانەکەیـــدا بەگوڵانی ڕاگەیاند: (من تێناگەم و نازانم بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەردەوامە لەپێدانی ئۆکســـجین بەئەسەد و ژیانی پێدەبەخشێتەوە و هیچ هەڵوێســـتێکی نییە، ئەمە لەکاتێکدا «ئەســـەد» ئامـــادە نییـــە بەڵێنەکانـــی جێبەجێبـــکات و بەهیچ شـــێوەیەك پابەند نەبووە بەجێبەجێکردنی، تەنانەت لەپارساڵەوە لەمانگی ئـــاداری ٢٠١١ـەوە بەڵێنی دابوو، بەڵام هیچ یـــەك لەبەڵێنەکانـــی جێبەجێ نەکردووە، هەربۆیـــە باوەڕناکەم بارودۆخەکە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بگۆڕێت، لەلایەنێکی دیکەوە مـــن پێموایە کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشتی دیکە سەرقاڵە، بۆنموونە لەویلایەتـــە یەکگرتووەکانـــی ئەمریـــکا هەڵمەتـــی هەڵبژاردنـــەکان بەڕێوەدەچێت و هەروەها لە»فەرەنســـا»یش هەڵبژاردنەکان ئەنجام دەدرێت، «ئیتاڵیا» و «ئســـپانیا» خاوەن هێزێکی ئەوتۆ نیـــن، بەڵام ئەوانیش سەرقاڵن بەقەیرانە ئابوورییەکانیان، هەربۆیە ئەمـــڕۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشـــتی دیکەوە ســـەرقاڵە و ئامادە نییە دەستێوەردان بکات و هێزی ســـەربازی بۆ وڵاتانی دیکە بنێرێت، بەڵام ڕێگەچـــارەی دیکە هەیە بۆ دەســـتێوەردان لەڕووی دابینکردنی چەك بۆ ئۆپۆزســـیۆنی «ســـوری» و ئەو سەرباز و ئەفسەرانەی کە لەسوپا ئینشیقاقیان کردووە، بەڵام باوەڕناکەم گۆڕانکاری لەبارودۆخەکە ڕووبـــدات و لەوبڕوایـــەدا نیم «ئەســـەد» بڕووخێت لەبەرئەوەی «ئەســـەد» بڕیاریداوە دەسەڵات جێنەهێڵێت. ســـەبارەت بەکوردیش هەموو لایـــەك دەزانێ کوردەکانی ســـوریا مافەکانیان پێشـــێلکراوە، بۆیە لەم قۆناخەدا باشـــترە کوردی ســـوریا هەوڵبدەن لەگەڵ حکومەتـــی ئایینده دیالۆگ بکەن و هێزی فشار دروستبکەن بۆئەوەی بتوانن گفتوگۆ لەســـەر داواکارییەکانیان بکەن، بەڕای من ئەوکات کاریگەرییان دەبێت، بەڵام لەوبڕوایەدا نیم کورد بتوانێت یەکسەر ناوچەیەك بۆ خۆی کۆنترۆڵ بکات)).

# بەرەو یەکەمین کۆنگرەی عارەبی بۆ سەرخستنی کێشەی کورد لە هەولێر



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

بەدرێژایـــی ماوەکانـــی ڕابـــردووی خەباتـــی گەلی کورد لـــە عیراقدا، هێزەکانی ســـەر بەتەوژمـــی دیموکراتیخوازیی و پێشـــکەوتنخوازی عارەبی لە عیراقدا لە پـــاڵ مافە ڕەواکانی گەلی کورددا وەســـتاون، ئەمەش لەو بەرنامـــەو پرۆگرامانەی ئـــەو هێزە سیاســـی و دیموکراتیانەدا بەرجەســـتەکرابوونەوە کـــە لە پراکتیدا خەباتی هاوبـــەش و پێکەوەییان هەبووە، یان لەو جەنگ و چالاکییە تێکۆشـــەرانەدا خـــۆی دەدیتەوە کە لە پاش قۆناغی پاشـــایەتی عیراقەوە دەرکەوت، هێزە پێشـــکەوتنخوازە عارەبییەکان هەڵوێســـتی جوامێرانەیان هەبوو چ لە خەبات و چ لە خستنەڕووی دادپەروەریێتی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا، گەرچی هەڵویســـتی فەرمی حکومەتەکانی عارەبانی عیراق و هەموو وڵاتانی عارەبیش بە گشـــتی جۆرێك لە نكۆڵی کردنی تێدا بووە بۆ خەباتی گەلی کورد بە تایبەتی هەڵوێســـتی ناجوامێرانەی قەومییە شۆفینیستەکان و ئیخوان موسلمینەکان بە شێوەیەکی تایبەت، کە هەردەم لە سەنگەری دژایەتی کردنی ئەو مافە ڕەوایەی گەلی کوردا بوون و هەردەم کوردیان بە میلیشیای جوداخوازو بەکرێگیراوی بێگانە بە دنیا ناســـاندووە، بە پێی ئەو پێناســـەیەی دیکتاتۆری لەناوچوو ســـەدام حوسێن بۆ ئەم گەلە ستەمدیدەیەی دارشتبۆوە.

کوردســـتانی عیراق بە درێژایی چاخەکانی ڕابردوو شوێن و پێگەیەکی ئارام بووە بۆ تێکۆشەرانی عارەبی بە تایبەتی ئەوانەیان کە شیوعی یان دیموکراتخوازو پێشکەوتنخوازو سەربەخۆبوون و لە ڕۆژانی خەباتیاندا لە تاو جەورو ســـتەمی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکان و چەوســـێنەرانی عیراقی هەڵدەهاتن و کورستان داڵدەی دەدان، لە ماوەی سەرەتاکانی فەرمانڕەوایەتی بەعسییەوە گەلانی ئەم وڵاتە لە ســـاڵی ١٩٦٣وە و دوای ئەوەش تا ماوەی ١٩٦٧-٢٠٠٣ لە ناهەموارترین قۆناغەکانی ستەم و ئازاردان و لە ناوبردن و گەمارۆدان و جینۆســـایدکردن و گۆڕهەڵکەندنی بە کۆمەڵدا بوون دژ بە هەمـــوو ئیتنی و توێـــژە ئازادیخوازانەکەی گەلی عیراق، گەلی کوردیش بەشـــی هەرە زۆری ئەو چەوســـانەوەو رەگەزپەرستی و خوێنڕێژیەی دیکتاتۆریەتی لەعێراقدا بەنسیب کەوتووە بەتایبەت لەقۆناغی تازەی هاتنە ســـەر حوکمی حزبی بەعس بۆ ســـەر دەســـەلات کە ٣٥ ســـاڵ درێژەی هەبووە، بیرو ئارەزووی چاوچنۆکانەی دیکتاتۆر لە پیادەکردنی سیاسەتەکەیدا کۆدەبۆوە کە بەرنامەڕێژی بوو بۆ پاکتاوکردنی کێشـــەی کوردو بزاڤـــی ڕزگاریخوازی کوردســـتان هەر لەســـەرەتاوە بەپلانێکی ڕەشـــەوە هەوڵی تیرۆرکردنی مەلا مســـتەفای بارزانییان دا کە تێیدا شکستخواردوو بوون، دواتر بەرنامەی پیلانێکی نێودەوڵەتیان بەناوی ڕێکەوتنامەی جەزائیر دارشـــتەوە کە لەنێوان شای ئێران و ســـەدام حوسێن ســـاڵی ١٩٧٥ مۆرکرا بۆ پاکتاوکردنی بزاڤی رزگاریخوازی کوردو هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان لە عێراقدا، دواتر ئەم ستەمکارییە زیاتر پەرەی سەند لەقۆناغەکانی داهاتوودا، کاتێك پرۆســـەکانی ئەنفـــال و کیمیا بارانکردنـــی هەڵەبجەی لێکەوتەوە کە بەهەقی مرۆڤایەتی تاوانی کۆمەڵکوژییە کە تێیدا زیاتـــر لە ١٨٢ هەزار مرۆڤ لەهەمـــوو تەمەنەکاندا لەمنداڵەوە تـــا ئافرەت و پیر زیندە بەچاڵ کـــران، وێڕای کۆڕەوێکی چەند ملیۆنی گەلی کورد لەبەهاری ســـاڵی ١٩٩١ کە لەتاو ستەمی دیکتاتۆریەتی عێراق بەرەو ســـنوورەکانی تورکیاو ئێران هەڵهاتن، ئەوەشـــمان لەبیر نەچێت کە چی بەسەر کوردە فەیلیەکاندا هات کە هەموویان دەچنـــە قاڵبی تاوانی دژە مرۆڤایەتیەوە، بەنموونە دەرکردنـــی بەزۆردارەکـــی و تالانکردنـــی ماڵیان و کوشـــتنی گەنجەکانیـــان بەبێ هیچ بیانوو یان هۆیـــەك، ئەگەر عەرەبی ناوەندو باشوورو بەغدا چەوسابێتنەوە، ئەوا فەیلیەکان بەهەنجەتی تەبەعییەبوونیان بۆ ئێران و لەساڵی ١٩٨٠ لەناو بران هەروەها لە ڕاپەڕینی ١٩٩١ یشدا ڕژێمی دیکتاتۆر بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نەدەهاتەوە ئەگەر بهاتایە بەسیاسەتە دوژمنکاریەکەی ڕژێمەکەی ڕەزامەند نەبوونایە. خەباتی گەلی کورد لەهەرێمی کوردســـتانی عێراقدا بەپاڵپشتی هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی درێژەی هەبوو کاتێك هێڵێکی پارێزگاریکردنیان دانا بۆیان تاکو سوپای دیکتاتۆر ئەو هێڵـــە نەبەزێنێت و گەلی کورد جینۆســـاید نەکاتەوە، ئەمە بووە هۆی ئەوەی هەندێك ناوچەی هەرێم لەژێر دەســـتی ســـتەمی سەدامییەکان لەدوای نەوەدەکانەوە رزگاریان بێت ئیترکاتێك گەلی کورد هەرێمێکی فیدرالی لەچوارچێوەی کۆماری عێراقدا ساڵی ١٩٩٢ دامەزراند، ســـەرکەوتنی یەکجارەکیـــش بەروخاندنی ئەو رژێمە هاتە پێشـــەوە کاتێك لەساڵی ٢٠٠٣ دا بەتەواوەتی رژێمی سەدامی گۆڕبە گۆڕچوو، دواتر لەساڵی ٢٠٠٥ توانرا مەبدەئی فیدرالیەتی کوردســـتان لەدەســـتووری عێراقیدا بچەســـپێنرێت. لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٤ دا کۆمەڵێك لە رۆشنبیرانی عەرەبی لەعێراقدا بەدەستپێشخەری قازی سوهێل کازم عەبود کۆمکاری عەرەبی بۆ سەرخستنی دۆزی کورد دامەزرا، لەیەکەمین بەیانی دامەزراندنیـــدا ئـــەم پەرەگرافە هات:(گەلی کـــورد لەئاکامی سیاسەتی شـــۆڤێنی دەسەلاتە داپلۆســـێنەرەکانی ئەو وڵاتانەی بەسەریدا دابەشـــکراوە، موعاناتی زۆری چەشتووە کە بەهۆیەوە زەوی و زمـــان و کەیانی ئەم گەلە پەرت پـــەرت بووەو ژیانیان لێ کرایە زوخاڵ، پێوەندی ئینســـانانەی نێـــوان هەردوو گەلی کـــوردو عەرەب بەردەوام پتەوو توندو تۆڵ بووە عەرەبەکانی خاوەن ویـــژدان داکۆکیان لەمافەکانی ئەم گەلە کـــردووە ..) بەیانەکە زیاتر جەخت دەکاتەوە لەســـەر کوردو کە چۆن بەرگری لەخۆی کردووە لەدژی هەموو ئەو دەســـەڵاتانەی کە مافی سیاســـییان لـــێ زەوت کردووە، هەروەها دژ بەو هێزانەش راوەســـتاوەتەوە کە دەســـتیان لەناو دەستی هێزە داگیرکارەکان ناوە، هاوکات بەیانەکە کۆمەڵێك ئەرکـــی ئەم کۆمکارەی لەم پەڕەگرافەدا کۆکرتۆتەوە، ((کۆمـــکاری عەرەبی بۆ سەرخســـتنی دۆزی کورد لەهەوڵی بەردەوامدایە تا رەگی شـــۆڤێنیەت لەنـــاو عەرەبدا هەڵکەنێت کە بەهۆی کلتـــووری دیکتاتۆرانەی دەســـەڵاتدارانەوە چێنراوە بۆ لەناو بردنـــی مافی نەتەوەکانی تر، ئەم کۆمـــکارە هەموو ئەو رووداوو بەســـەرهاتە جەرگبڕانە دەخاتە روو کە دژ بەگەلی کورد ئەنجامدراون، هەروەها لەدژی جەنگ و ئەو کوشتارە دەوەستێتەوە کە دەســـەڵاتە شـــۆڤێنی و توندڕەوە قەومیەکان لەدژی گەلان پیادەی دەکەن .

هەروەها کۆمکارە عارەبییەکە دژ بە هەموو کەلتوورێکی ڕاسیزمانەو ڕووخێنەرانە دەوەستێتەوە کە کەلێن و درز دەخاتە نێوان گەلانەوە یان مافە ڕەواکانیان بە هۆیەوە دەلەوتێنێت، دواتر لە هەوڵدایە بۆ زامن کردنی ژیانێکی مەدەنیانەی دوور لە پەڕگیرێتی، ددانپیانانی مافەکانی کەسانی تر بنەمایەکی بنەڕتییە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا بە بێ ئەوەش مافەکان لە کرۆکی حەقیقەتی خۆیان بەتاڵ دەبنەوە، بۆیە کۆمکارەکە لە هەوڵی بەردەوامدایە تا ژمارەی ئەندامانی زیادبکات و لە چالاکییە سیاسی و رۆشنبیرییە کاراکاندا هاوبەشییان پێ بکات، دواتر لە خەباتدایە بۆ ئەوەی وزەو کەسایەتی کارای زیاتر ڕابکێشێت تا لە پێناوی دۆزی کورددا بکەونە کارو چالاکی، لە کۆمکارەکەدا جەخت دەکەینەوە لەوەش کە ئەم کۆمکارە نە حزبە و نە ئەنجومەنێکی سیاسی و نە سەر بە هیچ لایەنێکیشە بەڵکو پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی نێوان هەردوو گەلی کوردو عارەب توندو تۆڵ دەکات.

بە سەدان تێکۆشەرانی پیاوو ئافرەت واژۆی خۆیان لەسەر ئەم بەیانە کردووەو لە لایەن جەماوەرێکی بێشوماری عارەبی و نەتەوەکانی تری وەك تورکمان و کلدانیشەوە پشتگیری لێ کراوە، لە ماوەی ساڵانی پێشوودا بە کۆمەڵێك بەیان و سازدانی سیمینارو پێشکەشکردنی کۆڕو کۆبوونەوەوە هەروەها بە نووسینی وتارو لێکۆڵینەوەی پشتگیری لێکردنەوە ئەندامانی ئەم کۆمکارە کاریان کردووە، کە بە تەنیا خەمیان لە کوردانی هەرێمی کوردستانی عیراق نەخواردووە، بەڵکە خەمی هەموو کوردانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کوردە فەیلیەکانیشدا بوون و تەوەری کارو چالاکییان بوون. لە ماوەی ساڵانی رابردووەوە دەرفەت نەهاتۆتە پێشەوە ئەم کۆمکارە کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی سازبدات بۆیە کۆنگرەکانی ئەندامەکانی دەستەی دامەزرێنەر تەنیا لەڕێگای نامە ئەلەکترۆنیەکان و یەکتر بینینی خۆبەخۆوە بووە، چونکە دەرفەتیان بۆ دروستنەبووە هەڵبژاردن ئەنجام بدەن کە بەهۆیەوە پەرە بەم کارە مرۆڤایەتیانەوە بدەن، لەزستانی ئەمساڵی ٢٠١٢ دا ئەمینداریێتی گشتی کۆمکار بە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان راگەیاند تاکو سەرۆکایەتی هەرێم بانگێشتیان بکات بۆ یەکەمین کۆنگرەی دامەزراندن لەهەولێر،ئەوە بوو لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە رەزامەندی لەسەر دراوە تا لە رۆژانی ٤ -٥ی ٥ /٢٠١٢ لەهەولێر ئەم کۆنگرەیە سازبدرێت، ئەمینداریێتی گشتی داوەتنامەی بۆ ٩٠ کەسایەتی عەرەبی لە ئافرەت و پیاو چ لەناوەوە یا لەدەرەوەی عێراق بەتایبەت کەسایەتیەکانی تاراوگە تا لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بن و لەدانیشتنی کردنەوەی کۆنگرەشدا زۆر کەسایەتی تورکمانی و کلدانی و عەرەبی ناو عێراقیش بانگێشت دەکرێن، ئەم کۆمکارە لەماوەکانی داهاتوودا کۆمەڵێك ئەرکی پێ دەسپێردرێت کە لەبەرنامەیەکی رێکوپێکدا دادەڕێژرێتەوە تا لەکۆنگرەدا گفتۆگۆ لەگەڵ ئەمینداریێتی گشتی و چوار کۆمێنتدا بکەن کە ئەندامانی ئەمینداریێتی ئامادەن گفتوگۆی لەسەر بکەن، لەسەرەتای ئەو بابەتانەوە بایەخدانی خێراو بەپەلەی کۆمکارە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە هەڵپەسێردراوەکانی حکومەتی ناوەندی و هەرێم بەپێی دەستوور لەمیانەی کۆمەڵێك یاسای رێکخراوەوە کە پێوەندی نێوان هەردوو حکومەتی هەولێرو بەغدا بە پێی یاسایەك ڕێك دەخاتەوەو چارەسەریش بۆ ناوچەکانی جێی ناکۆکی بە پێی بەندەکانی ماددەی ١٤٠ی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ دەدۆزێتەوەو هەموو ئەو بەربەستانەش لەسەر رێ هەڵدەگرێت کەلە ڕژێمی فاشی پێشووەوە مابوونەوە بە بێ ئەو چارەسەرییانە گرفتی زۆر لە نێوان هەردوو حکومەتی ناوەندی و هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوەو ئەزموونی حوکمی فیدراڵی لاسەنگ دەبێت، ئێستا زۆر لە بەرپرسانی بە ئاڕاستەی مەرکەزییەت کردنی فەرمانڕەوایەتیدا هەموو ئاستەکان بەڕێوەدەبەن، لە کاتێکدا پێویستە لەسەر بنەڕەتی دانوستاندنی ئاشتیخوازانەی دوور لە ململانێی سەربازی ئەم کارانە بکەن تا بە شێوەی حوکمی فاشییانەی پێشوو نەچن..

کۆمکارە عارەبییەکە ئەرکی سەرەکی بەرگریکردنێکی ئاشتییانەیە لە مافە پێشێلکراوەکانی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کە دابەشکراون بەسەر تورکیاو ئیران و سوریاو عیراقیشدا چونکە لەو بەشانەدا هێشتا مافەکانی ئەو گەلە لەمپەڕی زۆریان خراوەتە پێش لەوانەش:

بەهۆی پیادەکردنی سیاسەتی نکۆڵی کردن لە مافەکانی ئیتنییەکان ساڵانێکی زۆرە لە هەندێك بەشی کوردستان خەباتی چەکداریی دەکرێت بۆ وەدەستهێنانی ئەو مافانە کاری کۆمکارەکەمان ئەوەیە قەناعەت بکەن بە حکوماتەکان و گەلان تا دوور بکەونەوە لە بەکارهێنانی هێزو چەك لە یەکلایی کردنەوەی داوا رەواکانی گەلی کوردو بچنە ناو دانوستاندنەوە لەگەڵ هێزە سیاسییە کاراکانی ئەو گەلە چەوساوەیەدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان، دەکرێت ئەزموونی عیراق بە نموونە وەربگرن لە چەسپاندنی فیدرالیەت هەر بەشەو بەو شێوەیە هەر چۆنێك لەگەڵ داخوازییە رەواکانیدا دەگونجێت و بە ئاڕاستەی یەکێتی گەلی کورد سەرتاسەرییانە بچێت.

سەردەمی تازە ئەوە ڕەت دەکاتەوە حکوماتەکان داخوازی ڕەوای گەلان بلەوتێنن و بە پێی پرەنسیپەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بێت گەلان مافی خۆیانە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن وەك لە مافەکانی مرۆڤیشدا ئەم حاڵەتەچەسپێنراوە، مافە کەلتووری و نەتەوەیی و کارگێڕییەکانی هەر گەلێك لە گەلان سەوابتەو نابێت تێپەڕێنرێت پێویستە لەسەر هەموو حکوماتی دنیا ڕێزی لێ بگرن.

گەلی کورد لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە کاتێ گەلان ئازادییان بەدەست دەهێنا لە پێناوی مافە ڕەواکانیاندا خەباتی هەمە چەشنەیان کردووە، حکوماتە یەك لە دوا یەکەکانی عیراقیش لەبری وەڵامدانەوەی داخوازییە ڕەواکانی ئەو گەلە بەردەوام بە سیاسەتی ئاگرو چەك و سووتاندن وەڵامی داونەتەوەو کە زیانێکی زۆر بە هەردوو گەلی کوردو عارەبیش لەم ڕەوەوە کەوتووەو دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٨٠ ساڵ بەسەر دروست بوونی دەوڵەتی عیراقیدا گەلی کوردی ئەم بەشەی لە عیراقدایە توانییان لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقیدا فیدرالیەت ڕابگەیەنن، دەکرا ئەو هەموو خوێن و فرمێسکە نەڕێژرانایە گەر حکوماتەکانی پێشووی عیراق ئەم لۆژیکەی ئێستایان زووتر بەکار بهێنایە. ئەو حەکایەتە کۆنەم وەیاد دێنێتەوە کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حاڵەتێك ناچارە عەقڵ بکاتە داوەری، وەك چیرۆکی ئەو پیاوەی دادگا بە یەکێك لەم حوکمانە دادگایی کردو پێویست بوو لەسەری یەکیان هەڵبژێرێت، سەد خازووقە یان سەد جەڵدلێدان یان سەد دینار، جەڵدەکەی هەڵبژارد لە ترسی تەورو لە خۆشەویستی پارەدا بەڵام نەیتوانی بەرگەی دە جەڵدە بگرێت لە تاواندا لە خۆشەویستی پارە خازووقەی هەڵبژارد لە دوای یەك بەرکەوتنی کلکەخازووقەدا هاواری لێ هەستاو ناچار بوو سەد لیرەی زێڕ بدات دوای ئەوەی هەردوو سزاکەی تری نۆشی، ئەمەیە حاڵی ئەو حکوماتانەی بە رەفزەوە وەڵامی دەنگی عەقڵ دەدەنەوە، ئەوەی ئامادە نییە بە پێستەی مەڕ جزییە بدات ناچار دەبێت مەڕەکە و جزییەکەش بە تەواوی بدات لە یەك کاتتدا..

**هێزە پێشکەوتنخوازە عارەبییەکان هەڵوێستی جوامێرانەیان هەبوو چ لە خەبات و چ لە خستنەڕووی دادپەروەرێتی مافی چارەی خۆنووسینی گەلی کورددا، گەرچی هەڵوێستی فەرمی حکومەتەکانی عارەبانی عیراق و هەموو وڵاتانی عارەبیش بە گشتی جۆرێک لە نکۆڵی کردنی تێدا بووە بۆ خەباتی گەلی کورد**

**لە کۆمکارەکەدا جەخت دەکەینەوە لەوەش کە ئەم کۆمکارە نە حزبە و نە ئەنجومەنێکی سیاسی و نە سەر بە هیچ لایەنێکیشە بەڵکو پێوەندییە مرۆڤایەتییەکانی نێوان هەردوو گەلی کوردو عارەب توندو تۆڵ دەکات**